کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

بۆ هەموو جۆرە کتێبێك

فەیسبووك:

www.facebook.com/kurdishbookdownload

خالید نیرتوغرول

سیقدا

ئازارەکانی ژیانی لاوێک

سێقدا

ئازارەکانی ژیانی لاوێك

سێڤدا

ئازارەکانی ژیانی لاوێك

نووسەر : خالید ئێرتوغرول

وەرگێڕ : پێشڕەو هیوا احمد

داڕشتنەوەی: بەهرە محمدعلی

نۆبەی چاپ : یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (٢٨٧٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

www.ara-m.com
ara.m@hotmail.com

0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا - سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد

سێقدا

ئازارەکانی ژیانی لاوێك

نووسینی

خالید ئێرتوغرول

وەرگێڕانی

پێشڕەو هیوا احمد

چاپی یەکەم

١٤٣٤ ك - ٢٠١٣ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی نووسەر

ئەم کتێبە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە. بەڵام لەسەر داوای ئەو کەسانەی بەشێکن لە چیرۆکەکە ناوی خوازراو بەکارهێنراوە.

ئەم ڕووداوە کەم وێنانەم ڕاستەوخۆ لە زمانی شایەتحاڵی ڕووداوەکانەوە وەرگرتوە و سەر لەنوێ دامڕشتوونەتەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری تێدا بکەم.

ئەم کتێبە باسی ژیانی پڕ دەرد و مەینەتی کچێکی عازەب دەکات کە شوێن خەیاڵ و ئارەزووەکانی کەوتووە.

زجیرەی ڕووداوەکان هێندە کاریگەر و ناوازەن لەکاتی خوێندنەوەیاندا سەرسام دەبن و ناتوانن فرمێسکەکانتان ڕابگرن. لەوەش گرنگتر لەبەرامبەر ئەم هەموو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرانەی ژیاندا هەست دەکەیت کاتی ئەوەیە چاوێك بەژیانی خۆتدا بخشێنیتەوە، بەتایبەتی کاتێك تێگەیشتی خۆشەویستی و عەشقی هەڵە، یان دەوروبەری خراپ چۆن مرۆڤ لەناودەبەن.

ئەم بەرهەمە چیرۆکێکی پڕ لە پەند و وانەیە و دوورە لە هەموو هەڵبەستراوێك، ڕووداوەکان چۆن ڕوویاندابێت ئاوا نووسراون. لەبەر ئەم هۆیەشە نابێت لەڕووی ئەدەبییەوە وەك ڕۆمان و چیرۆك هەڵبسەنگێنرێت.

ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە لەنێو داڕووخانی مەعنەویدان، بەتایبەتیش گەنجان، لە ڕێگەی پیشاندانی نموونەی زیندوو و پڕ پەند و خستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشەکان و، ڕووبەڕوو کردنەوەی کەسەکە لەگەڵ ڕووی ڕاستەقینەی دروستبوونیدا.

کتێبەکە خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی کردووەتە ئامانج. لەبەر ئەوە هەوڵدراوە کە لە نووسینیدا شێوازێکی سادەو ڕەوان بەکاربهێنرێت و، لەبری ئەوەی ڕۆمان یان چیرۆك بێت کۆمەڵە ڕووداوێکە لە ڕاستییەکانی ژیان وەرگیراون و پەیامێکیشە بۆ ژیان.

دڵنیاشین لەگەڵ خوێندنەوەیدا، هەوڵ دەدەن هاوڕێکانیشتان بیخوێننەوە.

ئەگەر دەتانەوێت خۆتان لە ئاوێنەی ژیاندا ببیننەوە، تکایە فەرموون...

خالید ئیرتوغرول

تەلەفۆنێکی پڕ نهێنی

ڕۆژێکی یەك شەممە بوو. سەر مێزەکەم پڕ بوو لەو نامە پڕ مانایانەی لە خوێنەرەکانمەوە بۆم دەهاتن و بەڕاستی لە ناویاندا نوقم بووبووم، لەناو دونیای پڕ نهێنی و بە ئازاری ئەو چیرۆکانەدا بە دەنگی تەلەفۆنێك بەئاگا هاتم. ئەوەی قسەی لەگەڵدا کردم خاتوونێك بوو هێندە بە جۆش و خرۆشەوە قسەی لەگەڵدا کردم هەستم کرد خەریکە دڵی دەوەستێت.

بە دەنگێکی پچڕ پچڕ دەستی کرد بە قسەکردن:

- ببوورە، من تەلەفۆنم بۆ خالید ئیرتوغرولّ کردبوو.

منیش بۆ ئەوەی کەمێك بێتەوە سەر خۆی وتم:

- کام خالید ئیرتوغرولّ؟

- خالید ئیرتوغرولّی نووسەر، ئەوەی ڕۆمانەکانی محمدی دوزجەیی و ئایسێلی نووسیوە.

- فەرموون من خالید ئیرتوغرولّم.

هەر ئەوەندەم وت، بەدەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی:

- ئەوە ئێوەن مامۆستا، بڕوا بکە ئێستا خەریکە دڵم دەوەستێت.

- بەڵێ دیارە، بەڵام پێویست بەوە ناکات، چونکە منیش مرۆڤێکی ئاساییم، تاکە جیاوازیمان ئەوەیە من نووسەرم و ئێوە خوێنەر.

پێش ئەوەی باسی خۆی بکات هەندێك پرسیارم لێ کرد بۆ ئەوەی بێتەوە سەر خۆی، کە هەستم کرد خۆی کۆکردوەتەوە ئەوکات وتم:

- ئێستا فەرموون، گوێم لێتانە.

ئەویش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

- ئای خوا لە تۆ ڕازی بێت مامۆستا گیان، خەریك بوو دەبوورامەوە و دەکەوتم. باش بوو کەمێك هاتمەوە سەر خۆم.

ماوەیەکی کەمە بەبەرهەمەکانت ئاشنا بووم. بەڕاستی "ئەو پیاوەی لەدووی خۆی دەگەڕێت" و " محمدی دوزجەیی" و "ئایسێل" زۆر کاریان تێکردم. بڕوا بکە بەهۆی ئەوانەوە هێشتا لەسەر خۆم نیم.

لەڕاستیدا نموونەی ئەو ڕووداوانەو بگرە خراپتریش بەسەر خۆمدا هاتوون. بۆیە کاتێك دەیانخوێنمەوە کارم تێدەکەن، هەر دەڵێی لەو کتێبانەدا باست لە ژیانی من کردووە، لە هەموو ڕستەیەکدا ژیانی خۆم دەبینمەوە.

ئەو خانمە نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی بگرێت و دەستی کرد بە گریان، هەم دەگریا و هەم باسی ژیانی خۆی دەکرد، ئەو دەیوت و منیش خەریك بوو جەرگم لەت دەبوو. ئای خوایەگیان ئەوە چ ژیانێك بوو! من توانای گوێگرتنم نەبوو چ جای ئەوەی ئەو ڕووداوانەم بەسەردا بێت! تەنانەت بیرکردنەوەش لەو ڕووداوانە دەیخستمە لەرزین و، دونیای لەبەرچاوم سەرەو ژێر دەکرد.

بەردەوام بوو لە قسەکردن و وتی:

– كە كتێبەكانتم خوێندەوە، بیرم كەوتەوە هەندێك پەیامی گرنگم هەیە پێویستە بە مرۆڤەكان و بەتایبەتی بە گەنجەكانی بگەیەنم، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوود لە ئەزموون و ژیانی پڕ ئازارو مەینەتیم وەربگرن.

پێویستە بەسەرهاتی ژیانی خۆمت بۆ باس بكەم و بە نهێنی نەمێنێتەوە، تا چیتر ڕۆژانە هەزاران كەسی پاك نەكەونە هەمان داوەوە.

من بە موعجیزە لەدەستی ئەو ستەمكارانە ڕزگارم بوو كە بازرگانی بە ناموسی خەڵكەوە دەكەن، لەوانەیە ئەوانەی دەكەونە ئەو داوەوە هێندەی من بەختی ڕزگاربوونیان نەبێت، دەمەوێت باسی هەموو ئەو داوانە بكەم كە تێیان كەوتم، تاوەكو ئەگەر كەمێكیش بێت یارمەتی گەنجەكان بدەم.

مامۆستا، پێویستە شتێك بكەم، من لەناو زەلكاوی ئەو تاوانە نەفرەتیانەدا جوانیم لەدەست چوو. دەمەوێت ببێت بە وانەیەك بۆ ئەوانەی ئارەزووی دنیا پەتی خستوەتە ملیان و هەڵی خەڵەتاندوون، با كەسی تر ئەو ئازارانە نەچێژێت.

ئەم خانمە بە ئاهی هەڵەكانی ڕابردوویەوە دەسووتا، بەسەرهاتی ئەم خانمە كە لەنێو ئازاردا دەتلایەوە زۆر كاری تێكردم. دواییین جار وتی:

– مامۆستا، بۆ ئەوەی هەموو ژیانمتان بۆ باس بكەم بانگهێشتتان دەكەم، ناونیشانەكەت دەدەمێ، چاوەڕێم بەزووترین كات سەردانمان بكەیت، تكایە چاوەڕێتین.

بۆ نووسەرێك لەم هەواڵە خۆشتر دەبێ چی بێت؟ بێ ئەوەی كات بە فیڕۆ بدەم بەڕێ كەوتم.

دوای یەکترناسینێکی کورت، ئەم خانمە بەڕێزە بە جوانی خۆی باجی هەڵەکانی دابوو، دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی.

ئای خوایەگیان ئەم خوشکەمان چی کردووە، زنجیرە ڕووداوێك بوو جەرگی لەت لەت دەکرد، وامدەزانی من گوێگرێك نیم بەڵکو بەشێکم لە ڕووداوەکان.

لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی (سێڤدا) خان باسی دەکردن وەك سەهۆڵ بەستبووم، هەموو ئەوانەش کە گوێیان گرتبوو ئاگایان لە خۆیان نەمابوو، ئەو ڕووداوە پڕ پەند و ترسناکانە پەیامی زۆر گرنگیان بە هەموو کۆمەڵ دەدا.

ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەم یادەوەرییە تاڵانە بخوێنینەوە، دەورویەریش هانبدەین بیخوێننەوە، ئەگەر نا ئەم بەڵایانە لە نزیکترین کاتدا لە دەرگای ئێمەش دەدەن، کاتێك لەو ماڵە دەرچووم هێشتا فرمێسکەکانم وشك نەبووبوونەوە...

لە بەرامبەر ئەم بەسەرهاتەدا من جەرگم دەسووتا و ناخم دەهەژا و دڵم پارچە پارچە دەبوو، بە دڵنیاییەوە ئێوەش خۆتان لەنێو ئەم لاپەڕانەدا ون دەکەن.

بەشی یەکەم

دەڵێن: "هەرشتێك چۆن دەست پێ بكات
هەروا بەردەوام دەبێت" خوا بمان پارێزێت!
ئەگەر ئەم وتەیە وابێت، من کەسێکم پێش
ئەوەی دەستم پێ کردبێت دۆڕاندوومە.
بەداخەوە وا دەردەکەوێت ئەم وتەیە بۆ من
ڕاست دەرچووبێت..

كه چاوم كردەوە يەكەم شتێك بينيم گريانى دايكم بوو

هەر لەدايك بووم ڕووبەڕووی مردن بوومەوە

هەموو ژيانێك چيرۆك و بەسەرهاتی خۆی هەيە، بەڵام ئەوەی بەسەر مندا هات نە چيرۆك دەيگرێتە خۆی نە ئەفسانە.

نازانم چۆن ژيانێكی ئاوام بردۆتەسەر؟ چۆن توانيم لەناو ئەو هەموو ئازارەدا بە ساغی دەربچم؟ بەڕاستی كۆمەڵە ڕووداوێكن لە سنووری لۆژيك دەرچوون و عەقڵ لە ئاستياندا دەوەستێت...

كەسێك خوا نەيمرێنێت نامرێت، لەوانەيە خوای گەورە منی بۆ ئەوە هێشتبێتەوە ببمە دەرس بۆ ئەوانەی دوای خۆم تا ئەوانيش نەكەونە ناو هەمان هەڵەوە.

دەردەسەرييەكانی ژيانم لە لەدايكبوونمەوە دەستيان پێكرد.

دايكی دامـاوم لەبەر ئەوەی باوكم زۆری لێدابوو تووشی خوێن بەربوونێكی قورس بووبوو بۆيە من بە حەوت مانگی لەدايك بووم.

قسەی هەموو دەوروبەرم ئەمە بوو: "ئەم ئافرەتە ، هەم خۆی هەم منداڵەكەی دەمرن، ئاخر كێ بەرگەی ئەو هەموو خوێن بەربوونە دەگرێت؟

خۆ منداڵەکەش بە ناتەواوی لەدایك دەبێت، ئەویش دوای چەند ڕۆژێك دەڕوات." جا ئەو کاتە کوا دکتۆر هەیە؟ با هەشبێت کەس نییە بیبات بۆ لای دکتۆر...

باوکم مەیخۆرێکی سەیر بوو، هەموو ژیانی ئەو بریتی بوو لە خواردنەوە و پارە پەیدا کردن بۆ خواردنەوە. کەسێك بوو ئامادە بوو هەموو شتێك بکاتە قوربانی خواردنەوە، لەبەرئەوە هیچ گوێی بەمن و دایکم نەدەدا.

ئەو بێویژدانە، لەبەرئەوەی نەیتوانیبوو ئەو پارەیەی خێزانەکەی نانی پێ دەکڕێت لێی بسەنێت، ئەو ئافرەتە داماوەی دابووە بەر شەق و زللە، ئەوە لەکاتێکدا کە سکەکەی حەوت مانگ بووە.

بۆیە هیچ قورس نییە پێشبینی ئەوە بکرێت کە چی بەسەر منداڵێکی ناتەواوی وەك مندا دێت، لەکاتێکدا کچی باوکێکی ئاوا خراپ و دایکێکی ئاوا بەدبەخت بم کە ناچاربووە بە چارەنووسی خۆی ڕازی بێت. ئەی ئاشکرا نییە کە داوەکانی ژیان بۆ ئەو کەسانەیە کە بێکەس و بێسەرپەرشتن، ئەوانەی بەسەر منیشدا دەهاتن هەر لەبەر ئەمە بوو...

ئاه دایکە بێچارەکەم، چەند ڕۆژ بەدەست خوێن بەربوون و ئازارەوە نالاندوتە، باوکم کە دەهاتەوە هەر نەیدەوت: "ئەرێ حاڵتان چۆنە؟". دراوسێ خێرخوازەکانمان سەلامەت بن هەر ئەوان دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردین، بەتایبەتی پوورە هاجەر...

دایکم وەك جەنازە وابوو

بەڕاستی خوای گەورە پوورە هاجەری بۆ ئێمە ناردبوو و، کردبووی بە دراوسێی ئێمە. ئەو نەبوایە نازانم حاڵمان چۆن دەبوو!

دایکم ڕزگاری بوو بەڵام چۆن ڕزگاربوونێك؟ بەدرێژایی ژیانی بەدەست کەم خوێنی و نەخۆشی گورچیلەو تەنگەنەفەسییەوە دەینالاند، هەموو ئەو نەخۆشیانەش یادگاری ئەو ڕۆژانەن. ئەگەر بێمە سەر باسی ژیانی خۆیشم، ئەوا چەندین جار لەگەڵ مەرگدا ڕووبەڕوودەبوومەوە، دایکم لە ترسی مردنی من چەندین ڕۆژ فرمێسکی ڕشتووە.

دوای ئەوەی کەمێك پێگەیشتم دیمەنی ئەو خێزانەی لەبەرچاوم بوو زۆر ترسناك بوو: باوکێکم هەبوو چەند ڕۆژ جارێك بەسەرخۆشی خۆی دەکرد بە ماڵدا. بۆیە دەڵێم چەند ڕۆژ جارێك؛ چونکە زۆر جار هەر لەو جێیەی دەیخواردەوە دەمایەوە، کە دەشهاتەوە ماڵەوە قیامەتی بەرپادەکرد. من و دایکمی دەخستە ڕیزەوە بۆ تێهەڵدان، داوای شتی مەحاڵی دەکرد، کە نەماندەتوانی بۆی بکەین، عەقڵی لەدەست دەداو دەبووە تۆپێك لە ئاگر، هەر لەبەر ئەوەش بوو حەزمان نەدەکرد بێتەوە بۆ ماڵەوە. دەمانزانی ئەگەر بێتەوە چی ڕوو دەدات، یان ئەوە بوو دایکمی دەدایە بەر شەق و زللە، یان منی دەکێشا بەم دیوار و بەو دیواردا، دواتریش بێبەزەییانە جێی دەهێشتین.

لە جیهانی منداڵیمدا ئەوەندە دەترسام بیوەستان لەخوا دەپاڕامەوە: "خوایەگیان باوکم بمرێنە با ڕزگارمان بێت."

بیر بکەنەوە، کچێکی تەمەن پێنج ساڵ کە کاتی وابەستەبوونە بە باوکەوە، نزای شەڕ لە باوکی بکات و بڵێت: "خۆزگە بمردایە و ڕزگارمان بوایە."

دایکیشم خەریك بوو لەناو ئازارەکانیدا نغرۆدەبوو، وەك ئەوەی نەخۆشییەکەی خۆی بەس نەبێت، ئەو حاڵەی باوکم لەلایەك و لەلایەکی دیکەیشەوە داواکارییەکانی براکەم تەواو نەدەبوو. ئای خوایەگیان، چۆن دەتوانێت ئەو بارە قورسە هەڵبگرێت! دایکی بێچارەم ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی خراپتر دەبوو، سەرباری ئەوەش بۆ ژیان تێدەکۆشا.

ئای دایەگیان! تۆ چ ڕۆژانێکت بەسەربرد...؟

دایکی ستەم دیدەم کەم خوێنی و، نەبوونی دەرمان و، ڕەنگە زەردە پەڕیوەکەی و، تەنگەنەفەسییەکەی ئەو هەستەی بۆ دروست دەکردین کە بڵێین وا دەخنکێت. لەبەر ئازاری گورچیلەشی حاڵی تەواو تێکچووبوو.

دەردەواری و هەناسەساردی دایکم تەنیا ئەوانە نەبوو بەڵکو خەمی پێداویستی ماڵیشی لەسەربوو. لە خانوویەکی کرێدا بووین، پێویست بوو هەموو ڕۆژێك خواردن لێبنرێت و پێداویستییەکانی ڕۆژانەش ئامادە بکرێن.

ئەی پارە کوا؟

باوکم لەجێی ئەوەی پارەی نانێکمان بۆ پەیدابکات، ئەوەی لە دەستیشماندا بوو دەیبرد و دەڕۆیشت. دایکیشم کە نەیدەتوانی پارە پەیدا بکات، دەچوو لە لای دراوسێکەمان ئاردی دەهێنا دەیکرد بە نان و سکی ئێمەی پێ تێر دەکرد. لەو ساڵانەدا هیچ دەرامەتمان نەبوو، بەڵام ئەوە هەبوو دایکم درووماني باش دەزانی، دراوسێکانیش لەبەر یارمەتیدانی،

هەندێك شتی بچووكیان دەهێناو پێیان دەدووری، بەڵام دایكم ئەوەندە حاڵی خراپ بوو كە نەیدەتوانی ئەوەش بكات.

ئەندامێكی دیكەی خێزانەكەمان، برا گەورەكەم بوو كە دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەو كەسێكی زۆر ژیر بوو، پێگەیشتوویەكەی لەئاست تەمەنیدا نەبوو، پورە هاجەریش زۆر خۆشی دەویست.

هەموو جارێك دەیوت: "ئەم كوڕە پیاوێكی زۆر گەورەی لێ دەردەچێت، بەڵام ئەم كچە مەگەر بەس خودا بزانێت سەری كێ دەخوات!"

ڕابردووی خێزانەكەم

باوكی دایكم لە یوگسلافیاوە هاتووە و لە تورکیا نیشتەجێبووە. لەچوار خوشك و برا دایكم بچووكترینیان بووە و خوشك و براكانی دیكەی زوو ماڵئاواییان لە ژیان كردووە. بەڕاستی مردنی هەر یەكێكیان خۆی بۆ خۆی تراژیدیایەك بووە. نەنكم و باپیرم لە دوای ئەوانەوە وەفاتیان كردووە. كەواتە دایكم كۆتا كەسی ئەو ڕەچەڵەكە بووە، هەرلەبەر ئەوە بوو هیچ كەسی نەبووتا دەردی خۆی بۆ باس بكات و لای بمێنێتەوە.

باوكیشم خەڵكی ئیزمیر بوو، باڵابەرزو قۆز و قژ زەرد بوو، هەر ئەوەیش بوو بو بەڵا بەسەرییەوە، لەبەر ئەوە بوو خواردنەوەو ئافرەت و قومار ژیانی بوون.

دایكم، كە زۆر تووڕە دەبوو لە باوكم پێی دەوت: "شێتی یۆنانی". جا نازانم لە تووڕەییدا وای دەوت یان شتێك هەبوو دەربارەی باوكم

دەیزانی. ئەوەندە دەزانم ئەو کەسێکی زۆر شپرزە و بێهەست و سۆز و بەزەیی بوو، هیچ ترسی خودای لەدڵدا نەبوو.

لای ئەو پیرۆزییەکانی وەك ئایین و بیروباوەڕو ڕەوشت هیچ مانایەکیان نەبوو، هەستی بۆ داب و نەریت و بەهاکان نەبوو، ئەوە خستبوومیە گومانەوە بەرامبەر بە باوکم کە چۆن مرۆڤ ئەوەندە لە داب و نەریتێك دادەبڕێت کە لەناو کۆمەڵگادا هەبووبێت و پێوەی گرێ نەدرابێت و، بگاتە ئەو ڕادەیەی ئاوا بێویژدانانە لەگەڵ خێزانەکەیدا مامەڵە بکات.

ئەو دایکەم کە لە کچێنیدا زۆر جوان بووە، بەهۆی نەخۆشیەکانییەوە چۆکی داداوەو ڕەنگی مردووی لێنیشتووە.

یارمەتییەکانی پوورە هاجەر

ئەو هەموو ناڕەحەتی و ناخۆشی و بێچارەییەی لەماڵی ئێمەدا بوو ئەگەر کەمێکیش بێت پوورە هاجەر لەسەری لا دەبردین.

پوورە هاجەر وەك فریشتە وابوو، وەك ئەوەی ئێمە منداڵی ئەو بین باڵی بۆ کردبووینەوە دەیویست ببێتە دەرمان بۆ دەردەکانمان. ئەو تاکە سەرچاوەی ورەی دایکم و تاکە پشتیوان و جێی ڕازی دایکم بوو. بەردەوام دڵی دایکمی دەدایەوە، پێویستیەکانمانی دابین دەکرد و دەرمانی دەهێنا و دڵی دەداینەوە. جگە لەوەی هەموو مانگێك بەناوی ئەوەی لەملا و ئەولاوە هاتووە، بڕێك پارەی دەداینێ.

لە یادەوەری ئەو ڕۆژانەدا قسەکانی پوورە هاجەرم هەر لەبیرە، کە دەهاتە ماڵمان ئێمەی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و وانەی باوەڕ و قورئانی پێ دەوتین، باسی پێغەمبەرەکەمان ﷺ و ڕۆژی دوایی و

بەندایەتی خوای گەورەی بۆ دەکردین. ئەوەندە چیرۆکی ئایینی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە هەموومان حەزمان لە گوێگرتنی بوو. نوێژ و پەرستش لەوەوە فێربووین. هەموو نزاکانی پێ لەبەرکردبووین، جگە لەوەش کوڕەزایەکی لەتەمەنی مندا هەبوو، کە دەهات ئەویشی دەهێنا، لەگەڵ ئەو یاریم دەکرد، باشترین هاوڕێم بوو.

پوورە هاجەر بەردەوام (پەیامی بیماران)ی بۆ دایکم دەخوێندەوە و هەوڵی دەدا لەبەر ئەو ناڕەحەتی و ناخۆشیانەی تووشی دایکم بووبوو دڵی بداتەوە، وەك گەورەی ماڵەکەی لێ هاتبوو. جار بە جار ئەو چاودێری کارەکانمانی دەکرد، جا بەدڵنیاییەوە ئەوە گەورەترین لوتفی خوا بوو بەسەر ئێمەوە. ئەگەر ئەو نەبووایە هەرگیز نەدەگەیشتینە ئەم کاتە، بەتایبەتی دایکم کە بەبێ ئەو نەدەژیا.

ڕەنگ و ڕووی پوورە هاجەر وەك دڵی پاك و بێگەرد بوو. وەك ئەوەی سۆز و بەزەییەکەی لە دڵ و دەروونیدا ڕەنگی دابێتەوە.

تاکە کەسێك کە باوکم شەرمی لێ دەکرد ئەو بوو، کە دەهاتەوە ماڵەوە بیبینیایە پوورە هاجەر لەوێیە نەدەهاتە ژوورەوە، یەکسەر دەڕۆیشت.

ساڵانی تەمەنمان لەنێو ناخۆشی و نەهامەتیەکی وادا بەسەر برد کە بەرگەگرتنی زۆر ئەستەم بوو. لەگەڵ براکەمدا لەنێو بێچارەیی و نەبوونی پێداویستیدا لەسەر خوێندن بەردەوام بووین. دایکیشم بۆ پەیداکردنی پارەی دەرمان و خواردن و کرێیی خانوو هەر ئەمسەر و ئەوسەری بوو.

هەواڵی یەکەم بەڵامان پێگەیشت

سەرباری ئەوەی باوکم عارەق خۆر بوو و کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە ئازاریشی دەداین، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو باوك بوو. ڕاست بوو زۆریش نەدەهاتەوە ماڵەوە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە لەڕووی دەرەوەدا وەك گەورە و پارێزەرێك بوو بۆ ئێمە.

دە ڕۆژ بوو هیچ هەواڵێکمان لە باوکم نەبوو، دایکیشم زۆر شڵەژابوو. دەستی کردبوو بە گەڕان بە ڕاست و چەپدا و دەیوت: "هەرگیز بۆ ماوەیەکی ئەوەندە درێژ لە دەرەوە نەماوەتەوە. باشە بڵێی چی بەسەر ئەم پیاوەدا هاتبێت؟" لە هەموو ناسراوەکانمان پرسی، چووینە هەموو ئەو شوێنانەی بۆی دەچوو، بەڵام باوکم دیار نەبوو.

دایکی داماویشم دەستی کردبووە فرمێسك ڕشتن بۆ ئەو پیاوەی هەموو ژیانی لێ کردبووە دۆزەخ و، نەخۆشی خستبوو و لە ناو ئەو هەموو کێشەیەدا بەجێی هێشتبوو.

دیارنەبوو... لەهیچ جێیەك نەماندۆزییەوە... نەمانتوانی لە هیچ جێیەکەوە شوێن پێی بدۆزینەوە. لەهەرکەسمان بپرسیایە دەیوت: "ئێمەیش پازدە بیست ڕۆژێکە نەمان دیوە."

لە ئەنجامدا خراپی و ناپاکی باوکمیان قوت دا. ئەو ڕێگا هەڵەیەو، ئەو مرۆڤە خراپانەی دەوروبەری وەك چۆن هەزاران مرۆڤیان لەناوبرد، باوکیشمیان بە گەنجی برد. تا ئێستاش هیچ هەواڵێکمان لەبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە.

ئێمە پێمان وایە گوولەیەکی وێڵی بەر کەوتووە و لە شوێنێك فڕێیان داوە، هەرلەبەر ئەوەیە کە دوای ئەم هەموو ساڵە هیچ هەواڵێکمان لێی نییە، لەوانەیە باوکم بەهۆی ئەو ئیشە خراپانەوە کە دەیکردن ئازاری بە زۆر کەس گەیاندبێت و دوعای خراپی زۆر لێکرابێت هەر بۆیە لەو ڕێیەدا فەوتا. وەك دەڵێن: " گۆزەی ئاو لەڕێی کانیدا دەشکێ" یا "چی بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە".

پووره هاجەر ئێمەی کۆکردەوە

من لە دواین ساڵی قۆناغی ناوەندی دەمخوێند، برا گەورەکەشم لە قۆناغی دووی ئامادەیی بوو. ئیتر کوڕەگەورەی ماڵەکەمان براکەم بوو. هەم کاری دەکرد و هەم دەیخوێند. هەموو پێداویستییەکانمانی دابین دەکرد، بۆ چاکبوونەوەی دایکیشم زۆر بە پەرۆش بوو. زۆر ژیر و سەر ڕاست بوو. خاوەنی کەسایەتییەکی باش بوو، دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

بەدڵنیاییشەوە پووره هاجەر نەبووایە نەماندەزانی چی بکەین. خوای گەورە بۆ هەتاهەتایە لە پووره هاجەر ڕازی بێت... هەم دایك بوو بۆمان هەم باوك، دایکم بەدەم دوعای خێرەوە دەیوت: "لە خوای گەورە بەزیاد بێت، لەجێی باوکتان ئەمی بۆ ناردووین".

لەدوای مردنی باوکم ئەوەندە گوزەرانمان خراپ بوو بوو کە نەدەمانتوانی کرێی خانووەکە بدەین نە پێداویستیەکانیشمان دەست بخەین. وامان لێهاتبوو بۆ پارچە نانێك لێمان قەومابوو. پووره هاجەریش ئێمەی بردە ژێرزەمینی ماڵەکەی خۆیان. کە لە ژوورێك و چێشتخانەیەك

پێکهاتبوو، بەڵام لەبەر خێر کرێی لێ وەرنەدەگرتین، لەسەروو ئەوەشـەوە هەرچی هەبوایە لەگەڵی بەش دەکردین.

ئافرەتێکی دەوڵەمەندی تەمەن پەنجاساڵ بـوو، ماڵەکـەیان سـێ قـات بوو. لـە قـاتی یەکەمـدا خـۆی و مێردەکـەی (ڕەحمـی) دەژیـان، لـە قـاتی دووەمیش کچەکەی –خاتوو (نوور)ی کچی دەژیا– ئەویش کچێکی هـەبوو لەتەمەنی مندا بەناوی شەیدا، کە باشترین هاوڕێی من بوو.

لەلایەکەوە هەوڵەکانی براکەم و لەلایەکەوە یارمەتییەکانی پـوورە هاجـەر، ئیتر وردە وردە خەریك بوو دەهاتینەوە سەر خۆمان.

ئەمەیان زۆر ترسناك بوو

بەداخەوە هەواڵمان لەو بەڵایە نەبوو کە چاوەڕێمان بـوو. قوتابخانـەی من و براگەورەکەم یەك حەوشەیان هەبوو، بەیانیان لەگەڵ ئەودا بەیەکەوە دەڕۆیشتین و ئێـواران بەیەکـەوە دەهاتینـەوە. براکـەم زۆر غـیرەی لەدڵـدا بوو، لەبەر ئەوەی خۆیشی زۆر حەزی لە هاوڕێیـەتی کـچ و کـوڕ نـەدەکرد، ئیتر زۆر بە وردی چاودێری دەکردم. ڕێی نەدەدام بچووکترین هەڵە بکەم.

زۆر سوودی لە قسەکانی پوورە هاجەر وەرگرتبوو بۆیە گـەنجێکی زۆر دینـدار دەرچـووبوو. بەڕاسـتی مـن وەك ئـەو لـە ئایینـەوە نزیـك نـەبووم. گـەورەترین کـەیفی مـن لـە جـل و بـەرگ و خۆڕازاندنـەوەدا بـوو، چـونکە دەمویست خۆم لە بەرامبەر دەوروبەردا بسەلمێنم. ئەوە بووە هۆی ئەوەی زوو زوو لەگـەڵ براکەمـدا دەنگمـان بێـت. هـەموو جارێـك دایکـم جیـای دەکردینەوەو دەیوت: "کوڕم ئەم کچە هێشتا منداڵە، زۆری لێ مەکـە. کـە

گـەورە بـوو خـۆی لـە قسـەکانت تێـدەگات." بـەم شـێوەیە هـەم مـنی دەپاراست و هەم هەوڵی دەدا براکەم ڕازی بکات.

لـە پشـووی نیوەڕوانـدا نەمانـدەتوانی بڕۆینـەوە بـۆ ماڵـەوە، چـونکە ماڵەکەمان دووربـوو، بۆیـە لـە فرۆشـتگای قوتابخانەکـەدا لەگـەڵ براکەمـدا یـەکترمان دەبـینی و لـەو خواردنانـەی دایکـم بـۆی ئامـادەکردبووین دەمانخوارد و خۆمان تێر دەکرد.

وەکـو هـەموو جارێـك چـووم بـۆ فرۆشـتگاکە و مێـزێکم هەڵبـژاردو چاوەڕوانی براکـەم دەکـرد، خـەریك بـوو پشـووی نیـوەڕوان تـەواو دەبـوو کەچی هێشتا براکەم دیار نەبوو. چوومە دەرەوە وتم: با پرسـیارێك لەوانـە بکەم کە براکەم دەناسن.

مامۆستای زانستمان منی بینی، لەبەرئـەوەی مـاڵی لـەنزیك ماڵمانـەوە بوو هەم براکەم و هەم منی باش دەناسی، بانگی کردم و پرسی:

– براگەورەکەت چی لێهات کچم، هیچ هەواڵتان لێی هەیە؟

لەو کاتەدا وامزانی پیکێك دای بە سەرمدا، ناخم خەریك بوو گڕی دەگرت.

– بۆچی مامۆستا براکەم چی لێهاتووە؟

مامۆستاش کە زانـی هـەواڵم لـە هـیچ شـتێك نییـە، بەشـێوەیەکی زۆر ساده وەڵامی دامەوە:

– نا نا هیچی نییە. وابزانم لە پۆلدا سەری گێژی خـواردووە. مامۆسـتاش وتویەتی با بتبەمە لای دکتۆر، لەبەرئەوە تا نەخۆشـخانە چـوون، مەترسـە ئێستا دێنەوە.

خەنجەرێکی وا دابووی لە دڵم کە لە هەموو هەناسەیەکمدا هەستم بە ئازارەکەی دەکرد. عەقڵم وەستابوو، نەمدەزانی چی بکەم. وەکو شێت بەدەوری خۆمدا دەسووڕامەوە. نەخۆشخانە زۆر دووربوو. نە دەمتوانی بە پێ بڕۆم و نە پارەی تەکسیشم پێ بوو، بۆیە تکام لە مامۆستاکەم کرد:

– تکا دەکەم مامۆستا، من ناتوانم لێرە ئاوا چاوەڕێ بم، دەتوانیت بمبەیت بۆ نەخۆشخانە؟

– ئەی چۆن کچم، بەدڵنیاییەوە دەتبەم. ئەگەرچی شتێکی نییە تا بترسیت، بەڵام مادام حەزدەکەیت بەچاوی خۆت ببینیت وەرە با بڕۆین.

لەوێدا لەهۆش خۆم چووبووم

بیرم نایەت چۆن گەیشتینە نەخۆشخانە. کە چووینە نەخۆشخانەی فریاکەوتن چی ببینم باشە؟ ئەو مامۆستایەی براکەمی هێناوە بۆ نەخۆشخانە، لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانەکەدا خەریکە لە خەفەتدا دەمرێت، هەر ئەمبەر و ئەوبەرێتی. هەر کە منی بینی، نەیتوانی هیچ بشارێتەوە. خێرا باوەشی پێدا کردم.

– کچم، نەمانتوانی ڕزگاری بکەین، ئەو کوڕە فریشتەئاسایەمان گیانی سپارد، ئەو گەیشت بەو خوایەی کە زۆری خۆشدەویست.

وامزانی بڵێسەیەکی ئاگر لە سەرمەوە ڕۆیشت و هەموو گیانی سوتاندم، هەر لەوێدا کەوتم.

ئاخر چۆن بەرگەی ئەم ئازارە بگرم؟ ئیتر لەمە بەدواوە کێ دڵم بداتەوە؟ کێ دەستم بگرێت؟ کێ وەکو چاوی خۆی بمپارێزێت؟

کوڕە گەورەی ماڵەکەمان لەدەست دا. ئەو هەموو کەسێکمان بوو.

یەکەمجار باوکم، دواتر برا گەورەکەم... ژیان چەندە بێبەزەیی بوو بەرامبەرمان، چارەنووسمان چەند خراپ بوو... دواتر زانیمان براکەم هەر لە منداڵیەوە دڵی نەخۆش بووە و نەمان زانیوە. ئەو بەڵا خراپە بێئەوەی هەواڵمان بداتێ براکەمی بەرەو مەرگ پەلکێش کرد تا وای لێ هاتبوو لە کاتی وانەدا کەوت و هەڵنەستایەوە.

ئەی دایکم؟ بەڕاستی هیچ کەس بەرگەی ئەو هاوار و داد و گریانەی دایکمی نەدەگرت. ئەو تاکە ئومێدی خۆی لەدەست دابوو، وەك ئەوە وابوو کە ماڵەکە داڕمێت بەسەریدا و ئەو دیوارەی پاڵی پێوە داوە بڕوخێت... چەندین ڕۆژ و بگرە چەندین مانگ نەهاتەوە سەر خۆی. ئەگەر پوورە هاجەر نەبووایە نەیدەتوانی بۆ یەك ڕۆژیش هەستێتەوە.

بەشی دووەم

بەرگەگرتنی ئەو هەموو ئازارە ئەستەم بوو. ئێمە نەدەژیاین بەڵکو لە گیان دەرچووندا بووین. پێدەچێت بەم ژیانە بوترێت "دۆزەخی ئەم جیهانە"
بە بەردەوامی هاوارم لە خوا دەکرد:
"خوایەگیان! یان ڕزگارمان بکە یان بمانمرێنە!"

دایك و كج به تەنیا مابووینەوە،
تاكە دۆستمان پوورە هاجەر بوو

میوانێكی ئەفسوناوی

كە تاكە ئومێدی خۆمان لەدەستدا، دایك و كچێكی عازەب بە تەنیا مابووینەوە. نە من و نە دایكم توانای گوزەراندنی ژیانێكی ئاوامان نەبوو. لەو ژیانە ناهەموارەدا، بێ ئەوەی ئاگامان لە تەڵە و بەربەستەكانی بەردەممان بێت، دەفتەری ژیانمان پڕ دەكردەوە.

كە چوومە قۆناغی ئامادەیی خۆم بە كچێكی عازەب دەزانی و هەموو شتێكم دەكرد بۆ ئەوەی لای دەوروبەر خۆم دەربخەم. ئاگام لەوە نەبوو كە ئەو هەڵسوكەوتانەم ڕووبەڕووی هەموو جۆرە مەترسییەكم دەكەنەوە.

گوایە لەبەرئەوەی كە بێبەش بووم لە هەموو شتێك، ئیتر بەو شێوەیە خۆم دەسەلماند. ئەو ڕێیەم بۆیە هەڵبژاردبوو چونكە نەمدەویست لەناو هاوڕێكانمدا و بەتایبەت دەوڵەمەندەكاندا هەست بە كەمی بكەم. بەڵام بێئاگا بووم لەوەی ئەو ڕێگە هەڵەیە چەندین بەڵا و وەیشومەی تێدایە. بێگومان ژیانی سەرەڕۆیی پڕە لە هەڵدێرو نشێو.

دایکم و پووره هاجەریش کە دەیانبینی لەسەر ڕێیەکی هەڵەم، زوو زوو ئاگاداریان دەکردمەوە کە ڕێکوپێك هەڵسوکەوت بکەم و زیاتر ئاگاداری دەوروبەرم بم، بەڵام من زۆر گرنگیم بەو قسانە نەدەدا خەیاڵە ڕەنگاڵەییەکانی کچێنی و حەزەکانم، هۆش و بیریان بردبووم. ئەوەش وای لێ کردبووم هەڵە لەدوای هەڵە دووبارەبکەمەوە.

ئاخ کاکەگیان ئاخ! تۆ بمایتایە، ئەو هەموو بەڵاو ناڕەحەتیانەمان بەسەردا نەدەهات، تۆ بمایتایە ئەو گورگانەی ژیانیان تاریك کردم، نەیاندەتوانی دەستم بۆ ببەن. نەبوونی تۆ ئەو هەموو خراپەو، ناڕەحەتییەی هێنایە پێشمان.

من لەناو خەیاڵ و حەزەکاندا ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد تا ڕۆژێکی یەکشەممە میوانێکی سەیر هاتە ماڵمان.

تازە لەخەو هەستابووم. ئەو شەوە دایکم تا بەیانی نالاندی، خەو نەچووبووە چاوی. یەکێك لەدەرگای دا، کە دەرگاکەم کردەوە بینیم ئافرەتێکی بەتەمەنە. زۆر شیرین و نوورانیی بوو، وەك ئەوەی چاوبەستی لێ کردبم یەکسەر حەیرانی بووم.

- سەلامو عەلەیك کچم، بەیانیت باش
- عەلەیکە سەلام پوورێ فەرموو. کە ئەمەم وت هاتمە دواوە.
- کچم زۆر تینوومە، دەتوانیت پەرداخێك ئاوم بدەیتێ؟
- بەسەرچاو، ئەوە چ قسەیەکە ئەی چۆن ناتدەمێ.

بۆ ماوەیەك وامزانی خزمەتكارێكم لەژێر فەرمانی ئەودا، چونكە یەكسەر كاری تێ كرد. یەكسەر بەرەو چێشتخانە ڕامكرد، كە خەریكی ئاوتێكردن بووم دایكم هاواری لێكردم:

- ئەوە كێیە كچم؟
- ئافرەتێكی بەتەمەنە، تینوویەتی داوای ئاو دەكات.
- بەم بەیانییە؟
- بەڵێ بەم بەیانییە.

بەڕاستی منیش پێم سەیر بوو بەو بەیانیە كەسێكی ئاوا بێت.

دایكم هاواری لێ كردم:

- دەی بیهێنە ژوورەوە بۆچی لەبەردەرگا ڕایدەگریت.

پەرداخەكەی دەستم دانا و ڕۆیشتم ئەو ئافرەتە بهێنمە ژوورەوە كە سەرنجمی بەرەو لای خۆی ڕاكێشابوو.

- پووریز، بۆ نایەیتە ژوورەوە كەمێك بحەسێیتەوە، منیش ئاوەكەت بۆ دەهێنم.

كەمێك سەیری كردم و وتی:

- با نەبمە مایەی زەحمەت بۆتان.
- زەحمەتی چی پووریز، فەرموون.

ماڵەكەمان تەنیا یەك ژووری هەبوو، بردمە ئەوێ. سەلامی كرد و چوو لای دایكم دانیشت و بەدەنگێكی پڕ بەزەییەوە بە دایكمی وت:

- خوا شیفات بدات خوشكی دواڕۆژم.

دەنگی ئەوەندە زوڵاڵ و شیرین بوو باس ناكرێت.

نیگاکانی چاوبەستی لە مرۆڤ دەکرد

دەستی دایکمی گوشی و دەستی هێنا بەسەر پشت و قۆڵیدا و وتی:

- خوای گەورە گەورەترین پاداشتی بۆ بەندە نەخۆشەکانی داناوە، بەتایبەتی ئەوانەی سوپاسگوزاری خودان و یاخی نابن و پەرستشەکانیان بەجوانی ئەنجامدەدەن. جێی ئەو نەخۆشانە لە بەهەشتدا لە لای ڕاستی پێغەمبەرەوەیە ﷺ، تەنانەت حۆرییەکانی بەهەشتیش خۆزگە بەوان دەخوازن. ئەوان لەجێی ئەم دونیا دوو سێ ڕۆژییە پڕ لە ناڕەحەتی و ئاستەنگە موژدەی بەهەشتی نەبڕاوەیان پێ دراوە. پیرۆزباییت لێ دەکەم کچم، تۆش یەکێکیت لەوان. بە پشتیوانی خودا منیش خوشکی دواڕۆژت دەبم.

وەك ئەوەی ژیانی دایکم بزانێت قسەی دەکرد. کە قسەی دەکرد وات دەزانی فریشتەیەکەو لە بەهەشتەوە موژدەی هێناوە. ئەوەندە پاك و خاوێن بوو ئەوەندە بۆنێکی خۆشی لێوە دەهات کە هەموو ئەو بۆنانەی من بەکارم دەهێنان هیچ نەبوون لە ئاستیدا.

ئاوەکەم بۆ هێنا:

- فەرموو پووری ئاوەکەت بخۆ.

بەزەردەخەنەیەکەوە ئاوەکەی لێ گرتم. ڕووی کردە قیبلە، لەسەر چۆك دانیشت، (بسم الله) ی کردو بەسێ جار ئاوەکەی خواردەوە. دایکیشم بەتەواوی شەیدای بووبوو. دووبارە لەجێی خۆی دانیشت و پەرداخەکەی دایە دەستم:

- وەك ئاو خاوێن و خۆشەویست بیت، بە پشتیوانی خودا وەك چۆن ئاو پیسی ڕادەماڵێت. ئاواش خوای گەورە گوناهەکانت ڕادەماڵێت. خوای گەورە کۆتاییت بەخێر بگێڕێ، خوا بتکاتە بەندەیەکی شایستە بەزاتی خۆی.

دەتوت زۆر باش دەمانناسێت

کە دوعای بۆ دەکردم لێم نزیك دەبووەوە، وەك بڵێی هەواڵی مەترسییەکم دەداتێ. باش دەیزانی لەسەر ڕێیەکی هەڵەم بۆیە دەیویست پێش وەخت بە وتە شیرینەکانی ئاگادارم بکاتەوە.

لە تووڕەکەکەی دەستیدا سێ سێوی دەرهێنا. هەرسێکیانی خستە سەر دەستی ڕاستی. یەکێکیان سوور بووبوو، یەکێکیان هێشتا پێنەگەیشتبوو، ئەویتریشیان خەریك بوو دەڕزی، دەستی بۆ من درێژ کرد و وتی:

- کامیانت دەوێت هەڵیگرە کچم.

لەبەردەم ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەدا کەوتبوومە سەرسوڕمانەوە. لەو چیرۆکە ئەفسانەییانە دەچوو کە خوێندبوومنەوە. ئەو ئافرەتە دیاربوو کە کەسێکی جیاواز بوو. کاتێك زانی دوودڵم لەوەی چی بکەم، زۆری لێ کردم کە دانەیەکیان هەڵگرم، لەو لاشەوە دایکم ئاماژەی بۆکردم دانەیەك هەڵبگرم، ئیتر دەستم بۆ سێوە سوورەکەیان برد.

لەناو دەستی ئەو دا دوو سێو مابووەوە کە یەکێکیان پێنەگەیشتبوو یەکێکیشان خەریك بوو دەڕزی. بۆیە وتی:

- ماشەڵڵا. ئەم خاتوونەی کچمان کارە ڕاستەکەی کرد.

ئەو سێوەی هێشتا پێنەگەیشتووە، لەو مرۆڤە ئیرادە لاوازانە دەچێت کە بەبێ ئەوەی ڕووداوەکان بە تەواوی هەڵبسەنگێنن و، سوود لە ئەزموونی گەورەکان وەربگرن، بە هەستەکانیان بڕیاری لەناکاو دەدەن. بێگومان ئەوانە پێویستییان بە پێگەیشتنە.

هەرچی سێوە ڕزیوەکەشە، لەو مرۆڤانە دەچێت کە نازانن بۆچی دەژین، باوەڕ بەوە ناکەن کە دوای مردن زیندوو دەبنەوە، حەڵاڵ و حەرام و، حەق و ناحەق نازانن و گوێ بە ناموس نادەن. ئەوانە بەرەو گەنیوی و بۆن کردن ڕێشتوون، بەو حاڵەیانەوە زیانیان بۆ خۆیان و دەوروبەرەکەیان هەیە.

سێوە سوور و پێگەیشتووەکەش لەو مرۆڤە دەچێت کە بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە لەگەڵ خێزان و دۆست و هاوڕێیانیدا هەڵسوکەوت دەکات و، لەکاتی بڕیاردانیدا پرس بەکەسانی تێگەیشتوو دەکات. وەك مرۆڤێکە کە خوای خۆی بناسێت و هەوڵ بدات کە ببێت بە بەندەیەکی شایستە . ئەم مرۆڤانە هەم لە دونیاو دواڕۆژدا دڵخۆش دەبن هەم دەبنە نموونەیەکی جوان بۆ دەوروبەر.

وا دەبینم ئەم کچەشمان ڕێی پێگەیشتوویی هەڵبژارد، بە پشتیوانی خوا هەم سوودی بۆ خۆی و هەم سوودی بۆ دایکیشی دەبێت، و خوایشی بیر ناچێت و ناکەوێتە حەرامەوە و، ژیانێك دەباتەسەر کۆتاییەکەی بەهەشت بێت.

پەیامی زۆر ناوازەی ئاڕاستە دەکردم

قسەکانی لەمێشکمدا دەزرنگانەوە، ڕوونکردنەوەکانی زۆر جوان و ناسك بوو، بەبێ ئەوەی بم شکێنێت ئامۆژگاری دەکردم و دەیویست هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە. یەکسەر گومانێك کەوتە دڵمەوە، تۆ بڵێی بیەوێت پێم بڵێت کە کۆتاییەکی خراپم هەیە.

هەستایە سەرپێ و سوپاسی کردین و وتی:

– خوای گەورە بۆ هەتاهەتایە لێتان ڕازی بێت، لەسەر ئازارەکان ئارام بگرن و سوپاسی پەروەردگار بکەن. خوای گەورە لەگەڵ ئارامگران و سوپاسگوزاراندایە، ئەو دۆستی تەنهایانەو لەگەڵ بێکەساندایە. هەرکەس پشت بەو زاتە ببەستێت پێویستی بەکەس نییە.

دایکیشم وتی:

– تکایە دانیشن ئێمە پێویستمان بەم قسانەیە. ماڵەکەمان لە خزمەتدایە و کوڕیشمان نییە، کەمێکی تر دابنیشتیتایە...

هیچ وەڵامی نەبوو. دایکیشم بەردەوام بوو:

– لەکوێوە هاتویت و بۆ کوێ دەچیت؟ تۆ کێیت؟ خۆ هێشتا خۆت نەناساندووە.

هیچ لای نەکردەوە، دەتوت هەر گوێیشی لە پرسیارەکان نەبووە، تەنیا وتی:

– بەخوام سپاردی هاوڕێی دواڕۆژم. پاشان ڕۆیشت.

من و دایکیشم بەسەرسامی ماینەوە. ئەو ئافرەتە کێ بوو کە وەك فریشتەیەك هات و بێدەنگ بەجێی هێشتین، دەتوت زانایەکە قسەدەکات.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ دایکمدا هەر ئەوەمان لێکدەدایەوە، پوورە هاجەریش دەربارەی ئەو ئافرەتە دەیوت:

– ئەمە شتێك نییە نەیزانین. ئەو بەندەیەك بوو لەو بەندە نەبینراوانەی خوا. ئەگەر دەڵێیت ئەم دونیایە لەناو ئەم هەموو زوڵم و پیسی و گوناهەدا چۆن دەڕوات بەڕێوە ئەوا بەهۆی ئەم مرۆڤە باشانەوەیە.

بۆ چەند مانگێك لەژێر کاریگەری قسەکانی ئەو خانمەدا مامەوە. وەك نموونەکەی ئەو دەمویست ببمە سێوێکی پێگەیشتوو، بەڵام بارودۆخی قوتابخانە و، هاوڕێی سەرەڕۆ و، ئەو گەنجە نییەت خراپانەی لە دەورم بوون زوو منیان گۆڕیەوە، دووبارە کەوتمەوە داوی ئەو ڕۆژە ترسناکانە.

پوورە نوور

لەو ڕۆژانەدا کە ژیانم بە تەواوەتی تێکچووبوو و، بەئارەزووی خۆم لەگەڵ کوڕاندا دەگەڕام، پوورە نوور ئامۆژگاری دەکردم. ئەو وەك خوشکی گەورەی هەموو قوتابیانی پۆلەکە وابوو، هەروەك ناوەکەی نوورانیی بوو.

پوورە نوور بەهۆی نەخۆشییەوە درەنگ چووبووە قوتابخانە. لەبەرئەوە تەمەنی لە ئێمە گەورەتر بوو. ژیریی و، سەنگینی و، دینداری و کۆششی وای لێکردبوو هەموو پۆلەکە بە "پوورە نوور" بانگی بکەن. وەك مامۆستا پۆلەکەی بەڕێوە دەبرد. ڕۆژێك بانگی کردم و داینیشاندم:

– سەیرکە سێڤدا گیان خوشکەکەم! من حاڵی تۆ و خێزانەکەت دەزانم، خۆت دەزانیت یەکێکیت لەو کچانەی کە زۆرم خۆشدەوێیت. دوو هۆکار وام لێ دەکات کە تۆم خۆشبوێت و گرنگیەکی زیاترت پێبدەم. یەکەمیان

منیش باوکم نییـه، منـیش لـەناو ئـەو ناڕەحەتیانـەدام، لەبەرئـەوە لـە تـۆ تێدەگەم. دووەمیش ئەوەیـە کـە تـۆ کچێکی زۆر پـاك و بـێ گوناهیـت. وا دەزانیت هەموو کەس وەك تۆ نیەتی پاکە. بەرامبەر هیچ کەسێك نیـەتێکی خراپـت نییـە. پارێزگـاری لـە خـۆت ناکـەیت. بـەڵام ئـەم ڕۆژانـە بـەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکەیت کە بەرەو هەڵدێرت دەبات، لەوانەیە خۆیشت بزانـی. کەمێك لەم مەسەلەیەدا ئاگات لەخۆت بێت. قوتابخانە تەواو دەکەیت و لـە تاقیکردەوەی زانکۆدا نمرەیەکی بـاش دەهێنیـت و دواتـر دەبیتـە خـاوەن کارێکی باشیش. هەم خۆت ڕزگارت دەبێـت و هـەم دڵـی دایکیشـت خـۆش دەکەیت.

ئیتر تێگەیشتم دەیەوێت بڵێت چی، بۆیە وتم:

– زۆر هاوڕێی ترم هەن هەر بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکەن، پووره نـوور، تۆ ئەم ڕووداوانە تۆزێك گەورە دەکەیت.

– تـۆ ناتوانیـت وەك ئـەو هاوڕێیانـەت بیـت. ئـەوان پێداویسـتی تـەواویان لەبەردەسـتدایە، دەوروبـەرێکی باشـیان هەیـە، هاوکارییـەکی گـەورە لەخێزانەکانیانـەوە وەردەگـرن. ئـەوان ئەگـەر سـەرکەوتووش نـەبن زۆر شتیان لەدەست دەرناچێت، چونکە بـاری ئابوورییـان خـراپ نییـە. کارێـك دەدۆزنەوە، یان شوویەکی باش دەکەن و دەتوانن دڵخۆش بن لە ژیانیاندا. بەڵام کەسانێکی وەك ئێمـە کـە لـە خێزانێکـی هـەژارەوە هـاتووین، ئەگـەر سەرکەوتوو نەبین یان تووشی ناڕەحەتییەك ببین کێ یارمـەتیمان دەدات؟ کێ دەستمان دەگرێت؟

کەسێك بکەوێت، کەس خۆی ناکات بە خاوەنی

خۆت باش دەزانیت کەسێك بکەوێت ئیتر کەس خۆی ناکات بە خاوەنی، ئێستا جوان و، شۆخ و شەنگیت، سەرنجی هەموو کوڕێك ڕادەکێشیت. ئەوان گرنگی بە بەختەوەری و ئایندەی تۆ و خێزانەکەت نادەن، بەڵکو دەیانەوێت بۆ ئارەزووە کاتیەکانیان بەکارتبهێنن. نموونەیە بۆ ئەو داوانەی لە دەوروبەرتدا دانراون و نایانبینی. تکایە لەمە تێبگە، زیانت پێ دەگەیەنن و ژیانت تاریك دەکەن.

– نەخێر من ڕێگە نادەم وا هەڵسوکەوت بکەن. پاشان کوا هەموو هاوڕێیەتییەکی کوڕ و کچ خراپە. ئەی منیش مافی ژیانم نییە؟

– بەدڵنیاییەوە هەتە، حەزکردن لە ژیان و، گەڕان و بەختەوەریش مافی خۆتە. بەڵام کە دەڵێیت: " ئەم مافەی خۆم بەمجۆرە بەکاردەهێنم" دەترسم هەموو مافەکانی تری ژیانت لەدەست بدەیت.

بۆ خاتری خوا، تۆ لە دڵتەوە باوەڕت بە هاوڕێیەتییەکی پاك و خاوێنی نێوان کچ و کوڕ هەیە؟! کە دوو جیهانی جیاوازن، چۆن بۆ ماوەیەکی زۆر بە پاك و خاوێنی بە یەکەوە دەمێننەوە؟ هەموومان بەیەکەوە دەرئەنجامە خراپەکانی ئەمە دەبینین. سەیری (فیگان) بکە... دەماری دەستی خۆی بڕی و خەریك بوو خۆی بکوژێت... یان (بانو)... کە بەجێیان هێشت ژیانی تاریك بوو. سەیری (سێڤگی) بکە... لەماڵ ڕایکرد.

هەموو ئەمانە دەرئەنجامی ئەو هاوڕێیەتییە بێسوود و بێپێوەرە نییە کە لەنێوان کچ و کوڕدا هەیە؟!

تۆ خوێندن تەواو بکەو کارێك بدۆزەرەوە. کە وات کرد زۆر کەس لە دەرگات دەدات. ئەو کاتە کێت دەوێت هەڵیدەبژێریت. ئەوەشت بیرنەچێت، کە ویستت کارێك بکەیت یەکەمجار پرس بە دڵ و ویژدانی خۆت بکە. ئەو ڕێی ڕاستت پیشان دەدات.

هەموو شتێك لەگەڵ دایکت باس بکە، پلان بۆ هەموو کارێك دابنێ پاشان بیکە. ئەگەرنا ئەم جوانیەت سەرت دەخوات.

هەموو ئەوەی دەیوت ڕاست بوو. هیچ شتێك نەبوو کە بۆی زیاد بکەم. بگرە لەهەندێك شوێندا بۆ ئەوەی دڵی من نەشکێنێت کەمی وت.

دووبارە بۆ چەند مانگێك هاتمەوە سەر خۆم، بەڵام ئەو جیهانە ڕەنگاوڕەنگەی خرابووە بەردەستم، ئەو گرنگیەی پێم دەدرا ، ئەو گەنجانەی لەدەوروبەرم دەسوڕانەوە. دڵە پاك و پڕ لەنیەتە چاکەکەمیان دووبارە تێك دایەوە.

دیاربوو من ئاقڵ نەدەبووم، وەك بڵێی بۆ ئەوەی ئاقڵ ببم و ڕاستییەکان بزانم پێویست بوو سەرم بکێشم بە بەردێکدا. ئەو خەونە خەریك بوو بەرەو هەڵدێر دەیبردم. ئەوەبوو ئەو ڕۆژە پڕ ئازارانە سەرەتایان دەرکەوتبوو.

ئەو حەزە وەکو کرمێك چووبووە سەرمەوە. دەمویست بچمە ناو ئەو جیهانە ئەفسووناوییەوە. ئەو جیهانەی ڕایدەکێشام زۆر جوان و ڕەنگاوڕەنگ بوو.

خواردنەوە، جگەرە، ڕابواردن، دەمەتەقێی نێوان هاوڕێیان...

ناویانگ دەرکردن، بوونە هەواڵ لە ڕۆژنامەکاندا.

کەوتنە سەر زمانی هەموو کەسێك...

ئەمانە هەمووی منیان مەست کردبوو.

ئەی باشە دەرئەنجامەکانی چی؟

بەڕاستی ئەوە دەبووە بەڵا بەسەرمەوە.

بەشی سێیەم

زۆر جوان و، شۆخ و شەنگ بووم. لە هەژاری و تەنیایی بێزار بووم. دەمویست هەستم پێبکەن و گرنگیم پێبدەن. خەیاڵی زۆر جوانم هەبوو، لە ئاسماندا دەفڕیم. هەرچیم دەکرد نەمدەویست ئەو بازرگانانە ببینم کە بازرگانییان بە ناموسی خەڵکەوە دەکرد.

بەڵام مەخابن هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ئەمە ڕێگە بۆ تراژیدیایەکی وا خۆش دەکات...

لەپێناو خەیاڵەکانی هەرزەییمدا
هیچ نەمایەوە نەیکەمە قوربانی

دەمویست ناوبانگ دەربکەم و لە هەژاری ڕزگارم ببێت

ئاخ لەدەست ئەو ڕووداوانە... خۆزگە ڕوویان نەدایە. خۆزگە ئەو ڕووداوانەم نەبینیایە و لەناو یادەوەرییەکانمدا شتی لەو جۆرە نەبووایە.

ئیتر هەرزەیی ئاوایە... خەیاڵی سەیرو سەمەرە، بیرۆکەی شیرین و جوان، جیهانێکی ئاڵووالا... لەو ساڵانەدا هیچ شتێك نییە ئارەزووی نەکەیت.

لە پۆلی سێیەمی ئامادەیی بووم. هەموو هاوڕێکانم خۆشەویستیان هەبوو. هەندێك کوڕیش گرنگییان بە من دەدا. زۆر پێم خۆشبوو ئاوا گرنگیم پێبدەن. زۆر حەزم دەکرد ڕووی خۆشم پێبدەن، دەمویست دەورویەرم بە بایەخەوە سەیرم بکەن. بێکەسی و بەش خوراوی منداڵیم وای لێ کردبووم ڕوو لە بیرۆکەیەکی وا بکەم زۆر دڵخۆش دەبووم کە ڕووی خۆشیان پێدەدام. وامدەزانی ئەوە یەکەمجارە بە مرۆڤم دادەنێن، بەڵام لە تەمەنێکدا نەبووم کە هەست بەڕاستی بکەم. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژانەی وێرانیان دەکرم نزیك بوون.

که لەپۆلی سێی ئامادەیی بووم. گەنجێکم ناسی. بە قسەی خۆی عاشقم بوو، دەیوت که بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەندە و هاوسەرەکەی تازە وەفاتی کردووەو، بەدوای کچێکدا دەگەڕێت کە لە خێزانێکی بەڕەوشت بێت. هەروەها دەیوت ئەگەر شووی پێبکەم هەم ئاگای لە دایکم دەبێت و هەم لە هەژارییش ڕزگارمان دەکات. منیش لەبەر ئایندەی دایکم و بەختەوەری خۆم حەزمدەکرد. زوو زوو یەکترمان دەبینی، تا دەهات زیاتر لە یەکتر نزیك دەبووینەوە.

بەپێی ئەوەی پێی وتم بنەماڵەکەی کچێکی هەژاری وەك منیان نەدەویست. هەروەها نەیدەتوانی دڵی ماڵەوەشیان بشکێنێت. چونکە ئەو کەسێکی ناسراو و بەشەرەف بوو. کە ئەمەم بۆ دایکم باس کرد بە توورەییەوە هاتەوە بە ڕوومدا: "شتی وا نەکەیت ها... هەرگیز هەوڵی شتێکی ئاوا شێتانە نەدەیت. هێشتا منداڵیت، جارێ تۆ خوێندن تەواو بکە. لە ئایندەدا کەسانی چاکتر دێنە داوات.

کێ متمانە بەوجۆرە کەسانە دەکات. خوانەکات لەوانەیە دەستت بڕێت. توخوا بە هەڵەیەکی واوە مەیەرەوە بەردەمم، چونکە ئەوکاتە من ناتوانم بژیم."

نە دایکم و نە پوورە هاجەر ڕازی نەبوون بەوکارە. ئەوان بەو ئەزموونەی هەیان بوو ئەوەیان دەبینی که ڕووی دەدا، بەڵام من ئەوەندە کوێر بووبووم یەك هەنگاو پێش خۆمم نەدەبینی. چ بەڵایەك لەمە گەورەترە بۆ کچێکی هەرزە؟

لەو ڕۆژانەشدا هەواڵێکم لە ناو ڕۆژنامەیەکدا خوێندەوە کە بە تەواوی ئەقڵی تێك دام، هەواڵەکە بەم شێوەیە بوو:

"دوای ئەوەی لە ماڵ ڕایکرد، ناوبانگی پەیدا کرد. ئەو کچە جوانەی لە بڕیارە زۆرەملێکانی دایك و باوکی بێزار بووبوو، بەهۆی یارمەتی بازرگانێکەوە بەناوبانگ بوو. لە ئێستاشدا داوا دەکرێت لە چەند فیلمێکدا ڕۆڵ ببینێت، هەروەها دەڵێت: تاکە ئامانجم ئەوەیە خۆم بسەلمێنم بۆ ئەوانەی بە بچووکم دادەنێن."

ئەو هەواڵە وەك هەورەبرووسکە دای لە سەرم. کەم تا زۆر منیش هەمان حاڵەتی ئەوم هەبوو. ئەگەرچی من دایك و باوکێکم نەبوو کە زۆرم لێ بکەن، بەڵام بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەتیمەوە کەس گرنگی پێنەدەدام. بە مرۆڤیان نەدەزانیم. پێویست بوو ئەو کۆت و بەندە بشکێنم و لەو حاڵە ڕزگارم بێت. ئەو کاتە هەم خۆمم دەسەلماند و، هەم دایکیشم لە هەژاری ڕزگار دەکرد.

دایکم لەسەرجێ و بەنەخۆشی بەجێ هێشت و لەماڵ ڕامکرد

لەو ڕۆژەدا هەڵەترین بڕیاری ژیانم دا. بەداخەوە نەمدەزانی ئەوە کارەساتێکی وا دروست دەکات کە وەك ئەوە وایە بەدەستی خۆم فەرمانی لەسێدارەدانی خۆمم ئیمزا کردبێت. لە کۆتاییدا لەگەڵ (هاکان) ی خۆشەویستمدا بڕیارماندا. هەڵبێین و جیهانێکی تازە بۆ خۆمان دروست بکەین.

بۆ بەیانی وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت هەستام، خۆم ڕازاندەوە، جانتاکەم هەڵگرت و لەماڵ دەرچووم. دایکی نەخۆشیشم لەجێگادا هەر

نرکه نرکی بوو. بۆ دوایین جار سەیری دایکم کرد. ئەوەندە ئازاری هەبوو که له دەم و چاویدا بەئاسانی دەردەکەوت. که ئەوم بەو حاڵەوە بینی دڵم پڕبوو.

هەستم کرد ئەو کارەی دەیکەم هەڵەیە. ئاگرێك له ناخمدا هەڵگیرسا. زۆر سەخت بوو دایکم لەو حاڵەدا بەجێ بهێڵم؟ دەنگێك لەناخمدا هاواری دەکرد و پێی دەوتم که نەڕۆم.

ئایا دەبوایە پەشیمان ببەمەوە؟... نەخێر جارێکی تر ئەو هەلەم بۆ نەدەڕەخسا. لەدڵی خۆمدا دەموت هەم پووره هاجەر ئاگای لە دایکم دەبێت. هەم خۆیشم که کارەکانم بەتەواوی ڕیکخستەوە دێم و دایکیشم دەبەم.

بێئەوەی گوێ بەو دەنگەی ناخم بدەم ڕۆیشتم. بەڵام حاڵم زۆر خراپ بووبوو. کەمێك بەملاولادا هاتم. وام دەزانی دایکم لە دوامەوە هاوارم لێدەکات و دەڵێت: "کچم توخوا مەڕۆ و بەتەنیا جێم مەهێڵە!" که چوومە کۆڵانەکە (هاکان) پێشوازی لێ کردم و وتی:

– چی بوو خۆشەویستم. دایکت کێشەیەکی دروست کرد؟

– نەخێر، بێئاگاداری ئەو هاتم، بەڵام بەرگەی دووری ئەو ناگرم.

لەوێدا دانیشتم و دەستم کرد بە گریان.

– تۆ خۆیشت دەزانیت بەچی ناڕەحەتیت؟ خۆ ئێمە دایکت بە تەنیا بەجێناهێڵین. مانگی هەنگوینیمان ئەوپەڕی دە ڕۆژ بۆ مانگێکی پێ دەچێت. دوایی دێینەوە ماڵێکی جوان دەکڕین، دایکیشت دەهێنینە لای خۆمان. دوای ئەوە هەموو ڕۆژێکمان بە خۆشی دەبەینە سەر. دەبینی

ژیانێکی شاهانەی وەهات بۆ فەراهەم دەکەم کە هەموو هاوڕێکانت ئیرەییت پێ ببەن.

خۆم کۆکردەوە و چووینە ناو ئۆتۆمبێلەکەی هاکانەوە. گوایە ئیتر دەردەسەرییەکانم تەواو بوون و، هەموو بێچارەییەکانم کۆتاییان هاتووە. بەخەیاڵی خۆم بەرەو ئایندەیەکی خۆش و ڕازاوە هەنگاوم دەنا.

ئاخ! لەدەست خەیاڵەکانی هەرزەیی!...

کێ دەزانێت چەند کەس بوونەتە قوربانی هەڵەی لەم جۆرە.

هەزاران کەس؟ یان دەیان هەزار کەس. نازانم، چۆن بمزانیایە لەکاتێکدا منیش یەکێك بووم لەوان.

بەرەو وڵاتی خەونەکان

بەرەو وڵاتی خەونەکان کەوتینەڕێ. ئەو ئۆتۆمبێلەی پێمان بوو بوو تا بڵێی پیشکەوتوو و جوان بوو. دەیوت:

– ئەمەم بۆ تۆ کڕیوە. ئەم شۆفێرەشم لەبەر تۆ گرتووە. لەمەودوا ئەمە شۆفێری تایبەتی تۆیە.

ئەو گەنجە سەیارەکەی لێ دەخوڕی سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:

– لەژێر فەرمانی جەنابتاندام براژن.

بەڕاستی بەشتی ئاوا ڕانەهاتبووم. کەس تا ئەو کاتە ئاوا ڕووی خۆشی بە من نەدابوو، کەسیش ئاوا گرنگی پێ نەدابووم. ژیانێك دەستی پێکرد کە خاوەنی شۆفێری تایبەت بە خۆم و ئۆتۆمبێلی خۆم بووم...

دوای شەش حەوت کاژێر گەیشتینە ئەو ئوتێلەی کە لێی دەماینەوە. لەڕێگە جل و پێڵاوو جانتای نوێم کڕی. لەبەردەممدا بازرگانێك هەبوو کە

وەکو ئاو پارەی لەمندا سەرف دەکرد گوایە منی وەك شێت خۆش دەوێت. ئیتر لەو حاڵەتەدا کێ گوێ دەداتە پارە؟

لە هۆتێلێك بووین کە جوانی دەریا و دارستانی لەیەك کاتدا کۆکردبووەوە. بۆ خۆمان ڕۆژانێکی خۆشمان بەسەردەبرد، ئەو ژوورەی بۆ ئێمە دانرابوو بەڕاستی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەبەردەمیدا دەریا و لەبەرامبەریشیدا دارستانێکی سەوز. سەیری هەرکوێم دەکرد سەوزایی بوو. هاکان وتی:

– دە ڕۆژ لێرە دەبین. هەموو شتێك دێتە بەردەستمان، بۆ دە ڕۆژ بێئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکەینەوە بۆ خۆمان دەژین.

کە زانیم گەیشتووینە کۆتایی ڕێگەکە پرسیم:

– ئەی مارە ناکرێین لە یەك؟

– کە گەڕاینەوە بە ڕەسمی لەیەکتر مارە دەکرێین. واز لە مارەکردنی ئایینیش بهێنە. من باوەڕم بە شتی وا نییە. هێندە بەسە مرۆڤ یەکێکی خۆشبوێت. چ پێویست دەکات خەڵکی تر ئاگادار بن؟ ئێمە دڵخۆش بووین ئیتر چ پێویست بە شایەت دەکات؟ شایەت هەبێت یان نەبێت جیاوازی نییە.

بێدەنگ بووم... لەو وڵاتی خەونەدا سەرخۆش بووبووم. بیرم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە. لەو کاتەدا وتی:

– تۆ چەند سەعاتێك بنوو. من لە خوارەوە هەندێك پێداویستی دەکڕم. سەیرێکی دەوروبەریش دەکەم بزانم کوێ هەیە بگەڕێین. لەماوەی دوو سەعاتدا دێمەوە.

هاکان چووه دەرەوە، بەڵام کە چوو هەستم کرد بەشێوەیەکی تر سەیرم دەکات، وەك ئەوەی پێم بڵێت: "خوات لەگەڵ ئەی کچە گێلەکە. دواترین قوربانیم تۆ بوویت."

مانگی هەنگوینی و لەناوچوونی هەموو ئومێدەکانم

جلەکانم داکەند، خۆم شت و پاڵ کەوتم. زۆر هیلاك بووم. خێرا خەوم لێکەوت. بەدەنگی تەلەفۆنەکە بەئاگا هاتم. هاکان بوو وتی:

– خۆشەویستم. من وا دێمە سەرەوە. شتێکت ناوێت.

– نەخێر

– باشە ئەوا دێم، دەرگاکە بە کراوەیی بەجێبهێڵە.

هەستام، دەرگاکەم کردەوە و چاوەڕێی هاکان بووم، بەڵام لەناکاو کەسێکی دڕندەی ورگ زل خۆی کرد بە ژووردا کە هەر نەمدەناسی. زۆر سەرم سوڕما بەپەلە خۆم کۆکردەوە و بە شڵەژانێکی زۆرەوە وتم:

– تۆ کێیت؟

وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت خۆی هەڵدایە سەر قەنەفەکەی بەرامبەرم. منیش قیژاندم بەسەریدا:

– خێرا بڕۆ دەرەوە. ئێستا هاکان دێتەوە. کە ئەو هاتەوە چی دەکەیت.

زۆر خراپ دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

– هاکان نایەت جوانەکەم. ئەو تۆی بۆ من هێنا. ئیشی خۆی تەواو کرد، پارەکەی وەرگرت و ڕۆیشت.

ئای خوایەگیان! چەندین بۆمب لەناو مێشکمدا تەقینەوە. وامزانی لەشم بووە بە هەزار پارچەوە. بەرچاوم ڕەش بوو.

لەشـوێنی خۆمـدا کـەوتم و دەسـتم کـرد بـە هـاوارکردن. بـەدوای ڕووناکیەکدا دەگەڕام بەڵام دەستم نەدەکەوت.

لـەو شـوێنەدا هـەموو شـتێکیان بـە شـێوەیەك داڕشـتبووە، کـەس نەیدەتوانی بگاتە هاوارم.

ئیتر لە دونیادا کچێك نەبوو بەناوی سێڤدا... هەموو شـتێکم لەدەسـت دابوو، تەنانەت خۆیشم لێ ونبووبوو. جوانی و پاکێتیم پیس بوون و لەگەڵ خەیاڵەکانمدا خرابوونە زبڵدانەوە.

وەك شریتی فیلمێك هەموو پاڕانەوەکانی دایکم و پوورە نوور و پوورە هاجەر هاتنەوە یادم کە چۆن لێم دەپاڕانەوە تاکو تووشی ئەم کارە پیسە نەبم. وام دەزانی ئەوە کۆتایی ژیانمە. وەکو کچێکی گـەنج هـیچ شـتێکی ترم نەمابوو کە لەدەستی بدەم. تەنیا یـەك شـتم لـە مێشـکدا بـوو ئـەویش ئەوەبوو، هەرچی زووترە بمرم و ڕزگارم بێت.

دە ڕۆژ لەوێ مامەوە، نەمدەزانی کێ دێت و دەڕوات. ئەو کچەی لای دایکـە نەخۆشـەکەیەوە بـە پـاکی هاتـە دەرەوە، ئێسـتا هـەموو گیـانی هەڵگێشراوە لە تاوان.

ئەو گورگە برسیانەی دەوروبەرم بێئـەوەی بـەزەییان پێمـدا بێتـەوە خـەیاڵ و هەسـت و سـۆزیان پارچـە پارچـە کـردم. زۆر هـاوارم کـرد، زۆر پاڕامـەوە، بـەڵام بـۆ تـەنیا جارێـك دادی نـەداو گوێیـان لـێ نـەگرتم و بـۆ ساتێکیش ویژدانیان نەجووڵا.

حەزمدەکرد بمرم

هەموو شتێکیان وا ڕێکخسبوو کە نەمدەتوانی ڕابکەم. پەنجەرەو دەرگاکان داخرابوون. لە ژوورەکەدا هیچ کەرەستەیەکی وەك چەقۆ یان گوریسی لێ نەبوو. ویستم حەوزی گەرماوەکە پڕ بکەم لە ئاو و لەوێدا خۆم بخنکێنم، بەڵام نەمتوانی...

بەڕاستی زۆر ترسناك بوو. حەزمدەکرد بمرم، بەڵام نەمدەتوانی خۆم بکوژم. ئێوە سەیری حاڵی ئەم کچە بکەن کە بۆچی هات و تووشی چی بوو.

خوایەگیان چەند بەسۆیە! چەندە ترسناکە!

دە ڕۆژ بوو دایکم نەبینیبوو. دەمزانی لەو دە ڕۆژەی کە هێندەی دە ساڵ درێژ بوو چەند بیری کردووم. بەڵام ئیتر نەمدەتوانی بڕۆمەوە بۆلای، نەمدەتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم. بەو حاڵەمەوە چۆن ڕووم بێت گوێم لەدەنگی بێت، تازە بەهیچ شێوەیەك مافی ئەوەم نەبوو دەستی لێبدەم.

ئای دایەگیان! بۆ دەبێت من وام لێبێت؟ بۆ دەبێت من ئاوا بە تۆ بکەم؟ ئاخر نەخۆشییەکانی خۆت کەم بوون، وا من ئەم ئازارەشم بۆ زیاد کردیت؟

خوا من لەناوبەرێت! من ئیتر ئافرەتێکی سوکم، لەم کۆمەڵگەیەدا جێم نابێتەوە. پێویستە هەرچی زووترە بمرم. بەڵام ناتوانم خۆم بکوژم... ئێستا دەزانم کە مردنیش هێندەی ژیان قورسە.

ڕامکرد

ئافرەتێك خواردنی دەهێناو دەبرد. دیاربوو كە زۆریان لێكردبوو، كە دەهات بێئەوەی یەك وشەش بڵێت دەڕۆیشتە دەرەوە، بەڵام جارێك زۆر لێی پاڕامەوە:

– ئەگەر منداڵت هەیە بۆ خاتری ئەوان گوێم لێبگرە. منیان لە دایكێكی نەخۆش جیاكردەوە. باوكم نییە. تەنیا مردن من پاك دەكاتەوە، تكایە چەقۆیەك، گوریسێك، شتێكم بۆ بهێنە تا خۆم بكوژم و ڕزگارم بێت لەم پیسییە. لێت دەپاڕێمەوە یارمەتیم بدە.

دڵی پڕ بوو. زۆر بەزەیی پێمدا هاتەوە، وتی:

– من ناتوانم یارمەتیت بدەم. چونكە كەمێك لەولاوە پیاوەكانی ئاغا یەڵماز وەستاون.

ئەمە مانای ئەوەبوو ئەو كەسەی منی بەو حاڵە گەیاند بوو و كردبوومی بەو جەستە بێگیانە، ئاغا یەڵمازی لەعنەتییە! دوبارە داوام لەو ئافرەتە كرد:

– تۆ نەخشەی ئەم شوێنە دەزانیت، ڕێیەكی دەرچوونم پیشان بدە. تكات لێ دەكەم لێرە ڕزگارم بكە.

نازانم ناوی چی لێبنێت. ڕزگاربوون؟ ڕاكردن؟ یان زیاتر چەقین لەناو ئەو زەلكاوەدا؟

ماڵی ئەو ئافرەتە ئاوەدان بێت منی ڕزگارکرد. زۆر بە ئەستەم گەیشتمەوە شار، بەڵام بۆ كوێ بڕۆم؟ بۆلای كێ؟ لەدەرگای كێ بدەم؟ لە ناوەڕاستی ئەو شارەدا بێئەوەی پارەیەكی ئەوتۆم پێ بێت. هەموو شتێكم

لەدەست چوو. تەنانەت نەمدەتوانی بڵێم: "خوایەگیان یارمەتیم بدە." بە چ ڕوویەکەوە داوای یارمەتی لە خوا بکەم. وەك کەسێکی ئاوا تاوانبار؟ یان وەك منداڵێکی بێخێر کە دایکی لەسەر جێ بە نەخۆشی بەجێ هێشتووە؟

زۆر بێچارەو برسی بووم، سەمونێکم کڕی و پاڵم دایەوە بە دیواری پارکێکەوە، مێشکم ئەوەندە جەنجاڵ بوو بەرپێی خۆم نەدەبینی، تەواو بێهیوا بووم.

بانگەوازەکەم بینی

لەو پارچە ڕۆژنامەیەدا کە پێچرابوو بە سەموونەکەوە بانگەوازێك نووسرابوو: "بەدوای خزمەتکارێکی بەتوانادا دەگەڕێین کە بتوانێت ئاگای لە ئافرەتێکی پیر بێت."

بە ئومێدی ئەوەی ببێتە چارەیەك بۆ دەردەکەم، تەلەفۆنم کرد بۆ ئەو ژمارەیەی کە نووسرابوو. لەڕاستیدا ئافرەتێکی پیر وەڵامی دایەوە، ناونیشانەکەی خۆی پێدام و داوای لێکردم کە بڕۆم تا چاوی پێم بکەوێت.

لەلایەك ئومێدم هەبوو کە ئەمە ڕێیەکی ڕزگاربوون بێت، لەلایەکی دیکەوە لەوە دەترسام هەمان ڕووداوم بەسەردا بێتەوە. لەناو ئەو شارەدا بە برسێتی چیم بکردایە؟ هیچ نەبێت لەوێ جێیەك بۆ مانەوەم دابین دەکرد.

بەهەزار بیرۆکەی پێچەوانەوە ماڵەکەم دۆزییەوە، دەستم بە زەنگەکەدا نا، ئافرەتێکی پیر دەرگاکەی کردەوە و بە دەنگێکی پڕ متمانەوە وتی:

- وەرە کچم، وابزانم تۆ ئەو کەسەیت کە تەلەفۆنت کردبوو.
- بەڵێ، من بووم.

بردمیە ژوورەوە.

- سەیرکە کچم، زۆر کەس ئەم بانگەوازەی بینیوە و تەلەفۆنی بۆ کردووین. ئێمە کەسمان قبوڵ نەکردووە. چونکە ئێرە شوێنێکە بە شەرەف و ڕێز ناسراوە. ئەوەی کە دێتە ماڵمان دەبێت ڕاستگۆ و بەڕەوشت بێت. خۆ من دەبینیت، بە تەنیا دەژیم. دەست و قاچم دەلەرزێت، کاری تۆ هەر ئەوەیە هاوڕێیەتی من بکەیت و لەنزیکەوە ئاگات لەحاڵم بێت.

بەبێ چارەییەوە وەڵامم دایەوە:

- من ئەو کەسەم تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت. هەموو کارێکت بۆ دەکەم، تەنیا قبوڵم بکە.
- دەی مادام وایە پەلە مەکە. پێکەوە زۆر قسە دەکەین لەم بارەیەوە. تۆ جارێ کەمێك پشوو بدە. کاتمان زۆرە بۆ قسەکردن.

لەسەر یەکێك لە قەنەفەکان دانیشتم. ماڵەکە زۆر گەورە و جوان بوو، هەروەها زۆر بە جوانی ڕێك خرابوو. بەڕاستی نەدەچووە عەقڵمەوە کە ئەم ئافرەتە لەم ماڵە گەورەیەدا بە تەنیا بژی. کەوتبوومە گومانەوە بەڵام قسەکردنی ئەو ئافرەتە کەمێك متمانەی پێ بەخشیبووم. پاش کەمێك بانگی کردمە چێشتخانەکە و وتی:

- با کەمێك نان بخۆین. دواتر دادەنیشین و قسەدەکەین.

کە چوومە چێشتخانەکە ببینم زۆر سەرنجڕاکێشە. یەکەمجارم بوو شوێنێکی ئاوا ببینم. زۆر دڵخۆش بووم کە لە جێیەکی ئاوادا کار بکەم. بەڵام چ دڵخۆشیەك...

زۆر بە درێژی باسی خۆمم بۆ کرد. جا بە شێوەیەك باسم کرد کە ئەو بەدڵی بێت. پێم وت کە لە شارێکی ترەوە هاتووم و ئەو بانگەوازەم لەڕێی هاوڕێیەکمەوە پێگەیشتووە، پێشم وت کە دایکم نەخۆشە و خاوەنی ئەزموونێکی باشی چاودێریکردنی خەڵکی پیرم هەیە. بەڵام سەرنجمدا هیچ گوێ لەمن ناگرێت و، گرنگی بەو چیرۆکە پڕئازارەی من نادات. وەك ئەوەی بیەوێت کاتم پێوە بکوژێت. لە کۆتاییدا وتی:

– باشە، تۆ وەردەگرم. مادام ماڵتان لە شارێکی ترە لێرە جێیەکت دەدەمێ. لێرە دەمێنیتەوە، هەندێك جاریش منداڵی ئەو خزمانەم دێنە ئێرە. بۆ ئەوەیان کێشەت نەبێت. ئێمە خانەوادەیەکی خاوەن ئابڕووین.

بەڵایەکی تر

زوو زوو باسی ناموس و ڕەوشتی دەکرد. ئەوەش منی خستبووە گومانەوە. وەك ئەوەی لەکەیەکی بەسەرەوە بێت و بیەوێت پاکی بکاتەوە. ژوورێکی نیشان دام. وتی:

– تۆ لێرە دەمێنییتەوە.

ئەوێ ژوورێك نەبوو! بەڵکو ماڵێك بوو لەناو ئەو ماڵەدا، هەر لەناو ژوورەکەدا تەواليت و گەرماوی تێدابوو. چێشتخانەیەکی بچووك، تەلەفیزیۆنێك و سەلاجەیەکی تێدا بوو.

بەڕاستی سەرم سوڕمابوو... پێم وابوو کە نەخشەی هەموو خانووەکە ئاوایە. کە شەو هات چوومە ژوورەکەی خۆم، هێشتا ئەو سەرسامیەم لەکۆڵ نەبووبووەوە. هەمان ڕووداو ڕوویدایەوە. پیاوێك خۆی کرد بە ژووردا. منیش لێم پرسی:

- تۆ کێیت؟ چیت دەوێت؟

- مەترسە، کەسێکی بێگانە نیم. خاوەنی ئەم ماڵەم.

- ئەی باشە خاوەنی ئەم ماڵە ئەو ئافرەتە پیرە نییە؟ من هاتم تا ئاگام لەو بێت.

- بەخێربێیت... خۆشیت هێناوە. بۆ شوینێکی ڕاست هاتوویت. ئەم ماڵە خزمەتکاری لێ نابڕێت، یەکێ دێت و ئەوی تر دەڕوات...

کە تێگەیشتم ئیتر چارەم نەماوە. دەستم کرد بە پاڕانەوە لێی:

- من کچێکی بێکەسم، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە بەزەییتان پێمدا بێتەوە، وام پێ مەکەن.

بەدەم هاوارکردنەوە کەوتم بەسەر قاچیدا. داوام لێ کرد بەزەیی پێمدا بێتەوە، بەڵام ئەو هیچ گوێی نەدا بەوەی کە چی لە دەروونمدا هەیە. زۆر پاڕامەوە لێی وتم:

- تۆ لە خوا ناترسیت؟ ماڵ و منداڵت نییە؟ نازانیت ئەمانە هەموو حیسابی خۆیان هەیە؟

من لەکێ دەپاڕامەوە؟!! ئەگەر ئەو خوای بناسیایە کاری وەهای دەکرد؟ زۆر بە ناشیرینی وەڵامی دامەوە:

– من باوەڕم بە خواو ڕۆژی دوایی و قەدەر و ئەو جۆرە شتانە نییە! شتی وا ئەسڵی نییە. هەموو شتێك ئەم دنیایەیە. دەخۆیت و، دەخۆیتەوەو، ڕادەبوێریت... تێدەگەیت کچم!!! لەم شتانە بەولاوە پەیوەندی بە منەوە نییە. ئەو شتانە لەمێشکت فڕێ بدە. ئەگەر کەمێك مێشکت کار دەکات تا گەنج و جوانی ڕابوێرە. لە خوا و ڕۆژی دوایی و تاوان و ئەوشتانە مەترسە. ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاست بووایە، خوا دەهات و تۆی ڕزگار دەکرد. دەی کێ شتی وای بینیوە؟ کێ لەوێوە هەواڵێکی هێناوە؟ باسی چارەنووس و شتی واش مەکە! هەموو مرۆڤێك خۆی چارەنووسی خۆی دەنووسێت. ئەگەر خوا دەینووسێت بۆچی چارەنووسی خراپی بۆ تۆ نووسیوە و هی چاکیشی بۆ من داناوە؟

باوەڕ بەو شتانە مەکە... ئەگەر گوێ بدەیتە ئەو شتە پڕ و پووچانە، ژیانت لێ تاڵ دەبێت. خۆشی لێ نابینیت... ئەگەر ئەو شتانە لە مێشکت بسڕیتەوە ئەوا بەئارەزووی خۆت ڕادەبوێریت...

تێگەیشتیت؟!!

ئاگایشت لە خۆت بێت لێرە چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت...

خوا ئەم ژیانەی من ببڕێت

منیان کردە ئەو ژوورەوە و دەرگایان لێداخستم، من بە نیازی ئەوە چووبووم کە ببمە خزمەتکار و خزمەتی ئەو ئافرەتە پیرە بکەم، کەچی ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینیم...

هەموو شەوێك میوانداریەکی پڕ تاوان ساز دەکرا و ئەکتەری سەرەکیش من بووم. هەموو شەوێك دەبوومە کۆیلەی هەوا و ئارەزووی

یەکێکی دیکەو، هەموو ڕۆژێك پارچەیەکی تر لە گیانم دەپچڕا. تا دەهات زیاتر لەناو دەچووم. خوا ژیانێکی ئاوا ببڕێت...

گوایە ئەگەر ببیتە کۆیلەی ئارەزووەکانی خەڵکی ئەوە ئازادییە! خوایە گیان! ئەوە چ ڕابواردنێك بوو؟ ئاژەڵیش ئەوە قبوڵ ناکات.

دەرگاکەم لەسەر داخرابوو، نەمدەتوانی بڕۆمە دەرەوە... ئەوەی دەهات کلیلی پێ بوو دەرگاکەی دەکردەوە و ئەوەی دەڕۆیشت دەرگاکەی دادەخستەوە. نەمدەزانی چەند ڕۆژە لەوێم. کاتم بە تەواوی لێ تێکچووبوو. شەو و ڕۆژم لەیەکتر بۆ جیانەدەکرایەوە. تەنانەت دڵنیایش نەبووم لەوەی کە ئایا زیندووم یان نا. جاری وا هەبوو مێشکم دەوەستا، خۆیشمم لەبیر دەچووەوە. ئاگام لەوە نەبوو کێ دێت و کێ دەڕوات. ئیتر هیچ شتێك بۆ من گرنگی نەبوو. لەناو ئەو دونیایەی خۆمدا وەك جەستەیەکی بێ گیان بزر بووبووم. تاکە شتێك کە دەهاتە گوێم ئەو دەنگەی دایکم بوو کە دەیوت:

"کچم لەکوێیت؟ ماویت؟ مردوویت؟ هەواڵێك بە من بدە. ئیتر بەرگەی دووریت ناگرم، تکایە وەرەوە... زۆر بیرت دەکەم. تۆ تەنیا وەرەوە، من ئامادەم گەردنت ئازاد بکەم."

خوا من بکوژێت، کێ هەیە لە من بەد و تاوانبارتر؟ کەسێك ئەو هەموو ئازارە تووشی دایکی بکات، چۆن پێی دەوترێت مرۆڤ؟

بە فێڵ خۆم بوورانەدەوە

دووبارە دەرگا دەکرایەوەو کەسێکی بێفەڕ خۆی دەکرد بە ژوورداا. بیرۆکەیەك هات بە مێشکمدا... خۆم فڕێدایە سەر زەوی تا وابزانن

بوراوومەتەوە. ئەوەی کە هاتە ژوورەوە هاواری کرد: "وەرن ئەم کچە مردووە!". منیش هەوڵێکی زۆرم دا تا خۆم کۆنترۆڵ بکەم. ئەو ئافرەتە پیرە و پیاوێك خۆیان کرد بەژووردا. سێ کەس بە منەوە خەریك بوون. یەکێکیان لێدانی دلێ گرتم و وتی:

- ماوە، لەوانەیە بوورابێتەوە، کەمێك کۆڵۆنیا بهێنن، پاش کەمێك دێتەوە هۆش خۆی.

ئافرەتەکە زۆر ترسا:

- باشە چی دەبێت ئەگەر نەیەتەوە هۆش خۆی؟ دووبارە لەگەڵ پۆلیسدا تێکدەگیرێینەوە. با لەکۆڵی خۆمانی بکەینەوە، خۆ هەرچۆنێك بێت هەموو ڕۆژێك یەکێك دێت.

پیاوەکەی تەنیشتی پرسی:

- چۆن لە کۆڵی خۆمانی بکەینەوە.

- بیبەن سواری سەیارەیەکی بکەن. لەڕێگادا هاتەوە هۆش خۆی، بیگەڕێننەوە. نەهاتەوە هۆش خۆی، لەدەرەوەی شار لەجێیەکدا فڕێی بدەن.

- ئەی ئەگەر هاتەوە هۆش خۆی و، لەلای پۆلیس شکاتی لێکردین؟

- بیبەن بەردێك بکێشن بە سەریدا و بیکوژن.

ڕاست بوو خۆم بووراندبووەوە، بەڵام کە گوێم لەوە بوو ئەوان دەیانەوێت پێم بکەن زۆر ترسام، دواتر بەتەواوی خۆم کۆنترۆڵ کرد تا هەستم پێ نەکەن. لە لایەکیشەوە دڵم خۆش بوو بەوەی دەمکوژن. من

خۆم نەمدەتوانی خۆم بکوژم بەڵام با ئەوان بمکوژن و لەم زیندانەی کە پێی دەوترێت ژیان ڕزگارم بێت. ئافرەتەکە بەو پیاوەکەی تەنیشتی وت:

– ئەکرەم تۆ بیبە. تا کاری تەواو نەکەیت نەیەیتەوە. بیکەیتە بەڵا بەسەرمەوە سەرت دەپەڕێنم.

منیان هەڵگرت و بردمیانە خوارەوە، چاوم کەمێك کردەوە بینیم ئەو ئەکرەمەی کە دەیوت گەنجێکە. یەکەمجارم بوو بیبینم. خستمیە دوای ئۆتۆمبێلەکە و بەخێرایی کەوتەڕێ و دوورکەوتەوە. ئۆتۆمبێلەکە زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت و منیش خۆم بۆ مردن ئامادە دەکرد.

ئەو چەند دەقیقەیەم بۆ باس ناکرێت. لەلایەکەوە دڵ خۆش بووم بەوەی کە دەمرم، لەلایەکی تریشەوە لە ترسی ئەو بەردەی کە دەیکێشا بە سەرمدا خەریك بوو دڵم دەوەستا.

هاوارم دەکرد بمکوژە!

تەکسییەکە لەشار دەرچوو و چووە ناو ڕێگای دارستانێك، دەوروبەرمان سنەوبەری لێ بوو. دیار بوو شوێنێکی تەواو چۆڵبوو. بۆیە منیش هەستامەوە و وتم:

– من دەکوژیت ها؟

ئەکرەم ڕووی تێکردم و وتی:

– من لەژێر فەرمانەکانی ئەواندام، چی بڵێن ئەوە دەکەم.

– دەی کەواتە مەترسە و بێشڵەژان کارەکەت بکە، خۆ شتێك نەماوە من وا لێبکات لە ژیاندا بمێنم.

لە تەکسییەکە دابەزیم و لەژێر سنەوبەرێکی گەورەدا دانیشتم، دەستم گرت بە دەموچاومەوە و پێم وت:

- دەی زۆر بەخێرایی ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکە. هیچ لێت تووڕە نابم، بگرە سوپاسیشت دەکەم.

ئەکرەم بۆ ماوەیەك بە پێوە وەستا... دڵنیام کەوتبووە ناو لێپرسینەوەیەکی ترسناکی ویژدانیەوە. بەئاسانی لە ڕووی دەخوێنرایەوە کە چ ڕەشەبایەك لە ناخیدا هەڵی کردووە.

هات لەبەردەممدا دانیشت و وتی:

- تۆ کێیت؟ چ کارەیت؟ چۆن ڕێت کەوتە ئێرە؟

دەتوت گوێم لەم قسەیە نەبووە، بە بەردەوامی دەپاڕامەوە لێی:

- ئەو بەردە هەڵبگرە بیکێشە بەسەرمدا، بەڕاستی دەمەوێت بمرم.

- دەمەوێت یارمەتیت بدەم، تا ئێستا خراپەم بەرامبەر کەس نەکردووە و دەستم نەچۆتە خوێنی کەس.

- ئەی ئەگەر وایە ئیشت چییە لەوێ؟

- منیش وەك تۆ بەدوای ئیشدا دەگەڕام، کەوتمە بەردەستیان. هەرچی دەکەم ڕزگارم نابێت. تەنیا چەند ئیشێکی سەرپێییان بۆ دەکەم و هیچ پەیوەندیم بەو کارە پیسانەوە نییە.

لە دەنگیدا وا دەردەکەوت کە ڕاست دەکات، یان بەلایەنی کەمەوە ڕۆڵەکەی جوان دەبینێت.

دەمویست خۆم بکوژم، بەڵام نەمدەتوانی

هەموو ڕووداوەکانم بۆ باس کرد. کە تەواو بووم وتی:

– پێویستە تۆ ڕزگار بکەم. هەرگیز ناتوانم بتکوژم...

– چۆن ئەمە دەکەیت؟

– وازت لێ دێنم بڕۆ، بەڵام شکاتمان لێ مەکە. ئەوی تری بدەرە دەست من، بە درۆیەك مەسەلەکە لای ئەوان دادەخەم.

قیژاندم بەسەریدا:

– نەخێر... من هیچ جێیەکم نییە بۆی بڕۆم. نامەوێت دووبارە بکەومەوە ئەو داو و پیسیانەی کە تێی کەوتووم. تکات لێ دەکەم بۆ تۆ هیچی تێناچێت بمکوژە و ڕزگارم بکە.

من کەسێکم کۆتاییم پێ هاتووە بە تەواوی فەوتاوم، دوو فلس پارەم پێنییە و هیچیش بەم شارە ئاشنا نیم ئیتر چی بکەم لێرە ؟ دەی توخوا ئەم ئیشە بکەو کۆتاییم پێ بهێنە.

قۆڵی گرتم و وتی:

– وەرەو سواری ئەو ئۆتۆمبێلە ببە. من ناتوانم تۆ بکوژم، بەڵام ئەگەر هەر دەتەوێت بمریت، ئەوا خۆت ئەو کارە بکە.

بەدەم خۆمەوە وڕێنەم دەکرد و دەموت: "ئاخ خۆزگە بمتوانیایە!.. ئاخ بمردمایە!.."

دەمویست بمرم بەڵام نەمدەتوانی خۆم بکوژم.

ئێوە سەیری ئەم بێچارەییەی من بکەن، نە دەتوانم بمرم، نە دەتوانم بژیم. ژیانێکی ئاوا هەر نەبێت باشترە.

وتی:

– من خێزاندارم، کچێکی تەمەن سێ ساڵم هەیە. تۆ دەبەمە ماڵەوە، تا جێیەکی ڕێك و پێك دەدۆزیتەوە لەوێ دەبیت.

هاوارم کرد بەسەریدا:

– هەرگیز... ئیتر باوەڕم بە کەس نەماوە. هەموو کەسێك بێڕەوشت و درۆزنە لای من، هەموو کەسێك وەکو گورگ بەدوای گۆشتەوەیە...

وەڵامی دامەوە:

– خوشکەکەم، بە حاڵمدا دیارنییە؟!! ئەگەر بمەوێت خراپەیەکت لەگەڵ بکەم، لێرە بەتەنیاین کێ دەتوانێت دەستم بگرێت؟ بەڵام دڵنیابە کەسێکی وا نیم. تاکە ئارەزووم ئەوەیە یارمەتیت بدەم. خۆت باش بیر بکەرەوە.

منی لەماڵی خۆیدا قبوڵ کرد

زۆر بەخێرایی تەکسییەکەی لێخوڕی و لەو شوێنە دوورکەوتەوە.

لە مێشکمدا دەیان هەزار بگرە ملیۆنان بیری ئاڵۆزو گومانی سەیرم هەبوو. نەمدەزانی چۆن و بەچ شێوەیەك کارەکان بەڕێبکەم. دەستم بۆ هەرکوێ دەبرد، لقێکم دەست نەدەکەوت دەستی پێوە بگرم، متمانەم بە هەرکەس بکردایە خیانەتی لێدەکردم. خوایەگیان دەبێت ئێستا چی بکەم؟!

بەناو شاردا دەڕۆیشتین کە ئەکرەم لەپڕ وتی:

– بڕیار بدە. دادەبەزیت یان لەگەڵمدا دێیتەوە بۆ ماڵەوە ؟

– بەڕاستی نامەوێت ببمە بار بەسەرتانەوە، بەم حاڵەمەوە ناتوانم پەنا بەرمە بەر کەس. خێزانت هەڵە تێدەگات، نێوانتان تێك دەچێت، مافی ئەوەم نییە نێوانتان تێك بدەم...

– نا نا خەمی ئەوەیانت نەبێت، هاوسەرەکەم باشترین مرۆڤی ئەم جیهانەیە. زیانێکت بۆ ئێمە نابێت، چەندێك دەتەوێت دەتوانیت بمێنیتەوە.

دەبوایە چیم بکردایە؟ ئایا دەمتوانی متمانە بەو پیاوە بکەم؟ تۆ بڵێی لەم دونیا تاریکەدا کەسانێکی ئاوا پاکیش هەبن؟

دەنگم نەکرد. ئەکرەمیش ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو ماڵەوە لێخوڕی. هەر واش بوو، بەڕاستی هاوسەرێکی زۆر چاکی هەبوو، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کەسێك هەبێت ئەوەندە دڵفراوان و تێگەیشتوو و بەبەزەیی بێت. ئەمە مانای ئەوەیە هێشتا مرۆڤە چاکەکان هەر ماون.

سەلماخانی هاوسەری، بووە خوشکێکی گەورە بۆم، هەموو ژیانی منی دەزانی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش وەك میوانێکی زۆر بەڕێز هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم...

لەشی ئەکرەمیش ساغ بێت، کارێکی بۆ دۆزیمەوە. لە دوکانێکی سەرچاککردن کارم دەکرد، بەڵام لەوێش ئاسوودە نەبووم، دیسان دەوروبەرم پڕ بوو لە فرسەتچی. نازانم هەواڵی منیان لە کوێوە بیستبوو. زۆر حەزم دەکرد لەو کارە پیسانە دووریکەومەوە، بەڵام هەرچیم کرد ئەوانەی بازرگانیان بە ناموسی خەڵکەوە دەکرد بەرۆکیان

بەرنەدەدام، نازانم لەکوێوە بۆنیان کردبوو؟! مانگێك لە ماڵی ئەکرەم مامەوە دواتر چوومە بەشی ناوخۆیی...

هیچ شتێك بەرەو باشی نەدەڕۆیشت! نەمدەتوانی بێمەوە سەر ڕێی ڕاست. دایکم وەك ڕمێك هەموو کاتێك هەناوی پڕ دەکردم لە خوێن. یان دەبوایە بمردمایە یان بچوومایە دایکمم ببینیایە. ئەم بیرە تەواو حاڵەتی منی تێکدا. دەبوایە یەکێك لەو دوو ڕێیە بگرمەبەر، ئەگەرنا نەمدەتوانی لەم ژیانە بەردەوام بم...

بەشی چوارەم

ئەگەر کچێکی گەنج کەسێتی و شەرەف و
ناموس و هیواکانی بدۆڕێنێت چی دەکات؟
منیش بڕیارم دا ئەوە بکەم.
تەنیا یەك ڕێگەم لەبەردەمدا بوو...

ئیتر وەك جەستەیەکی بێ گیان وابووم

بڕیاری خۆکوشتنم دا

بۆ من هەموو شتێك تەواو بووبوو، هیچ شتێکی ترم نەمابوو جگە لە جەستەیەکی بێ گیان، ئیتر من مرۆڤێکی لەکەدار و بێڕێز بووم و چەقیبوومە ناو کۆمەڵێك تاوانی زۆر گەورەوە. تازە جێیەکم بۆ نەمابووەوە لە دونیادا. مافی ئەوەم نەبوو کەسانی دەوروبەرم بێتاقەت بکەم و لەکەداریان بکەم.

ژیانم پێش ئەوەی دەست پێبکات تەواو بووبوو، هیواو خەیاڵەکانی هەرزەیی و لەسەروو هەمووشیەوە شەرەفم خستبووە بەردەستی ئەو ڕاوچییانەو تەنیا پەشیمانی و فرمێسکم بۆ مابووەوە...

ئای دایەگیان!... تۆ منت بۆ ئەمانە پەروەردەکردبوو؟ لەناو ئەو هەموو ئێش و ئازارەی نەخۆشیەکانتدا منت بۆ ئەمە دەگوشی بە خۆتەوە، هەموو جارێك دەتوت: "ئەم کچەی من دەبێتە خاتوونێکی گەورە، کچی من دەبێتە نموونە بۆ هەموو کەس." بەداخەوە دایە گیان زۆر بەداخەوە کە تووشی نائومێدیم کردیت... من شایانی ئەوە نەبووم کچی تۆ بم. ئەو مرۆڤە بێویژدان و بێ ئینسافانە، لەژێر ناوی چاکەو خۆشیدا هەموو شتێکیان لێ سەندمەوە...

لە ناوەڕاستی شاردا تەنیابووم، دووبارە وازم لە ئیش هێنابوو و دوو ڕۆژ بوو برسی بووم، بەتەواوی هێزم لەبەر بڕابوو. موحتاجی پارچە نانێکی وشك بووم، ئەو دونیا ڕەنگاوڕەنگەو، ئەو ناوبانگەی هەموو خەڵکی ئاواتی پێ دەخوازن منی بەو حاڵە گەیاندبوو...

بڕیاری خۆکوشتنم دابوو! ئیتر نەمدەتوانی بەو ئازارانەوە بژیم. هێزم تیادا نەمابوو، کەسێتی خۆمم لەدەستدابوو، ئیتر جەستەیەکی بێ ناوەڕۆك و بێ سوود بووم، شتێکم نەمابوو بیفرۆشم بەو دڕندە گۆشتخۆرانە.

لە سووچێکی پارکێکدا و لە ژێر دارهەنجیرێکدا دانیشتم، ئەوەندە هیلاك و دەستەوەسان بووم دەپاڕامەوە و دەموت: "مردن لەکوێی؟ وەرە و بمکوژە!"

بەڵام نەدەهات...

نەمدەتوانی بەو حاڵەمەوە بگەڕێمەوە ماڵەوە، ئەوەی کە پێم دەوت ماڵ ژێر زەمینی ماڵی پوورە هاجەر بوو، لەکاتێکدا کە بەجێم هێشت دایکم لەتاو ئازار دەینالاند...

ئاه دایکە ئازیزەکەم! ئێستا نازانم لە چ حاڵێکدایت. چەند مانگە هەواڵت نازانم. هێز و توانای گەڕانەوەم نییە...

نازانم دەژیت یان مردوویت؟ لەم دونیایەدا مردن لە ژیان زۆر خۆشترە.

ئاخر ژیانی من چ سوودێکی هەبوو؟ چی دەبوو پێش ئەوەی لەو ژیانە پیس و لەکەدارەدا ون ببم بمردمایە؟ ئەوکات بەپاك و خاوێنی

دەچوومەوە ئەو شوێنەی بۆی دەچم. هیچ نەبێت ویژدانم ئاسوودە دەبوو، کەسایەتیم بە پاك و خاوێنی دەمایەوە، وەك براکەم...

کاتێك لەنێوان ژیان و مردندا لە کێشمەکێشمێکی سەختدا بووم جەستە بێ شەکەت و ماندووەکەم ئەوەندە بەرگەی نەگرت و لەوێدا کەوتم.

خەونێکی زۆر سەیر بوو

لەو شوێنە کە لێی کەوتبووم خەونێکم بینی ئاڕاستەی ژیانمی گۆڕی. لەدوای ئەوەی لە دایکم جیا بوومەوە یەکەمجارم بوو لە خەومدا دەمبینی. لەجێیەکی زۆر پاك و خاوێن و خۆشدا هاتە بەرچاوم. جلی زۆر جوانی لەبەردابوو، چاك بووبووەوە، قەڵەو بووبوو، ئەو ڕەنگە زەردەی ڕۆشتبوو، شێوەو ڕووخساری زۆر زۆر جوان بوو. برا ڕەحمەتییەکەشمی لەگەڵ بوو. لەکاتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەتم دەکاتەوە، بەڵام بە نەرم و نیانییەکی زۆرەوە باوەشی پیاکردم و وتی:

– کچم! زۆر بیرت دەکەم. خێرا مەوەستەو بڕۆ بۆلای پوورە هاجەرت، ئەو چاوەڕێت دەکات. ئەمە دوا شتە لە تۆی داوا دەکەم... دەی خێرا بڕۆ.

بێئەوەی بزانم چی ڕووی داوە بەئاگا هاتم، دەوروبەرم کەسی لێ نەبوو، لە پارکەکەدا لەناو دەردەکانی خۆمدا نوقم بووبووم... لەبەرئەوەی لەمێشکمدا دامنابوو کە دەماری دەستی خۆم ببڕم و خۆم بکوژم، لە سەرەتادا زۆر گوێم نەدا بەو داوایەی دایکم.

ئاخر لە ئێوە دەپرسم! کچێك کە بەهۆی تێوەگلانی لەهەموو ئەو کارە بەدو پیسانەدا بڕیاری خۆکوشتنی دابێت چۆن دەتوانێت لەبەردەم مرۆڤێکی پاکی وەك پوورە هاجەردا بوەستێت؟ بەو حاڵەمەوە کە نوقمی تاوان بوو بووم، چۆن دەمتوانی دەستە پاکەکانی ئەو ماچ بکەم و پیسی بکەم؟

ئای دایەگیان!.. تۆ نەتدەزانی لە چ دۆخێکدام.

لەو کاتەدا ئازارێك وەك هەورەبروسکە دای لە مێشکم، تۆ بڵێی دایکم مردبێت؟ ئەی ئەگەر دەژی بۆ نەیوت وەرەوە بۆلای خۆم وتی بڕۆ بۆلای پوورە هاجەرت؟ بۆ وتی ئەمە دوا ئارەزوومە لەتۆی داوا دەکەم و زۆر سوور بوو لەسەری؟ لەژیانمدا جگە لە ئازار هیچ شتێکم پێشکەش نەکردبوو ئیتر چۆن دەمتوانی کۆتا ویست و ئارەزووی ئەو پشت گوێ بخەم؟ ئایا دەکرا هەموو شتێك پشت گوێ بخەم و بچم بۆلای پوورە هاجەر؟ دایکم لەژێرزەمینی ماڵی پوورە هاجەردا دەژیا، لەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر لە ژیاندا بێت. پێش خۆکوشتن سەردانێکی ئەویش دەکەم. ئەوەبوو بڕیارم دا سەردانی ماڵی پوورە هاجەرم بکەم، دواتریش خۆم بکوژم...

تاکە شتێك کە لەمێشکمدا بوو، ئەوەبوو کە چۆن و بە چ ڕوویەکەوە خۆم پیشانی ئەو خانمە فریشتەئاسایە بدەم کە لەمندالیەوە وەك منداڵی خۆی پەروەردەی کردبووم... لەوە ناخۆشتر دایکم کە لەو هەموو ئازارەدا جێم هیشتبوو چۆن لێم خۆش دەبێت؟

بەدەم خۆمەوە وتم خۆ من مردوویەکی گەڕۆکم. گرنگ نییە چیم پێ دەڵێن، چی دەڵێن با بڵێن. کە من دوای چەند ڕۆژێك خۆم کوشت هەموو ئەمانە لە دوای خۆم بەجێ دەهێڵم...

بەگوێی دایکمم کرد

ڕۆیشتم. بەڵام بە چەند تاوانێکەوە کە لێخۆشبوونیان نەبوو، بە شەرەفێکی لەکەدار و ناموسێکی فرۆشراوەوە ڕۆیشتم... نەك ژیان لەو بارودۆخەدا، بەڵکو بیرکردنەوەیش لەو حاڵەتە دڵی مرۆڤ دەوەستێنێت...

نزیکی چێشتەنگاو بوو. دابەزیمە ئەو ژێرزەمینەی دایکمی لێ دەمایەوە، سەیرم کرد دەرگا داخراوە و بەردەم دەرگاکەش پێڵاوی لێ نییە. دام لە دەرگا و دەستم نا بە زەنگەکەدا، بەڵام هیچ دەنگێك نەبوو...

وتم: " لەوانەیە دایکم لەسەرەوە بێت، یان لەوانەیە شتێکی بەسەر هاتبێت. تۆ بڵێی بەڕاستی مردبێت؟"

دڵەخوورپەیەکی سەیر ناخی داگیر کردم. لە جێی خۆم دانیشتم، تا ماوەیەك نەهاتمەوە سەر خۆم. دواتر چوومە سەرەوە بۆ ماڵی پوورە هاجەر. کە گەیشتمە بەردەم دەرگاکە ناخم پڕ بوو لە خورپە. نەمدەزانی چی ڕوو دەدات؟ کچێك کە ئەو هەموو تاوانەی کردووە، دەکرا درۆ بکات؟! دەبووایە چیرۆکی هەڵبەستایە یان دانیشتایە بگریایەو داوای لێخۆشبوونی بکردایە؟

نەمدەزانی... کاتێك لەنێو ئەو هەموو کێشمەکێشمەی ناخمدا بووم، لەپڕ دەرگا کرایەوە و لەگەڵ پوورە هاجەردا ڕووبەڕوو وەستاین.

ئای خوایـەگیان!!! ئێـوە سـەیری ئـەو ڕووخسـارە پـاك و بێگـەردە بکەن. بە سیماو وەستانیەوە دووبارە منی شەیدای خۆی کردەوە.

خانمێکی فریشتەئاسا

بۆ ماوەیەك ئەو نیگـا شـیرینانەی ئاڕاسـتەکردم و دواتـر بـە ڕوویـەکی خۆشەوە وتی:

– تۆ (سێڤدا)ی خۆمان نیت؟

ئـیتر لـە شـەرمدا سـەرم دانەواند. ئەوەنـدە تـەریق بوومـەوە کـە لـە عارەقی خۆمدا نقوم بووم. هیچ وەڵامم پێ نەبوو. مـنی خسـتە نێـوان ئـەو باڵەگەرم و گوڕانەیەوە.

– ئای کچم سێڤدا، خۆ ئەوە تۆیت. نازانیت چەندە بیرم دەکردیت.

قۆڵی ڕاکێشام:

– تۆ جارێ وەرە ژوورەوە. زۆر شت هەیە دەبێت پێکەوە باسی بکەین. بردمیـە ژوورەوە. مـاڵێکی پـاك و بێگـەردی وای هـەبوو کـە دڵـی مرۆڤـی دەکردەوە. ئەو ماڵە بۆنی ئاسـوودەیی لێـوە دەهـات و کاریگـەری لەسـەر هەموو گیانم دادەنا.

بە سۆز و بەزەیی دایکێکەوە بە دەورمدا دەسووڕایەوە. ئەمانە شتێك نەبوون دروستکراو بن. بەڵکو ئاوێنەی خۆشەویستی و سۆزی ناخی بوون.

– ڕۆڵەی خۆشەویستم. زۆر بێ تاقەت و هیلاك دیاریت. هەستە بڕۆ خۆت بشۆ. با منیش جلی پاکت بۆ بهێنم.

– دایکم لەکوێیە پوورە هاجەر؟

لەپڕ لەو ڕووە پڕ نوورەیدا هەوری خەم دەرکەوت و، لەو چاوە شیرینانەیدا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك ڕیزیان بەست.

تیغێك دای لە دڵم و ناخم کڵپەی سەند. پێشبینییەکەم ڕاست دەرچوو. دایکم لەو خەونەدا لە دونیایەکی ترەوە هاواری لێ کردم.

بەترس و لەرزەوە وتم:

- خوانەخواستە خۆ نەمردووە؟

بەدەنگێکی پڕ لەئازارەوە وەڵامی دایەوە:

- تەقدیری خوایە کچم.

ئەو هەواڵە جەرگی لەت لەت کردم

لەو کاتەدا کەوتمە سەر زەوی... ئەوە دوا ڕووخانم بوو، لەهەموو دونیادا بەس ئەوم هەبوو ئەویش ڕۆیشت. ئیتر هەورەبرووسکەکانی مێشکم دوابڕیاریان پێ ئیمزا کردبووم.

"هەرچی زووترە دەبێت ئەم کارە تەواو بکەم."

پوورە هاجەر باوەشی پیاداکردمەوە و، وەك دایکێك دووبارە لە ئامێزی پڕسۆزی گرتم:

- تۆ نازانیت کچم. ئەو ئەوەندە بە مردنێکی جوان مرد، ئیرەییم پێبرد و هیوام خواست لەجێی ئەوبم. چەند ڕۆژ پاڕامەوە لە خوا، کە منیش ئاوا بباتەوە.

هەموو شتێکت زۆر جوان بوو، هەموویت بۆ باس دەکەم. بڕوام پێبکە گیانەکەم، هەواڵی زۆر خۆشت پێ دەدەم. هیچ مەگری بەڵکو دڵت خۆشبێت و شانازی بە دایکتەوە بکە... ئەوەندە جوان بردیەوە لای خۆی

ناتوانم باسی دڵخۆشی ئەو کاتەی بکەم، داماوە لەژیانیدا دڵخۆشی نەبینی...

پوورە هاجەر بەو زمانە شیرینەی خۆی دەیویست دڵم بداتەوە، ئەو دڵەمی حەساندەوە کە هیچی دەربارەی بیروباوەڕ و ئیمان و خواو ڕۆژی دوایی تێدانەمابوو.

سەرمی بەرز کردەوە بە دەستە نەرمەکانی و فرمێسکەکانمی سڕی. چەندین جار ڕوومەتەکانمی ماچکرد و دەستی هێنا بە سەرمدا.

من شایانی ئەو خۆشەویستییە نەبووم، من شایانی ئەو گرنگی پێدان و بەزەییە نەبووم، بەڵام پوورە هاجەر فریشتە بوو، لەگەڵ ئەوەی کە ئاگای لە زۆر شت بوو، بەڵام نەیدەهێشت هەستی پێ بکەم.

چڵکەکانی جەستەم پاك دەبووەوە، بەڵام ڕۆحم....

پێش هەموو شتێك بەزۆر کردمی بە گەرماوەکەدا، پاشان جل و بەرگی پاك و خاوێنی پێدام. لەدوای ئەو هەموو ماوەیە ئەوە یەکەمجارم بوو بە ئاوێکی پاك خۆم دەشت، چڵکی جەستەم لاچوو، بەڵام ئەو پیسییانەی لە گیانمدا بوون وەك خۆیان مابوونەوە.

لەگەرماوەکە دەرچووم سەیرم کرد خواردنێکی زۆر خۆشی ئامادەکردووە، چی هەبوو لەو خوانەدا نەبێت؟ هەرچی هەبوو بەو دەستە پاك و پیرۆزەی خۆی کردبووی.

لەبەرامبەر خۆیەوە دای نیشاندم، سێ ڕۆژ بوو نانم نەخواردبوو، بۆیە باش خۆم تێرکرد، هەم بەرامبەر یەك دانیشتبووین نانمان دەخوارد هەم باسی دایکمی بۆ دەگێڕامەوە:

- لەدوای ڕۆیشتنی تۆوە بەرگەی نەگرت، زۆر بیری دەکردیت. لەوە دەترسا تووشی شتێك ببیت. منیش بەتەنیا بەجێم نەدەهێشت، زۆرجار لەخوارەوە بە یەکەوە دەخەوتین.

لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا وەك فریشتەی لێهاتبوو. بە دڵ و گیان ڕووی کردبووە خوای گەورە، شەو و ڕۆژ باسی خوای گەورە لەسەر زاری بوو، هەم نزای بۆ من دەکرد هەم بۆ تۆ.

پێش یەك ڕۆژ لە وەفاتی وتی: "پوورە هاجەر، کچەکەم ئەمانەت بێ لای تۆ، خەونێکم بینی، ئەو دێت بۆلای تۆ، ئیتر نەهێڵیت بڕوات، من ڕێبوارم بەم نزیکانە دەڕۆم. منیان بانگ کرد، جێگەکەشمیان پێ نیشان دام."

منیش لێم پرسی: "لەکوێیە؟"

بەڵام وەڵامی نەبوو، کەوتە بیرکردنەوە، سەیرم کرد ڕووی وەك گوڵ گەشایەوە و زەردەخەنەیەك ڕووخساری گرتەوە، وەك ئەوەی ئەو شوێنەی بینیبێت کە بۆی دەڕوات، بۆیە زۆر دڵخۆش دیار بوو.

دوای یەك ڕۆژ و لەشەوی هەینیدا وەفاتی کرد، ئەوەندە مردنێکی جوان مرد هەر مەپرسە.

سەیرم کرد دووبارە پوورە هاجەر فرمێسك بەری چاوانی گرت و نیگاکانی بۆ شوێنێکی دوور ڕۆیشت.

منیش پاروەکە لە قورگمدا گیر بووبوو و نەدەچووە خوارەوە. تووشی شۆك بووبووم. بە بەردەوامی نەفرەتم لەخۆم دەکرد و داوای لێخۆشبوونم لە گیانی دایکم دەکرد.

مردنی پڕ وانەی دایکم

پوورە هاجەر بەردەوام بوو لە باسکردن:

- گەیشتبووە دوا ساتەکانی، چاوەکانی منی نەدەبینی، بەڵکو ئەو جێیەی دەبینی کە بۆی دەڕێشت. لەگەڵ من نا بەڵکو لەگەڵ ئەواندا قسەی دەکرد:

"خوا لەمن خۆشبوو؟! کوڕەکەشم لەوێیە؟ ئەی کچەکەم و مێردەکەم؟" دەتوت لەبەرامبەریدا کەسێك هەیەو قسەی لەگەڵ دەکات. بۆ دواجار سەیری منی کرد و وتی: "گەردنم ئازاد بکە پوورە هاجەر، من دەڕۆم، ئەوا هاتن بە شوێنمدا."

دەموچاوی ئەوەندە گەشایەوە دەتوت پارچەیەك نوورە. بەردەوام خەریکی زیکری خوا بوو. لە ئاسوودەییەکی هەمیشەییدا چاوی لێکنا.

دووبارە لەگەڵ پوورە هاجەر باوەشمان کردەوە بە یەکدا... ئەوەندە خراپ پەلەقاژەم دەکرد خەریك بوو خۆمم دەکوشت. ئەویش وەك دایکێکی بەبەزەیی دڵی دەدامەوە. بۆ چەند کاژێرێك لەسەر سفرەکە فرمێسکمان ڕشت. هەموو خەم و پەژارەکانم لەگەڵ ئەودا لەبیرکردبوو. دەتوت یەکەمجارە ئاوا دڵم ئیسراحەت دەکات. قۆڵمی ڕاکێشا:

- وەرە کچم جێگاکەی خۆمم ئامادەکردووە. کەمێك پشووبدە.

بەزۆر بردمیە ژوورەکەی خۆی، ژوورێکی تا بڵێی خۆش و پاك و خاوێن...

چۆن دەمتوانی لەو جێیەدا بخەوم. کەسێك کە ناموسی خۆی دۆڕاند بوو چۆن دەیتوانی لە جێیەکی وەهادا بنوێت کە هیچ تاوانێکی تێدا

نەکراوە؟ هەرگیز مانی ئەوەم نەبوو ئەو جێیە پیس بکەم. کە ئەو چووە دەرەوە لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتم و ئاگام لە خۆم نەما. کاتێك چاوم کردەوە حەسابوومەوە. وەك ئەوەی دووبارە گیان هاتبێتەوە ناو جەستەم. چەند کاژێرێك نووستبووم. نزیکی نیوەشەو بوو کە هەستام...

– پوورە هاجەر من زۆر مامەوە. دەبێت بڕۆم هاوڕێکانم چاوەڕێمن.

بەمشێوە چەند درۆیەکم ڕێکخست، ڕاستییەکەی نەمدەویست ماڵەکە بە منەوە پیس ببێت. نەدەبوو کەسێکی وەك من لەو ماڵەدا بمێنێتەوە. بەڵام وەڵامی دامەوە:

– جا چۆن شتی وا دەبێت؟ بە هیچ شێوەیەك ناهێڵم بڕۆیت. تۆ یادگاری دایکتیت لای من. با ڕۆژ ببێتەوە ئەمانە هەمووی باس دەکەین...

هەرچی هەوڵم داو درۆم پێکەوە نا نەمتوانی لە دەستی دەرباز ببم.

تۆ نەبویتایە من چیم دەکرد

لەوێ مامەوە، تا بەیانی دەردەدڵمان لەگەڵ یەکتر کرد، بەڵام نەمدەویست باسی ئەو هەموو تاوانانە بکەم کە کردوومن، گوایە خۆم دەدزیەوە. ئەو لە هەموو شتێك تێدەگەیشت، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی نەدەدا کە بزانم تێگەیشتووە.

مێردەکەی (مامە ڕەحمی) کۆچی دوایی کردبوو. لە هەمان کاتدا دایکی هاوڕێی منداڵیم (شەیدا) واتە کچەکەی پوورە هاجەر گەڕابوویەوە بەردەم بارەگای خوا. شەیدا لەگەڵ باوکی(مامە یوسف) دەمایەوە. جگە لەوەش شەیدا دەزگیراندار بوو، هاوسەرێتی لەگەڵ دادوەرێکدا کردبوو، بەو نزیکانەش زەماوەندیان دەکرد.

چوو وێنەی شەیدای بۆ هێنام و بۆی باسکردم:

- ئەوان ئێستا لەگەڵ باوکی لە قاتی سەرەوە دەژین.

وێنەکەی پیشاندام، گەورەبووبوو، کچێکی گەنجی بالاپۆشی زۆر جوان بوو. واتە دوای ئەوەی من ڕۆیشتووم زۆر شت گۆڕاوە. من چۆن گۆڕابووم ئەوانیش گۆڕابوون. بەڵام بە جیاوازییەکەوە، ئەوان پێگەیشتبوون بەڵام من دۆڕابووم.

نەیهێشت بڕۆم

پوورە هاجەر دوو ڕۆژ نەیهێشت بڕۆم. ئەو دوو ڕۆژە وەك شیفایەکی چەند ساڵە وابوو بۆ من.

کۆتا ڕۆژیش شەیدا هات. باوەشمان کرد بەیەکدا و حەسرەتی ئەو ماوە دوورییەمان دەرکرد. ئەو زۆر شتی هەبوو بۆ باسکردن، بەڵام من هیچ نەبوو باسی بکەم. بەردەوام ئەو قسەی دەکرد و من گوێم دەگرت... باسی مرۆڤی دەکرد، بۆچی دروستکراوین. مردن، ڕۆژی دوایی، لێپرسینەوە...

بەلای منەوە ئەو باسانە لە ڕابردوودا بەجێ مابوون. ئەو ژیانەی تیایدابووم بچووکترین شوێنەواری ئەو چەمکانەی لە منـدا نەهێشتبوو. بەتەواوی کەوتبوومە ناو بازنەی بێبڕوایی و نکوڵی کردن. مێشکم چەندین پرسیار و کێشەی تێدابوو:

- ئەمشەو دەزگیرانەکەم، (ئەرکوت) دێت، هەم یەکتر دەناسن، هەم ئەم پرسیارانەش لەو دەکەیت. ئەو کەسێکە زۆر باش خۆی پەروەردە کردووە. دڵنیام زۆر خۆشحاڵ دەبێت بە ناسینت.

منیش قبوڵم کرد.

ئێوارە لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا یەکترمان ناسی. کوڕێکی باڵابەرز و ڕووخسار ڕۆشن بوو، ڕێك و پێکی ئەو کوڕە لە حاڵیدا دیاربوو. زۆر باش خۆی پەروەردە کردبوو.

بەشی پێنجەم

خوای گەورە منی لە لەناوچوون گێڕایەوە.
موعجیزەیەکی وای دروستکرد وات دەزانی سێڤدای
پێشووی سڕیوەتەوەو دانەیەکی تازەی دروست
کردووە. ئەو کەش و هەوایە، ئەو قسە ئاسایانەی
دەیکرد ئەوەندە جوانبوون ناتوانم باسیان بکەم.
ئەوە وردە وردە زیندووبوونەوە بوو بۆ من

ئەو ڕۆژەی ژیانمی گۆڕی

ئایا دەکرێت مرۆڤ بێ هوودە بژی؟

شـــەو لـــە مـــاڵی پـــوورە هاجـــەر گفتوگۆیـــەکی زۆر ســـەرنجڕاکێش هاتەکایەوە. من پرسیارم دەکرد و کاك ئـەرکوت بـە شـێوازێکی شـیرین و لۆژیکی وەڵامی دەدایەوە.

من لە ڕوانگەی بیری خۆمەوە چوومە ناو بابەتەکەوەو وتم:

– بەڕای من بیرۆکەکانی وەك خودا و ئایین، زۆر لەدوا بەجێماوە و عەقڵ و ڕاستییە زانستیەکان جێیان گرتوونەتەوە. مرۆڤ دەبێت چۆن دڵی خۆشە وا ڕەفتار بکات و بژی.

لەڕاستیدا ئەم بیروباوەڕە دەرئەنجامی ئەو ژیانە نوێیەم بـوو. هێشـتا بۆ تێگەیشتنی کۆمـەڵێك ڕاسـتی بەهانـەم دەهێنایـەوە، بـەڵام وەڵامەکـەی کاك ئەرکوت بۆ پرسیارەکەم زۆر ناوازە بوو:

– لەوانەیە بیرۆکەکەتان بەڕای خۆتان ڕاست بێت، بەڵام وەرە با بەیەکەوە سەیری ڕوویەکی تری مەسەلەکە بکـەین! دڵنیـام کـە کۆمەڵـە ڕاسـتییەکی تریش هەن کە ناچار دەبیت قبوڵیان بکەیت.

کتێبێکی گەورەی بەرگ سووری گرت بە دەستییەوە. چەند بەشێکی جیاوازی لە کتێبەکە خوێندەوە و هەم ڕوونیشی کردەوە.

مەسەلەکە بە چیرۆکێکی زۆر کاریگەر دەستی پێدەکرد:

" لە دێر زەماندا، دوو برا پێکەوە چوون بۆ گەشتێکی دوور و درێژ.. ئەم دوو برایە ڕێیان گرتەبەر تا گەیشتنە دووڕیانێك، لەوێدا پیاوێکی هەڵکەوتوو و دامەزراویان بینی ئەمانیش لێیان پرسی:

- ئایا ئەم دوو ڕێگایە کامیان باشترە؟

ئەویش وتی:

- ڕێگای دەستە ڕاست، پەیڕەویکردنی ناچاریی یاسا و ڕێسای تێدایە، بەڵام ئەو پەیڕەویکردنە ئاسایش و کامەرانیی بۆ ئەوانە تێدایە کە دەیگرنەبەر. ڕێگای دەستە چەپیش بێیاسایی و بەرەڵایی و سەربەستیی تێدایە، بەڵام لە دووتوێی ئەو سەربەستییە ڕواڵەتییەدا ڕێڕەوانی ئەو ڕێیە دووچاری فەوتان و بەدبەختی دەبن.. ئێستاش خۆتان لە هەڵبژاردنی هەرکام لەو دوو ڕێگایەدا سەرپشك و سەربەستن.

پاش بیستنی ئەم وتە جوانانە، ڕەوشت باشەکەیان، کە پڕ بەدڵ حەزی لەپەیڕەوی کردنی یاساو ڕێساو ڕێکو پێکی بوو، ڕێگای ڕاستی گرتەبەرو، وتی: (توکلت علی الله) کەوتە ڕێ.. بەڵام بێچارە بەدڕەوشتەکەیان، ڕێگای چەپی بە باشتر زانی، لەبەر حەزو ئارەزووی بەرەڵایی و سەربەستی کە لەو ڕێگایەدا هەبوو..

دەبا ئێمەش بە ئەندێشە و خەیاڵ شوێن پێی ئەم پیاوەیان هەڵبگرین کە ڕێگایەکی بە ڕواڵەت سووك و ئاسانی گرتەبەر، ئەو ڕێگایەی کە لە

ڕاستیدا تا بڵێی زەحمەت و دەردیسەری و ماندووبوونی لە دووتوێدایە، تاکو بزانین چیی بەسەر دێت.

ئەم پیاوە، پاش ئەوەی شیو و دۆڵە قووڵ و بەرزاییە سەختەکانی ڕێگای بڕی، گەیشتە دەشت و بیابانێکی سامناك. لە ناکاودا دەنگێکی ترسناکی بیست، کە ئاوڕێکی لێ دایەوە شێرێکی گەورەی بینی کە لەناو جەنگەڵێکەوە بەرەو ڕووی دەهات! یەکسەر بە ترس و لەرزەوە لەبەری هەڵهات، تا گەیشتە لێواری بیرێکی وشك کە بە ئەندازەی شەست گەز قووڵ بوو. لە ناچاریدا خۆی هاویشتە ناو بیرەکەوە بۆ ئەوەی لە دەست ئەو شێرە ڕزگاری بێت. لە کاتی بازدان و پێش ئەوەی بگاتە بنکی بیرەکە دەستی لە درەختێك گیربوو کە بە دوو لق ڕەگەوە لە دیواری بیرەکەدا ڕوابوو، یەکسەر خۆی پێوە ڕاگیر کرد. هەر هێندەی کە بە درەختەکەوە گیرسایەوە و دەوروبەری خۆی بە باشی بینی، سەیری کرد دوو مشك، یەکێکیان ڕەش و ئەوی تریان سپی، بەردەوام بە دانە تیژەکانیان و لەسەرخۆ خەریکی قرتاندنی ئەو دوو ڕەگەی درەختەکە بوون!

پاشان سەیرێکی سەرەوەی کرد، بینیی وا شێرەکە وەك پاسەوان لە دەمی بیرەکەدا ڕاوەستاوە.. کە سەیری خوارەوەشی کرد هەژدیهایەکی گەورەی لە بنکی بیرەکەدا بینی کە لە نزیکەی سی گەز دوورییەوە سەری هەڵبڕیبوو دەیویست لێی نزیك ببێتەوە و، دەمیشی بە فراوانیی بیرەکە کردبووەوە و چاوەڕوانی ئەو ساتەی دەکرد کە ئەم بەربێتەوە و ئەویش قووتی بدات! سەرەڕای ئەمانە، چەندین مێرووی گەزندە و ژەهراویی جۆراوجۆریش وەك بازنەی دەست دەوریان لێدا.

پاشان سەیری لای سەرەوەی درەختەکەی کرد، بینیی ئەم درەختە لە ڕواڵەتدا درەختی هەنجیرە، کەچی بە شێوەیەکی دەراسا گەلێك جۆری جیاجیای میوەی وەك گوێز و هەنار و شتی تری لەو جۆرەی گرتووە!

ئەم پیاوەش، بەهۆی تێنەگەیشتن و نەفامیی خۆی، نەیدەزانی کە ئەم شتانەی دەیانبینێت ئاسایی نین و، هەرگیز ناگونجێت بە ڕێکەوت و بێمەبەست هاتبنە کایەوە و، لەوە تێنەدەگەیشت کە ئەم کاروبارە سەیرانە هۆکارێکیان هەیە و دەبێت لە پشتی ئەم شتانەوە یەکێك هەبێت بەڕێوەیان ببات و ڕێکیان بخات..

لەگەڵ ئەمانەشدا، دەروونی بەدخوازی ئەم کابرایە، وەك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت و هیچ گیروگرفتێکیش تووشی "دڵ" و "گیان" و "ژیری"ی ئەو نەبووبێت، هەموو ئەوانەی فەرامۆش کرد و پەلاماری میوەی درەختەکەی دا و بێ سێودوو دەستی دایە خواردنی ئەو بەروبوومانە، هەرچەندەش هەندێکیان ژەهراوی و کوشندە بوون. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی گوێی خۆی لەتاو هاوار و ناڵەی "دڵ"ی بناخنێت و، دەنگی داد و فریادی دڵ و گیان و ژیریی نەبیستێت!

بەم چەشنە، کەوتە ناو ئاگری سزا و ئازارەوە، نە ئەوە بوو بمرێت و لەو ئازار و سزایە پزگاری ببێت، نە دەیشیتوانی ژیانی بە شادمانی بەسەر بەرێت!

وا ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە ئەو نەگبەتە بەجێدەهێڵین، با لە سزا و ئازاری خۆیدا بتلێتەوە و، بە ڕێگای خۆماندا دەگەڕێینەوە تاکو بزانین براکەی چیی بەسەر هات؟

ئەمیش، وەك براکەی، ڕێی کەوتە ناو بیابانێکی بەرین و دەشتاییەکی فراوانەوە. هەروەکو ئەویش، لە ناکاودا دەنگی شێرێکی بیست کە هەڵمەتی بۆ دەهێنا، ئەمیش، وەك براکەی، ترس و بیم دای گرت و سامی لێ نیشت، بەڵام کەمتر لە چاو ترس و سامی براکەی، چونکە بەهۆی بیرکردنەوەی جوان و گومانی پاکی، بە جوانی بیریکردەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

– (دیارە ئەم بیابانە فەرمانڕەوایەکی هەیە. کەواتە دەبێت ئەو شێرە خزمەتگوزارێکی گوێڕایەڵی ژێر دەستی ئەو فەرمانڕەوایە بێت).

بەمە دڵنیایی ڕووی تێکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەست شێرەکە هەڵهات و ڕایکرد، تا گەیشتە لێواری بیرێکی وشك کە شەست گەز قووڵ بوو. ئەمیش، وەك براکەی، لە ترسی شێرەکە خۆی هاویشتە ناو بیرەکەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە بنکی بیرەکە دەستی لە درەختێك گیر بوو، یەکسەر خۆی پێدا هەڵواسی. سەیری کرد وا دوو زیندەوەر پەیتا پەیتا هەردوو لقی ڕەگی درەختەکەیان دەقرتاند.. پاشان کە سەیری سەرەوەی کرد، شێرەکەی بینی کە لە دەمی بیرەکەدا ڕاوەستابوو.. ئنجا سەیری خوارەوەی کرد هەژدیهایەکی لە بنکی بیرەکەدا بینی.. کە سەیری خۆیکرد بینیی لە بارێکی سەیر و سەرسووڕهێنەردایە و، گەلێك ڕاما، بەڵام سەدان جار لە ڕامانی براکەی کەمتر، چونکە ڕەوشتە جوانەکانی بیرکردنەوەی جوانیان پێبەخشیبوو، کە ئەمەش لایەنە جوانەکانی هەموو شتێکی پیشان دەدا..

لەبەر ئەمە، بیری کردەوە کە ئەم شتە سەرسووڕهێنەرانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و، وا دەردەکەوێت کە یەکێك هەیە بیانبزوێنێت و، دەبێت ئەم کاروبارە سەرسووڕهێنەرانە نهێنییەکی شاراوە و تەلیسمێکی داخراویان تێدا بێت:

– (بەڵێ، هەموو ئەم شتانە دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانی فەرمانڕەوایەکی نادیار، کەواتە من لێرەدا تەنیا و ئاوارە نیم، بەڵکو ئەو فەرمانڕەوا نادیارە دەمبینێت و پارێزگاریم دەکات و، بۆ ئەنجام و مەبەستێکی تایبەتی تاقیم دەکاتەوە و، بۆ کوێ بیەوێت دەمبات)!

لەم بیرکردنەوە جوانەدا شەوق و تاسەیەکی تێدا پەیدا بوو کە ئەم پرسیارەی هێنایە کایەوە:

– ئایا دەبێت ئەو کەسە کێ بێت کە بەم جۆرە تاقیم دەکاتەوە و دەیەوێت خۆیم پێ بناسێنێت و لەم ڕێبازە سەیرەوە بەرەو ئەنجامێکی دیاریکراو ئاراستەم بکات؟!

خۆشەویستیی خاوەنی تەلیسمەکە لە حەزکردنی ناسینیەوە دروست بوو.. لەو خۆشەویستییەشەوە حەزی شیکردنەوەی ئەو تەلیسمە گەشەی کرد.. لەم حەزەیشەوە ئارەزووی وەرگرتنی بارێکی شیاوی گونجاو بەرامبەر خاوەنی ئەو تەلیسمە و بۆ دەستکەوتنی ڕەزامەندیی ئەو، لە دەروونیدا پەیدا بوو..

پاشان سەری هەڵبڕی و سەیرێکی درەختەکەی کرد، بینیی ئەم درەختە بە ڕواڵەت دار هەنجیرە، کەچی هەزاران جۆر میوەی ڕەنگاوڕەنگی گرتووە! هەر کە ئەمەی بینی یەکسەر ترسەکەی بە تەواوی ڕەوییەوە.

چـونکه بـۆی ڕوون بـووەوە کـە ئـەم دارهـەنجیرە لیسـتە و پێڕسـت و پیشـانگایەکە فـەرمانڕەوای نادیـار، بـەو شـێوە سـەیرە، نموونـەی پێکهاتووەکانی ڕەزو باخچەکانی خۆی لێرەدا داناوە و ئەم درەختـەی پـێ ڕازاندووەتەوە بۆ پیشاندان و دەرخستنی ئەو لەزەت و خۆشییانەی کە لـە باخچەکانیدا بۆ میوانەکانی خۆی ئامادەی کـردوون. ئەگـەر نـا درەختێك هەرگیز بەروبوومی هەزاران درەخت ناگرێتە خۆ..

ئیتر ئەم مرۆڤە کە گەیشتە ئەم ئەنجامە، هیچی بۆ نەمایەوە لـە نـزا و پاڕانەوە زیاتر، بۆیە بە سـەرکزی و ملکەچـی یـەوە ئەوەنـدە پاڕایـەوە تـا کلیلی نهێنییەکەی کەوتە دڵەوەو وتی:

– "ئەی فەرمانڕەوای ئەم هەرد و دەشت و بیابانە! وا پەنام بۆ هێنایت و لێـت دەپاڕێمـەوە، مـن خزمـەتگوزارێکی تـۆم و، تـەنها ڕەزامەنـدیی تـۆم دەوێت، داوات دەکەم و لە دووت دەگەڕێم".

پاش ئەم پاڕانەوەیە، یەکسەر دیواری بیرەکە لە شێوەی دەرگایەکـدا لەسەر سەوزایی و باخچەیەکی فراوانی جوان و بێگەرد کرایەوە. دوور نییـە هەر دەمی هەژدیهاکە بووبێت بە دەرگا و لـێی خرابێتە سەرپشت..

شـێر و هەژدیهاکـەش وەك دوو خزمـەتگوزاریان لـێهات و خولکیـان دەکـرد بـۆ نـاو باخچـەکە، تەنانـەت شـێرەکە لەبـەر دەسـتیدا شـێوەی ئەسپێکی ئامادە و زینکراوی وەرگرت.

ئـەو دوو برایـە، یـەکێکیان: "ڕۆح"ی ئیمانـدار و "دڵ"ی پیاوچـاکە.. ئەوی تریان: "ڕۆح"ی کافر و "دڵ"ی مرۆڤی فاسقە..

ڕێگای لای ڕاستیان: ڕێبازی قورئان و شارێگای ئیمانە.. ڕێگای لای چەپیش: ڕێبازی کوفر و یاخیبوونە..

ئەو باخ و بێستانەی سەر ڕێگاکەش: ئەم ژیانە کۆمەڵایەتی و کاتیەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانێتیی ئادەمیزادە، کە لە یەك کاتدا باش و خراپ، خێر و شەڕ، پاك و پیسی تێدایە..

ئەو بیابانەش: ئەم دنیا و سەرزەوییەی خۆمانە کە تیایدا دەژین..

ئەو شێرەش: مردن و ئەجەلی مرۆڤە..

ئەو بیرەش: لەش و جەستەی ئادەمیزاد و سەردەم و کاتی ژیانیەتی

قووڵییە شەست گەزییەکەی بیرەکەش: ئاماژەیە بۆ تێکڕای تەمەن کە شەست ساڵە..

ئەو درەختەش: ماوەی تەمەن و ماددەی ژیانی ئادەمیزادە..

ئەو دوو گیانلەبەرە ڕەش و سپییەش: شەو و ڕۆژن لە تەمەنی مرۆڤدا..

مەبەست لە دەمی هەژدیهاکەش: دەمی "گۆڕ"ە کە دەرگایەکە لە ڕووی بەرزەخ[1] و ژیانی ئاخیرەتدا دەکرێتەوە، ئەوەندە هەیە کە ئەو دەمە بۆ مرۆڤی باوەڕدار دەرگایەکە پیایدا تێپەڕ دەبێت، کاتێك لە بەندیخانەی دنیاوە بەرەو باخچە و بێستانەکانی بەهەشتی بەرین دەڕوات و هەنگاو دەنێت..

ئەو مێرووە زیانبەخشانەش: گیروگرفت و بەڵاکانی ژیانی دنیان. ئەوەندە هەیە بۆ مرۆڤی باوەڕدار هۆکارێکی شیرینی بێدارکردنەوەی

١- بەرزەخ: ژیانی ناو گۆڕ.

خواوەندن و، ئاوڕدانەوەی پەروەردگارن لە بەندەکانی خۆی، تا هەرگیز "بێ ئاگایی" بە سەریاندا زاڵ نەبێت..

بەروبوومە هەمە چەشنەکانی ئەو درەختەش: نیعمەتەکانی دنیان کە پەروەردگاری گەورە و سەخاوەتمەند دروستی کردوون، بۆ ئەوەی وەك لیستە و ناوەرۆکێك وابن بۆ نیعمەتەکانی ئاخیرەت و یادی نیعمەتەکانی ئەوێیان پێ بکرێتەوە و، خواوەندی دانا بۆ بانگێشتی کڕیارەکانی میوەی بەهەشت لە شێوەی چەند نموونەیەکدا بەدیی هێناون.

ئەو هەموو میوە جۆراوجۆرانەش کە خوا بەو درەختەی بەخشیبوو، پەنجە بۆ مۆرکی "صەمەدانییەت"ی خوا و تەمغەی[1] "پەروەردگارێتی" و فەرمانڕەوایەتی "دەستەلاتی" ئەو درێژ دەکات..

چونکە (دروستکردنی هەموو شتێك لە تەنیا یەك شت) وەك پێکهێنانی هەموو جۆرەکانی ڕووەك و بەروبوومەکانیان لە تەنها یەك گڵ و، دروستکردنی هەموو زیندەوەران لە یەك ئاو و، داهێنانی ئامێرەکانی زیندەوەرانیش لە خۆراکێکی ساکار.. هەروەها (دروستکردنی یەك شت لە هەموو شتێك) وەك دروستکردنی گۆشتێکی تایبەتی و پێستێکی ئاسایی بۆ زیندەوەران لە چەندین جۆر خۆراکی هەمە چەشن و جیاواز.. هەموو ئەمانە سکە و تەمغەی کەسێکی "صەمەد" و تاك و تەنیا و، مۆری تایبەتیی پادشای ئەزەل و هەتاهەتایین کە هەرگیز بە کەس لاسایی ناکرێنەوە.

---

١ – تەمغە: مۆری دەزگای دەوڵەتی.

بـەڵێ، داهێنـانی یـەك شـت لـە هـەموو شـتێك و، بـەدیهێنانی هـەموو شتێکیش لە تەنیا شتێك، تایبەتکارییەکی سەربەخۆی بەدیهێنەری هـەموو ئەو شتانەیە و، بەڵگەیەکی تایبەتیی ئـەو خواوەندەیـە کـە بەسـەر هـەموو شتێکدا بەتوانا و زاڵ و بەدەستەڵاتە.

ئەو تەلیسمەش، نهێنیی دانسـت و ئامـانجی بـەدیهاتنی بوونەوەرانـە، کە تەنها بەهۆی نهێنیی ئیمانەوە دەکرێتەوە.

ئەو کلیلەش کە دەیکاتەوە(الله لا إله إلا هو الحی القیـوم)و (یـا الله) و (لاإله إلا الله)یە.

گـۆڕانی دەمـی هەژدیهاکـە و بـوونی بـە دەرگـای باخچـە و بێسـتان، هێمای ئەوەیە کە: "گۆڕ" بەندیخانەی دڵتەنگی و لەبیرچـوون و فـەرامۆش کردنە و، بۆ گومڕایان و ستەمکاران وەکو ناوسکی هەژدیها وایە.. بەڵام بـۆ ئەهلی باوەڕ و قورئان دەرگایەکە خراوەتە سەرپشـت، تـا لـە بەندیخانـەی ئەم ژیانە بەرەو باخچە و گوڵزارەکـانی ژیـانی نـەمری و هەمیشـەیی و، لـە کـۆڕی تاقیکردنـەوەی دنیـاوە بـۆ خۆشـی و کامـەرانیی بەهەشـت و، لـە دەردیسەریی ئەرکی ژیانەوە بۆ ژێر سایەی بەخشندەیی خـوای گـەورەی میهرەبان دەرباز بێن.

گـۆڕان و بـوونی ئـەو شـێرە درندەیـەش بـە ئەسـپێکی ئامـادەکراوی خزمـەتگوزار، هێمایـە بـۆ ئـەوەی کـە: "مـردن" بـۆ گومڕایـان جـودایی و لێکدابڕانێکی سزادەری هەتا هەتاییە لە هەموو دۆسـت و خۆشەویسـتان و، بەجێهێشتنی بەهەشتێکی درۆینـە و هەڵخەڵەتێنـەری وەك دنیایـە، بـۆ نـاو تـــەنگی و تەســـکیی بەندیخانـــەی تـــەنیایی نـــاو گـــۆڕ و وێنبـــوون و

سەرلـــێشێوانێکی بێســـنوور.. بـــەڵام بـــۆ ئـــەهلی هیـــدایەت و قورئـــان، گەشتێکە بەرەو جیهانی دوایی و هۆکارێکی گەیشتنە بە خۆشەویستان و هاوڕێیـانی دێـرین و، هۆیەکـە بـۆ چـوونە نـاو نیشـتمانی ڕاسـتەقینە و بەختیاریی هەمیشەیی و، خوڵك و بانگکردنێکی بەڕێزانەیە بـۆ دەربـازبوون لـە بەندیخانـەی دنیـا بـەرەو باخچـەکانی بەهەشـت و، چـاوەڕوانیەکە بـۆ وەرگرتنـی پاداشـتی خزمەتگوزارییـەکان لـە لایـەن میهرەبـانیی خـوای گـەورەوە و، حەوانەوەیەکـە لـە ئـەرك و لـێپرسراوییەکانی ژیـان و پشـوودانێکە لـە فەرمانبەرییـەکانی و، ڕاگەیاندنێکـە بـۆ کۆتـایی هـاتنـی ئەرکەکانی بەندایەتی و تاقیکردنەوەکانی فێربوون لەم ژیانەی دنیادا.

هەرکەسێك ژیانی دنیای فانی بکات بە ئامانج و مەبەستی خۆی، ئـەوا هـەر ئـەم ژیانـەی (لـە ڕاسـتی و ناوەڕۆکـدا) بـۆ دەبێـت بـە دۆزەخێکـی دڵسووتێنەر، با لە ڕواڵەتیشدا لە ڕابـواردن و نـاز و نیعمەتـدا بێـت.. بـەڵام ئەو کەسەی ڕوو بکاتە ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەی ئەو دنیا و بـە ڕاسـتی و دڵسۆزی تێبکۆشێت و هەوڵی بۆ بدات و بۆی لـێ ببڕێت، ئەوا کامەرانی و بەختیاریی هەردوو لای دەستگیر دەبێت و شایانی هەردووکیان دەبێت، بـا ئـەم دنیایەشـی لـە ڕواڵەتـدا تـەنگ و خـراپ و نـاخۆش بێـت، بـەڵام ئـەم بەلایـەوە خـۆش و شـیرین دەبێـت و لەبـەر چـاویدا دەبێـت بـە هـۆڵی چاوەڕوانیی بەهەشـتی بـەرین. لەبەرئـەوە، ئـارام دەگرێـت و هەمیشـە لـە سوپاسگوزاری پەروەردگاری خۆیدا دەبێت."[1].

١- وتـەکان، "وتـەی هەشـتەم"، لـە نووسـینی بـەدیعوززمان (سـەعیدی نوورسـی)یە (فاروق ڕەسول یەحیا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

مرۆڤ پێویسته ئەم پرسیارانه له خۆی بکات:

ئەو زاتەی کائیناتی بەم نەخشەو پلانه جوانه دروست کردووه، زاتێك که نیعمەتانێکی بێئەندازی پێشکەش به مرۆڤەکان کردووه ئایا گونجاوه هەموو ئەمانه پشتگوێ بخات و مرۆڤ بێ لێپرسینەوه و بەبێ هۆ بەجێ بهێلێت؟

ئایا وادەزانیت ستەمکارو ستەملێکراو، ڕاست و درۆ، بەئابڕوو و بێئابڕوو هەمووی تێکەڵ بەیەك دەبن و لێپرسینەوەیان لەتەکدا ناکرێت.

هەرکەسێك عەقڵی لەسەردا بێت یەکسەر وەڵامی ئەم پرسیارانه بە نەخێر دەداتەوه.

منیش هەر وەڵامی نەخێرم دەدایەوه، بەڵام مێشکم تێکچووبوو بەسەر یەکدا.

له بەرامبەر ئەم وەڵامه جوانەدا پرسیارێکی لەم شێوەیەم پرسی:

– ئەگەر خوا هەیه با ئێمەی لێئاگادار بکاتەوه، خۆیمان پێ بناسێنێت. بابیناسین و خۆشمان بوێت. با ناچار نەبین به دوایدا بگەڕێین.

ئەویش له کتێبەکەی بەردەستیدا لاپەڕەیەکی کردەوه و دەستی کرد به خوێندنەوه:

– هەموو دروستکراوەکان بەڵگەی ڕوون و ئاشکران لەسەر خالقیەتی خوای گەورە، تەنها ئەوەیه که ئێمه هۆشیارانه وردنابینەوه یان نامانەوێت ئەو ڕاستیانه ببیستین.

بیربکەنەوه... "هەروەك شووشەدەرمان و پێکهاتەیەکی کیمیایی ناو دەرمانخانەیەکی گەورە، کە بەچەندین تەرازووی سەرنەکەر و ئەندازەی

ورد ئاوێتـەی یـەکتر کـرابێتن، دەیچەسـپێنێت کـە دەرمـانگرێکی دانـاو کیمیاگەرێکی زانا ئەم کارانەی ئەنجامداوە. دەرمانخانـەی گـۆی زەویـش، کـە چوارسـەد هـەزار جـۆری ڕووەك و زینـدەوەری زیـاتر تێدایـە بەهـەمان جـۆرە... چـونکە لـە ڕاسـتیدا هەریەکـە لـەو ڕووەك و زیندەوەرانـە وەك شووشـەیەکی پـڕ لـە پێکهـاتووی ورد و، ئاوێتـەکراوێکی زینـدەکاری سەرسوڕهێنەر وایە.

جـا ئـەم دەرمانخانـە گەورەیـە خواوەنـدی دانـاو شـکۆمەند پیشـانی هەموو کەسێك، تەنانەت کوێرەکانیش دەدات و، بە ئەندازەی پلەی کـەماڵ و ڕێکوپێکی و گەورەییەکـەی، بەدیهێنـەری بەخشـندە بـە جگـە لـە خـۆی دەناسـێنێت. بـە چەشـنی دەرمانخانەکـەی بـازاڕ. کـە کیمیاگـەر و دروستکەری خۆی ناساند.

هەروەك ئەگەر کارگەیەکی گەورە و نائاسایی لە تـەنها مادەیـەکی زۆر ساکار چەندین جۆر کوتاڵی جۆراوجۆر بچنێت و بەرهـەمیان بهێنێـت، ئـەوا بەم کارەی دەیچەسپێنێت کە بـێ هـیچ گومانێـك ئەنـدازیارێکی میکـانیکی کارامـە هەیـە ئـەم کارانـە ڕادەپـەڕێنێت. بـەم جـۆرە ئـەو کارگەیـە ئەندازیارەکەیمان پـێ دەناسێنێت.

هـەروەك کۆگـاو گەنجینیەیـەکی گـەورەی ئازووقـە، کـە لـە هـەموو لایەکـەوە هـەزاران جـۆر خواردەمـەنی تێـدا ئامادەکرابێـت و لەیـەك جیاکرابنـەوە هەریەکـەیان لـە جێگایـەکی تایبەتیـدا ڕیزکـرابن. تێمـان دەگەیەنێت کە خاوەن و بەڕێوەبەرێکی هەیە سەرپەرشتی دەکات.

ئەم گەنجینە ڕۆزیدانە خواییەش بەهەمان شێوەیە..

ئەم گەنجینەیەی کە لە گەشتی یەك ساڵیدا ماوەی بیست و چوار هەزار ڕێ بەوپەڕی ڕێکوپێکی دەبڕێت و سەدان هەزار بەدیهێنراوی لەناودا هەن کە هەریەکەیان پێویستی بەجۆرێك خواردەمەنی تایبەتی هەیە...

ئەم گەنجینەیەی کە بەسەر چوار وەرزەکەدا تێپەڕ دەبێت و، وەرزی بەهار وەك کاروانێك کە هەزار جۆر خواردەمەنی پێبێت، لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو هەموو هەژارانە دەهێنێت کە لە زستاندا خۆراك و ئازووقەیان لێبڕاوە.

یان ئەگەر سوپایەکی گەورە چوارسەد هەزار گەل و نەتەوەی جیاجیای لەژێر ئالاکەی خۆیدا کۆکردبێتەوە و هەریەك لەو ڕەگەز و نەتەوانەش خواردەمەنی لەوانی تر جیاواز بێت و، چەکی هیچیان لەوی تریان نەچێت و، بەرگ و پۆشاك و شێوەی مەشقکردن و جۆری تەعلیمات و ماوەی پشوودانیان لەیەکتر جیابێت و، پێشەوای ئەو سوپایە، بێ ئەوەی هیچیانی بیر بچێتەوە و سەری لێ تێك بچێت، خۆراك و پۆشاکی جیاجیایان بداتێ...

ئەو سوپایەی بەم جۆرە بێت دەریدەخات کە: پێشەواکەی کەسێکی بێوێنە و ناوازەیە.

جا هەروەك ئەم سەربازگە سەرسوڕهێنەرە ئەو پێشەوا ناوازەیەمان بۆ دەردەخات و پێمان دەناسێنێت و تەنانەت خۆشەویستیشی دەکات لەلامان، سەربازگەی زەویش بەهەمان جۆرە. چونکە سەربازگەی زەوی لە هەموو بەهارێکدا سەرلەنوێ سوپایەکی خوایی گەورە لە چوارسەد هەزار ڕەگەز و جۆری ڕووەك و نەتەوە جیاجیاکانی زیندەوەران پێك دەهێنێت و، هەرجۆرەشیان پۆشاك و، خۆراك و، چەك و، مەشق و، پشووی تایبەتی

خۆی لەلایەن پێشەوایەکی گەورەی تاك و تەنیاوە، بەبێ لەبیرچوونی هیچکامێکیان، یان لێ تێکچوون، یان سەرگەردان بوون و، بەوپەڕی تەواوی و ڕێکوپێکیشەوە، پێی دەبەخشرێت.

یان نموونەیەکی تر ئەگەر کتێبێك هەبێت، لە هەر دێڕێکیدا کتێبێك بە خەتی ورد و لە هەموو وشەیەکیدا سوورەتێکی قورئانی تێدانووسرابێت و هەریەك لەو مەسەلەو بابەتانەش کە لێیان دەدوێت ورد و پڕواتابن و پشتی یەکتری بگرن. بێ هیچ گومانێك، کارامەیی لەڕادەبەدەری نووسەرەکەی و توانستی تەواوی دانەرەکەی دەردەخات.

بەم جۆرە و بەپێی ئەوانەی باسمانکرد، هەریەکە لەو زانستە لەڕادەبەدەر و زۆرانە، بەڵگەیە لەسەر بەدیهێنەری شکۆمەندی بوونەوەر و، خوای گەورەمان بە ناوە جوانەکانی و کەماڵات و سیفەتە بەرزەکانی پێ دەناسێنێت"[1].

نووسەری ئەم کتێبانە، بەدیعوزەمان سەعیدی نوورسی لە کتێبێکی دیکەیدا نموونەیەکی تر بۆ ئەم مەسەلەیە دەهێنێتەوە:

"سەرنج لە هەر دەرمانخانەیەك بدەیت، سەدان شووشەی پڕ لە مادەی کیمیایی جۆراوجۆری تێدا دەبینیت...

هەریەکە لەو مادانە بە پێی تەرازوویەکی دیاریکراو پێکهاتووە و پوختە کراوە. گرامێك لەم دەرمان و سیان لەو دەرمان و دە گرام لەوی تر. بەم جۆرەو لە هەرکام لەو دەرمانانە ئەندازەیەکی تایبەتیان

١-تیشکەکان، "تیشکی یازدەهەم، مەسەلەی شەشەم"، لە نووسینی بەدیعوززمان (سەعیدی نوورسی)یە (فاروق ڕەسول یەحیا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لێوەرگیراوە، بەجۆرێك گەر بهاتایەو بەئەندازەی بەشێك لە یەك گرام زیاتر یان کەمتر بوایە ئەو کاریگەرییەی نەدەماو، زۆرجاریش دەبووە ژەهرێکی کوشندە.

جا ئایا دەچێتە عەقڵی هیچ مرۆڤێکی ژیرەوە کە ئەو هەویرەی بەم جۆرە هەموو بەشێکی بە وردی حساب کراوەو لێك دراوەتەوە، بە هۆی ڕێکەوتنێکی سەیرەوە پەیدابووبێت؟ یان لە ئەنجامی هەڵکردنی ڕەشەبایەك شووشەکان بەسەر یەکدا کەوتبن و ئەو ئەندازە دیاریکراوانەی ئاوێتەی یەکتری کردبێت و بەم جۆرە ئەو دەرمانەی پێك هێنابێت.

ئەو مرۆڤەی بەئەندازەی تۆزقاڵێك عەقڵی هەبێت، دەڵێت: من ئەم بیرۆکەیەم قبوڵ نییە!"[1]

ئەم ڕاستییانە یەك یەك بێداریان دەکردمەوە، بەڵام مێشکم ئەوەندە کاس بوو کە بەئاسانی حاڵی نەدەبووم.

ناتوانم بڕوا بەوە بکەم مردوو زیندوو دەبێتەوە

هەر لەمندالیمەوە نەمدەتوانی بڕوا بەوە بهێنم کە مردوو زیندوو دەکرێتەوەو، ئێسکە ڕزیو و جەستە پەرش و بڵاوەبووەکان دووبارە دەبنەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی.

ئەویش لەوەڵامی ئەوەدا وتی:

١- بریسکەکان، "بریسکەی بیست و سێهەم" لە نووسینی بەدیعوززمان (سەعیدی نوورسی)یە (فاروق ڕەسول یەحیا) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

- سێڤدا خان ئایا دەزانیت، لە سایەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ هیچ مەسەلەیەکی قورس نەماوە باس نەکرێت. تەنها ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ بە ئینسافەوە لێیان ورد ببێتەوەو ئینکاری ڕاستییەکان نەکات.

لە وتەی دەیەمدا دەربارەی ئەم مەسەلەیە چیرۆکێکی ئاوا باسکراوە:

" لە گەشتێکدا دوو کەس پێکەوە بۆ وڵاتێکی گەلێك قەشەنگ و تابڵێی جوان و ڕەنگینی وەك بەهەشت ڕۆیشتن (مەبەست لەم لێکچواندنە دنیایە) کە گەیشتنە ئەوێ، سەرنجیان دا: خەڵکی ئەو وڵاتە دەرگای دوکان و خانووەکانیان بە کراوەیی جێهێشتووە و، بایەخ بە چاودێری و پاراستنی خانووبەرە و دوکانەکانیان نادەن و، پارە و پووڵ و سامانەکانیان بێ هیچ پاسەوانێك و بە ئاشکرا و لەبەر چاو و دەستی خەڵکیدا داناوە..

کە ئەمەیان دی، یەکێکیان - بە هاندانی دەروونی بەدخوازی خۆی - ئەمەی بە هەل زانی و، پەلاماری ئەو کەرەسە و شمەك و پارە و سامانانەی ئەوێی دا و، تاوێك تاڵانی دەکردنو تاوێکی تر چیی بەردەست بکەوتایە دەیدزین.. بەم جۆرە، هەر چەشنە ستەم و خراپکارییەکی پێکرا و لێی وەشایەوە درێغیی لێ نەکرد و، دانیشتووانی وڵاتیش بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدەدا..

هاوڕێکەی پێی وت:

- ئەوە چی دەکەیت؟.. بێگومان تۆ هەر ئاوا ئەم کارانەت بەسەردا تێناپەڕێت و لە ئەنجامدا سزای ئەم ڕەفتارانەت دەچێژیت و، منیش - لەگەڵ خۆتدا - دووچاری چەندین بەڵا و گیروگرفت دەکەیت. ئەم سامانانەی دەیانبینیت، هی دەوڵەتن و، دانیشتووانی وڵاتیش بە خاوخێزانەوە تێکڕا بوون بە سەرباز و کارمەندی دەوڵەت و، بە پۆشاکی میللی(مەدەنی)یەوە لە کار و فەرمانبەرییەکانیاندا خراونەتە کار، هەر لەبەر ئەوەشە کە بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدایت. ئنجا ئەوەش بزانە کە یاسا و ڕێسای ئێرە گەلێك توندوتیژە و، لە هەموو لایەکدا تەلەفۆن و چاودێر و هەواڵدەر و پیاوانی پادشا بڵاو بوونەتەوە، دەسا هەر ئێستا خێراکە و بە پەلە بڕۆ داوای لێبوردن بکە).

بەڵام هاوڕێ گێژ و گەلحۆکەی، نکوڵی کرد و سەرسەختیی نواند و، وتی:

- ئەم سامانانەی دەیانبینیت هەرگیز هی دەوڵەت نین، بەڵکو بێخاوەن و گشتی و هەڕەمەکین و، هەموو کەسێك دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەستیان بۆ ببات. ئەوەتا من هیچ شتێك نابینم ڕێی سوودوەرگرتنم لەم شتە جوان و ڕەنگینانەی بەردەمم لێ بگرێت.. ئەوەش بزانە کە: جگە لە شتێ بە چاو بیبینم من باوەڕم بە چیی‌تر نییە)! پاشان کەوتە قسەی پڕوپووچی وڕێنەئاسا و فەلسەفەلێدانی ئەم بۆچوونەی خۆی!

ئا لێرەدا گفتوگۆکەی نێوانیان پتر پەرەی سەند و کەوتە دۆخێکی توند و گەرمەوە و، بابای گێلی گەلحۆ لە هاوەڵەکەی زیاتر هاتەپێش و، لێی پرسی:

- ئایا پێمنالێیت پادشا کێیە؟.. من نایناسم!

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە:

- تۆ گومانت لەو ڕاستییە نییە کە: گوندی بێکوێخا و.. دەرزیی بێوەستا و خاوەن و.. پیتی بێنووسەر نییە و نابێت. ئەی ئایا چۆن ئەوە بە خۆت ڕەوا دەبینیت کە پێتوابێت ئەم وڵاتە ڕێکوپێك و ڕەنگینە بێ پادشا و فەرمانڕەوا بێت؟ یان چۆن ئەم هەموو سەروەت و سامانە بەنرخ و بەهادارانە بێخاوەن دەبن؟ کە ئەوەندە زۆر و زەبەندە و بەردەوامن دەڵێیت لە جیهانی پەنهانی غەیبەوە شەمەندەفەرێکی پڕ لە ئازووقە و ڕۆزیی بەنرخ دەم بە دەم دێت و بارەکەی لێرەدا ڕۆ دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە و دەڕوات؟ ئایا نابینیت لە هەموو لایەکی ئەم وڵاتەدا ئاگاداری و بەیاننامەکانی پادشا بڵاوکراونەتەوە و، ئاڵاکانی لە هەموو گۆشەیەکدا دەشەکێنەوە و، تەمغە و مۆری تایبەتیی خۆی لەسەر ئەو هەموو کاڵا و سەروەت و سامانانە نەخشێنراوە؟ ئیتر چۆن بە بێ خاوەنیان دادەنێیت؟.. دیارە تۆ شتێك لە زمانی فەرەنگ فێربوویت و توانای خوێندنەوەی ئەم نووسینە ئیسلامییانەت نەماوە و، ناتەوێت لە کەسێکی شارەزاش بپرسیت و داوا بکەیت ئەو نووسینانەت بۆ بخوێنێتەوە! وەرە با من گرنگترینی ئەو فەرمان و بەیاننامانەی پادشات بۆ بخوێنمەوە.

هاوڕێ سەرسەختەکەی گەڕایەوە و وتی:

- با دان بە بوونی پادشایشدا بنێین.. بەڵام ئایا چ زیانێکی پێ دەگات و چ کەم و کورتی و ناتەواوییەك بە گەنجینەکانیەوە دەردەکەوێت گەر من

بۆ خۆم سوودێکی کەمیان لێ ببینم؟.. پاشان من لێرەدا هیچ بەندیخانە و تۆڵە و سزایەکی هاوچەشنی نابینم کە تۆ باسیان دەکەیت.

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە:

- برام! ئەم وڵاتەی بەرچاومان - لە ڕاستیدا - بریتییە لە:

گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوە و..

مەیدانێکی مەشق و مانۆڕ و..

پێشانگایەك بۆ خستنەڕووی سنعەتە نایابەکانی پادشا و..

میوانخانەیەکی تابڵێی کاتی و کەم خایەن.

ئایا نابینیت هەموو ڕۆژێك کاروانێك میوان دێنە ناوی و کاروانێکی تر دەڕۆن و کۆچ دەکەن و، هەمیشە لە میوان پڕ دەکرێت و پاشان خاڵی دەکرێتەوە؟

جا ئەم مەیدانە - لە ئەنجامدا - بە تەواوی و یەکجاری لە میوانەکانی ناوی چۆڵ دەکرێت و دەگۆڕێت بە مەیدانێکی تری نوێی هەمیشەیی و، ئینجا هەموو خەڵکی بۆ ئەوێ دەبرێن و، هەریەکەیان "سزا" یان "پاداشت"ی خۆی لەوێ وەردەگرێت.

هاوڕێ خیانەتکار و سەرلێشێواوەکەی، جارێکی تر لێی هەڵگەڕایەوە و وتی:

- باوەڕم بەم قسانەت نییە! چۆن دەگونجێت ئەم وڵاتە ئاوەدانە لەناو ببرێت و دانیشتووانەکەیشی بۆ وڵاتێکی تر بڕۆن و بگوێزرێنەوە؟

هاوڕێ ئامۆژگار و بێوەی و دڵسۆزەکەی پێی وت:

- مادەم تۆ ئاوا سەرپێچی لە "ڕاستی" دەکەیت و لەسەر بۆچوونی خۆت هەر سوور و بەردەوامیت، ئەوا وەرە با بە کورتی ئەوەندە بەڵگەی لەڕادەبەدەرت بۆ ڕوون بکەمەوە کە هەر هەموویان - بە بێگومانی - بوونی: دادگایەکی یەکجار مەزن و.. خانەیەکی پاداشتدانەوە و.. لانەیەکی تۆڵە و بەندی و سزات بۆ دەچەسپێنن و، دەری‌دەخەن کە هەروەك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وڵات لە دانیشتووانی خاڵی دەکرێتەوە، هەر بەو جۆرەش ڕۆژێك دێت کە بە یەکجارەکی ئەم خاکەیان لێ چۆڵ دەکرێت و ئەم وڵاتەش بە تەواوی وێران دەبێت .

ئێستا وەرە ! با تەماشای بەشێك لە سەرۆکەکانی ئەم فەرمانگە و کۆمەڵانە بکەین. ئەوەتا هەندێکیان دەتوانن ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆنی تایبەتی پەیوەندی بە پادشای مەزنەوە بکەن، تەنانەت هەندێك لەو سەرەك فەرمانگەیانە پلەی ئەوەندە بڵند و باڵایە کە بۆ دیوانی حوزووری خاوێن و مەزنی پادشا بەرزبووەتەوە و بانگ کراوە..

سەرنج بدە و بزانە ئەوانە چی دەڵێن؟.. ئەوەتا هەر هەموویان ئەم هەواڵەمان پێ ڕادەگەیەنن کە: "پادشا جێیەکی گەورە و فراوان و ڕەنگینی بۆ پاداشتدانەوەی چاکەکاران و، شوێنێکی تری سامناکی بۆ تۆڵە و سزادانی خراپکاران ئامادە و تەرخان‌کردووە و، بۆ ئەمەش بەڵێنی تەواو ڕاست و بەهێز بۆ کەسانی چاکەکار و، هەڕەشەو گوڕەشەی یەکجار توند و تیژ ئاڕاستەی بەدڕەفتاران دەکات". دیارە پادشایش گەلێك بەرز و مەزن و بە عیززەتترە لەوەی کە خۆی گرفتاری ڕیسوایی و زەلیلیی بێ پەیمانی بکات. خۆ ئاشکرایشە کە ئەم هەواڵەی هەواڵدەران ڕایانگەیاند

هەواڵێکی ئەوەندە یەك لە دوای یەك و زۆر و پشتگیراوە کە گەیشتووەتە ڕادەی "تەواتور" و هێزی یەکدەنگی و یەکبوون، چونکە هەر هەموو هەواڵدەران پێمان ڕادەگەیەنن کە: بارەگای ئەم دەستەڵاتداری و پادشاییەی کە لێرەدا شوێنەوار و ڕووخسارەکانی دەبینین، لە وڵاتێکی تری گەلێك دووردایە و، کۆشك و خانووبەرەکانی ئەم مەیدانی تاقیکردنەوەیەش تێکڕا کاتین و، لە پاشاندا دەگۆڕێن بە چەند کۆشك و تەلارێکی هەمیشەیی و، ئەم زەوییەش لادەبرێت و زەوییەکی تری نوێی لە جێدا دادەنرێت. چونکە دەستەڵاتداری و فەرمانڕەوایی ئەم پادشاییە مەزن و هەمیشەییەی کە لە شوێنەوار و جێکارەکانیەوە مەزنییەکەی دەردەکەوێت، تەنیا لەوەدا نییە کە بەسەر ئەم شتە فانی و لەناوچووانەدا زاڵ و دەستەڵاتدار بێت، بەڵکو بەسەر ئەو شتانەی کە دارای سیفەتی: "مانەوە و کەماڵ و مەزنی"ن، ئەو دەستەڵاتەی هەمیشە هەر زاڵ و بەردەوام و جێگیر دەبێت.

بەڵێ! زیندووبوونەوەی دوای مردن وەك ڕۆژبوونەوەی دوای شەو، و بەهاری دوای زستان بێگومانە![1]"

یان وەك دکتۆر خالوق نورباقی دەڵێت:

"لەوانەیە لە عەقڵەوە دووربێت کە چۆن مادییاتی مرۆڤ دەپارێزرێت و لەدوای مردن دەگەڕێنرێتەوە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییە مادییەکانی مرۆڤ دەتوانرێت لە شرێتێکی DNA دا بنووسرێت کە چەند ملیار جار لە سەرەدەرزییەك بچووکترە.

١- وتەکان: "وتەی دەیەم".

ئەمە ڕاستییەکی زانستییەو بێگومان چەسپاوە. ئەگەر شریتێك لەمانە لەژێر خۆڵدا ئەگەری گەشەکردن و سەرهەڵدانی هەبوایە، دەکرا هەرچی DNA ی مرۆڤەکانە لەوەتەی دونیا هەیە بکرێتە پەرداخێکەوە و فڕێ بدرێتە سەر زەوی، ئەوکاتە دەمانتوانی هەموویان بەیەکەوە زیندوو بکەینەوە.

ڤایرۆسێك بۆ چەندین سەدە لە ژینگەدا دەمێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا هیچ سیفەتێکی زیندووێتی تێدا نییە لە دەرەوەی خانەی زیندوو. بەڵام کە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوت چالاکی بۆ دەگەڕێتەوە، باشە ئەگەر ڤایرۆسێك ئاوەها بێت، دەکرێت مرۆڤی مردوو بە فەرمانی خوای گەورە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە؟

بەڵێ، ئەو خوایەی هەموو کائیناتی بەبێ ناتەواوی دروستکردووە، بە فەرمانی ببە، ئەو شیفرەیەی هێندەی پەرداخێك چایە دەڕژێتە سەر زەوی و هەموو مرۆڤایەتی زیندوو دەکاتەوە."

ئەمانە کۆمەڵە وەڵامێکی زۆر لۆژیکی و کاریگەر بوون، تازە بەتازە ڕاستی هەندێك شتم بۆ دەردەکەوت.

ناتوانین هەموو شتێك بە چاو ببینین

یەکێکی تر لەو پرسیارانەم پرسی کە مێشکم پێوەی خەریك کردبوو، ڕاست بوو وەڵامەکەیم کەم تا زۆر لەو شتانەی پێشتر خوێندیەوە وەرگرتبوو، بەڵام بە تەواوی قەناعەتی پێیان نەکردبووم، پرسیارەکەش ئەمە بوو:

- ئێمە ناتوانین نەخوداو، نەفریشتە و، نەجنۆکەو، شەیتان ببینین. بەتایبەتی لە بوونی خودا و فریشتەکاندا لەبەرئەوەی ناتوانین بە چاو بیانبین، زۆر خەڵك دەکەونە گومانەوە و ئینکاری بوونیان دەکەن. چۆن دەتوانین ئەمە ڕوون بکەینەوە؟

کاك ئەرکوت پێش هەموو شتێك بە نموونەیەکی خەندەئامێز وەڵامی دامەوە:

- سێڤدا خان، با بڵێین خواردنێکی خۆش لێدەنێیت، ئەگەر پێمان بڵێیت: "ئادەی وەرن سەیرێکی ئەم خواردنە بکەن بزانن خۆش دەرچووە؟."

ئێمەش بێین و بڵێین: "خاتوو سێڤدا، ئێمە باوەڕ بەوە ناکەین کە بە چاو نەیبینین. بۆ ئەوەی تامی خواردنەکە بکەین دەبێت سەرمان بچەقێنین بەناو خواردنەکەدا، لەوانەیە ئەو کاتە بتوانین بە چاومان تامەکەی ببینین، ئەو کاتە ڕای خۆمان دەڵێین دەربارەی ئەوەی ئایا خۆشە یان نا." چیمان پێ دەڵێیت؟

ئەم وەڵامە خەندە ئامێز و وردە هەموومانی خستە پێکەنین:

- بە دڵنیایەوە وایە، بۆ ئەوەی بزانین تامی خواردنەکە چۆنە، زمان بەکاردەهێنین.

کاك ئەرکوت بەردەوام بوو:

- بە هەمان شێوە، ئەگەر وتمان: "وەرن سەیرێکی ئەم گوڵە بکەن بزانن چەند بۆنی خۆشە" ئەوکاتە بە چاومان نا بەڵکو بە لوتمان بۆنی

دەکەین. کە دەڵێین: "سەیرکەن ئەو مۆسیقایە چەند خۆشە." گوێ لە دەنگەکەی دەگرین.

بۆ ئەوەی لە بوونی خوداو، تاکێتی و قودرەتی خودا و ئەو بابەتە نادیارانەی وەك ئەمە جێی گومانی خەڵکین تێبگەین، نابێت چاومان بەکاربهێنین بەڵکو عەقڵمان دەخەینە کارو بە دووربینی عەقڵ سەیری بابەتەکە دەکەین.

ئایا فریشتە هەیە؟

دەربارەی ئەم بابەتەش بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسی بە چیرۆکێکی زۆر جوان ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە:

"لە گەشتێکدا دوو کەس، کە یەکێکیان: نەزان و دەشتەکی، ئەویتریشیان: شارەزا و خەڵکی شار بوو، پێکەوە بەرەو شارێکی گەورەی وەك ئەستەمبووڵ کەوتنەڕێ، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە ناو شار، لە سووچێکیەوە، ڕێیان کەوتە خانوویەکی بچووك و وەرشەیەکی پیس و چەپەڵ. سەیریان کرد ئەم خانووە پڕە لە کرێکاری ماندوو کە هەریەکەیان سەرگەرمی کاروباری خۆیەتی لەم کارگە سەیر و نامۆیەدا. لە دەرەوە و دەوروپشتی ئەم خانووەشدا چەندین ئاژەڵ و زیندەوەری جیاجیایان بینی کە هەریەکەیان بە گوێرەی پێویستی و مەرجەکانی ژیانی خۆی، دەلەوەڕین، هەندێکیان ڕووەکی دەخوارد و، هەندێکی تر ماسی و... هتد. پاش بینینی ئەمە، سەریان بەرز کردەوە، هەزاران تەلاری ڕازاوە و کۆشکی بەرزیان لە دوورەوە بینی، کە لەنێوان هەریەکە و ئەوانی تردا چەندین گۆڕەپانی گەورە و فراوان هەبوون، بەڵام دانیشتووانی ئەم

کۆشکانە بە چاو نەدەبینران، چ لەبەر دوورییان، چ لەبەر کزیی چاوی ئەمان، یان لەبەر ئەوەی ئەو دانیشتووانە خۆیان دەرنەدەخست و مەرجەکانی ژیانیش، کە لەو کارگە شرۆڵەو بێسەروبەرەیەدا هەیە، لەوێدا نەبوو..

لێرەدا دەشتەکییەکەیان – کە تا ئێستا شاری نەدیبوو – وتی: (ئەو کۆشکانە هیچ گیانلەبەرێکیان تێدا نییە و چۆڵن، چونکە من نایانبینم و هیچ شتێکیش لەو کۆشکانەدا نییە – وەك ئێرە – پەنجە بۆ بوونی ژیان ڕابکێشێت تیایدا). ئیتر بەم جۆرە وڕێنەیە کاڵفامی و نەزانیی خۆی ئاشکرا کرد!

هاوەڵە شارەزا و عاقڵەکەی، بە لەسەرخۆییەیەوە، پێی وت:

(کاکی خۆم! ئایا ئەم خانووە بچووك و کەم نرخە نابینیت کە پڕە لە زیندەوەران؟ ئایا نابینیت ئەوانە یەك بست چۆڵاییان نەهێشتووەتەوە و، یەکێك هەیە هەردەم دەیانگۆڕێت و هیتر دەهێنێت و دەیانخاتە سەر کار؟ باشە ئایا دەگونجێت ئەو تەلارە ڕێکوپێك و کۆشکە ڕازاوە دوورانە کەسیان تێدا نەبێت کە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا بگونجێت؟.. نەخێر! ئەمە شتێکی مەحاڵە، بەڵکو دەبێت ئەو کۆشکانە پڕ بن لە گیانداری ئەوتۆ کە مەرجەکانی ژیانی خۆیانیان تێدا بێت، بەڵام نەبینیان لەبەر دووری، یان کزیی چاو، یان لەبەر دەرنەکەوتنیان، هەرگیزاو هەرگیز نابێت بە بەڵگە لەسەر نەبوونیان، چونکە هیچ کاتێك نەبینین و دەرنەکەوتن نەبووە و نابێتە بەڵگە لەسەر "نەبوون"ی هیچ شتێك!)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم نموونە ئاشکرا و ئاساییەدا دەتوانین بڵێین:

ئـەم سـەرزەوییەی ئێمـە کـە یەکێکـە لـە قـەبارەکانی ئـەم ئاسمانـە گەورەیە، هەرچەندە لەچاو قەبارەکانی تردا بچووکە، کەچی دەبینین بووە بـە مەڵبەنـدێك بـۆ ژیـانی لەڕادەبـەدەری گیانـدار و خـاوەن هەسـتەکان، تەنانـەت چـەپەڵترین جێگـای زەوی بـووە بـە سەرچـاوە و پیشـانگە و کانگایـەکی گـەورەی بەشـێکی زۆر لـە گیانـدارە ورد و بچـووکەکان.. جـا زەوییـەك کـە بـەم جـۆرە بێـت، دەبێـت بـە حـوکمی ژیـری و پێویسـتی و دڵنیایی بێگومان، ئەم بۆشاییە فراوانەی ئاسمان و، ئەم ئاسمانە خـاوەن بورج و ئەستێرە و هەسـارە گەورانـە، پـڕ بـن لـە گیانـدار و شـتی خـاوەن هەست. قورئـانی پـیرۆز و شـەریعەتی پـاکی ئیسـلام ئـەو خـاوەن گیـان و هەستانە، کە لە ڕووناکی و ئاگر و تاریکی و هەوا و دەنـگ و بـۆن و وتـە و ئەثیر و تەنانەت لە کارەبا و هـەموو شـتە ناسـکو ڕەوانـەکانی تـر دروسـت کراون، ناو دەنێن بە: "مەلائیکەت" و "جان" و "ڕۆحانییەکان"..

ئەوەی دەڵێت ئاسمانەکان بۆشە و مەلائیکەت و ڕۆحانیەکان بوونیـان نییە، جیاوازی نییـە لەگـەڵ ئـەو گێلـە دەشـتەکییەی بـە گەڕەکـە پـیس و چەپەڵەکە بڵێت پڕە و، بە خانووە جوان و تەلارە بەرزەکان بڵێـت چـۆڵ و بەتاڵ."[1]

ئەگەر مردن نەبووایە، خۆشتر نەدەبوو؟

یەکێکی تر لەو مەسـەلانەی کـە لـە ژیانمدا پێـی قـەڵس دەبم مردنـە. مردن، لەناوچوون، دوورکەوتنەوە لـە خۆشەویسـتان... ئەمانـە ترسـناکن. خوای گەورە بۆ مردنی دروست کردووە؟ مردن نەبووایە باشتر نەدەبوو؟

١- وتەکان، "وتەی بیست و نۆیەم".

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

- مەترسە سێڤدا خان. مردن تەنیا بۆ ئەم جیهانەیە. مرۆڤ لە ڕاستیدا کە دەمرێت ئیتر دەگات بە نەمری. لەوێ هەتاهەتایە لەگەڵ خۆشەویستانت دەبیت.

چاوەکانم داخست و بەهەموو هەستێکمەوە وتم: "ئینشائەڵڵا..."

کاك ئەرکوت بەردەوام بوو:

"بیری مردن سروشتی مرۆڤەکانی کە مانەوەی هەتا هەتاییان دەوێت، تێکداوە و خستویەتییە لەرزە. نیگای مرۆڤەکان بۆ مردن ساردە، لەبەر ئەوەی وەك جیابوونەوە و کۆتایی هاتن و لەناوچوون دەبینرێت".

لەڕاستیدا مردنیش وەکو ژیان نیعمەتێکە، کوژانەوە و کۆتاییهاتنێکی بێئامانج نییە، بەڵکو سەرەتایەکی پڕ هیوا و ئامانجە.

هەموو مردنێك سەری لە زیندووبوونەوەیەکەوە دەردەچێت، ڕزین و مردنی تۆوێك، بەشێوەیەکی دەرئاسا بە سیستەمێکی نوێوە سەرەتای نەخشێك و ژیانێکی نوێیە. کاتێك تۆو پارچەپارچە دەبێت، گوڵەگەنمەکان بەڕووی ژیاندا پێ دەکەنن.

ئەو بەروبوومە ڕووەکیانەی مرۆڤ دەیخوات، کە لە لقەکانیان دەکرێنەوە دەمرن، بەڵام لە جەستەی مرۆڤدا ژیانێکی بەرزتریان دەستدەکەوێت. ئەگەر بوونەوەرێك لە ئاستی ژیانی ڕووەکدا بمرێت و زیندووبوونەوەی ئاوا بێت. وەك حەزرەتی مەولانا[1] لە شیعرەکەیدا ئاماژەی

١- مەبەست لە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیە، ناوی تەواوی (محمد محمد حسین بهاء الدین البخلی) لە ٣٠ ئەیلولی ١٢٠٧ لە دێی بەڵخی سەر بە ناوچەی خۆراسان، لەدایك

پێکردووە، ئاخۆ زیندووبوونەوەی مرۆڤەکان چۆن بێت کە لە بەرزترین پلەی بووندان؟

مردن گەیشتنەوەیە بە خۆشەویستان. دەرچوونە لە دونیای تەسك و تەنگ و پڕ ئاستەنگەوە بۆ چوونە ناو ژیانێکی پڕخۆشی و گەیشتنە بە باخە پڕ لە میهرەبانییەکانی خوای گەورە.

خەو بۆ مرۆڤەکان و بۆ دەروون نائارامەکان هۆکاری حەوانەوەیە. وەك دەزانین لە خەودا هیچ بیرۆکەیەك نییە و بۆ خەو زیندان و کۆشك وەك یەکە. مردنیش کە برا گەورەی خەوتنە بۆ ئەوانەی کە بەلا و کارەسات و نەخۆشییان هەیە نیعمەتێکی گەورە و ڕەحمەتە.

کە لە حاڵەتێکی وەك پیریدا کە دونیا لە مرۆڤ تەسك دەبێتەوە، مردن ڕزگاربوونە ئەگەر مردن نەبووایە کاتێك مرۆڤ دەست و قاچی لەکاردەکەوتن و نەیدەتوانی بجوڵێت بە هەموو هێزی هاواری دەکرد و داوای مردنی دەکرد ئەگەر مردن نەبووایە ژیان پڕ دەبوو لەناخۆشی و جێیەك نەدەما قاچی تێدا دابنێین، شاخ و دەرو دەشت پڕ دەبوو لە باوباپیرانمان کە نەمردوون و ماون. ئەو مار و مێرووانەی لەماوەی ساڵێکدا

بووە و لە شاری کۆنیای تورکیا و لە ١٧ ی کانونی یەکەمی ١٢٧٣ کۆچی دوایی کردووە. لە دونیای ئیسلامی و سۆفیگەریدا بە پێشەوای تەریقەتی مەولەوی دادەنرێت و وتەو کتێبەکانی تا ئێستاش لە جیهاندا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (٢٠٠٧)ی لە جیهاندا بە ساڵی مەولانا دەستنیشانکرد. لە کتێبەکانی: المثنوی، فیه مافیه، الدیوان الکبیر، و مکتوبات.)

دەمرن ئەگەر نەمردنایە هەموو دونیا پڕ دەبوو لەوانەو هەتا بەری لوتمان دەچەقین لەناو ئەو پاشەڕۆیانەدا.

هەروەکو ئەمانەش هاتنی مردن بۆ مرۆڤیش ڕەحمەتێکی گەورەیە.[1]

لەدوای ئەم وەڵامە جوانە برا کۆچکردووەکەم هاتەوە یاد، زۆر بە گەنجی لەدەستماندا، منیش و دایکیشم زۆر بۆی گریاین و زۆر ناڕەحەت بووین، بەتایبەتی دایکم بۆ چەند مانگێك نەهاتەوە سەر خۆی.

بۆچی هەندێك کەس هەر بە منداڵی دەمرن؟

دەربارەی منداڵ و بێتاوانەکان لێم پرسی:

- ئەوان هەم دەهێنرێنە دونیاوە هەم پێش ئەوەی ئەوەندە بژین، لە گەنجێتیدا و بگرە لە منداڵیدا دەمرن. نازانم بۆچی وایە، هەرچی دەکەم تێناگەم؟

وەڵامەکانی کاك ئەرکوت زۆر سەلمێنەر و قایلکەر بوون. دەتوت لەگەڵ هەر پرسیارێکدا کەمێك زیاتر دێمەوە سەر خۆم و دەحەوێمەوە.

- باوەڕ ڕەچەتەیەکە کە مردنیش لای مرۆڤ جوان دەکات.

دایکێك کە منداڵەکەی لەدەست دەدات، قبوڵی مردن ناکات و لێی تێناگات. بەرگەی ئەو بیرکردنەوەیە ناگرێت کە لە جگەرگۆشەکەی جیابێتەوە و منداڵەکەی بڕزێت و جارێکی تر نەیبینێتەوە. عەقڵ لە سەریدا نامێنێت و نایەوێت بیر لە هیچ بکاتەوە، بەهەمان شێوە خۆیشی وەك مردووی لێ دێت.

١- مەکتوبات، "مەکتوبی یەکەم".

باوەڕ، تاکە ڕەچەتەیە کە ئاسوودەیی دەبەخشێتە دەروونی ئەو دایك و باوکەی منداڵیان مردووە.

مردنی منداڵ پێش تەمەنی پێگەیشتنی بۆ باوەڕداران دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ هەتا هەتایە خۆشی لە منداڵەکەیان وەرگرن. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا منداڵبوون نییە، ئەو منداڵانەی لە پێش تەمەنی پێگەیشتندا دەمرن دەبنە ئەو منداڵانەی لە باخەکانی بەهەشتدان. وەك بەرامبەرێك بۆ ئەو خۆشییەی دایك و باوك خۆشییەکی هەمیشەیی لە خۆشویستنی منداڵەکانیاندا دەستدەکەوێت.

هەروەها ئەو منداڵانەی پێش تەمەنی پێگەیشتن دەمرن و دەچنە بەهەشت دەبنە هۆی تکاکار و ڕزگاری دایك و باوکیشیان.

ئەو منداڵەی دەبێتە هۆی ئەوەی دایك و باوکی ژیانێکی هەمیشەیی ببەنەوە، بە مردنی بووەتە هۆی ئەوە.[1]

بۆ ئەوەی زیاتر لەم بابەتە تێبگەین ، بەدیعوزەمان نموونەیەکی لەم شێوەیە دەهێنیتەوە:

"سەردەمێك پیاوێك لە بەندیخانەدا بوو. ماوەیەکی زۆری نەخایاند کوڕە خۆشەویستەکەشیان خستە لای! ئیتر جگە لە ئازاری تایبەتی خۆی. ئازاری کوڕەکەشی و نەتوانینی دابینکردنی حەوانەوەی ئەوەندەی تر ئازارەکەی زیاد کردبوو.

فەرمانڕەواکەش لەبەرئەوەی زۆر میهرەبان بوو. مرۆڤێکی نارد بۆلای ئەم پیاوە کە پێی بڵێت:

١- مەکتوبات، "مەکتوبی حەڤدەیەم".

(هەرچەندە ئەم منداڵە هی تۆیە بەڵام لەهەمان کاتدا یەکێکە لە دانیشتوانی وڵاتەکەم و گەلەکەم. وا ئێستا دەیبەم بۆلای خۆم و لە کۆشکێکی گەورە و ڕەنگین و ڕازاوەدا پەروەردەی دەکەم.

باوکە بەندکراوەکەش کە ئەمەی بیست دەستی دایە گریان و ئاخ و ئۆف کردن و خەفەت خواردن.. پاشان وتی:

(نەخێر ناتدەمێ. چونکە ئەم کوڕە هۆی دڵنەواییمە لەم بەندیخانەیەدا) !

هاوەڵەکانی بەندیخانەشی پێیان وت:

(برادەر! هیچ پێویست بە خەمخواردن ناکات و خەفەتیش دادی تۆ نادات. ئەگەر تۆ خەمی کوڕەکەتە، ئەوا بۆ کۆشکێکی بەرینی ڕازاوە دەڕوات لەبری مانەوەی لەم بەندیخانە تەنگ و نالەبار و ڕزیوەدا. خۆ ئەگەر خەمی خۆتە و بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆشتدا دەگەڕێیت، ئەوا باش بزانە ئەگەر کوڕەکەت لێرەدا بۆ مەبەستی دڵدانەوە و خەمڕەوێنی تۆ بمێنێتەوە – کە سوودێکی کاتییە و لەوانەشە هەرگیز نەیەتە دی – تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێت.

بەڵام ئەگەر بڕواتە ئەو کۆشکەی پادشا. دەبێت بەهۆی دەستکەوتنی هەزاران سوود بۆ تۆ. چونکە مانەوەی لەوێ دەبێتە تکاکارت و هەوڵی جووڵاندنی بەزەیی فەرمانڕەوا سەبارەت بە تۆ دەدات، ئیتر ڕۆژێك دێتە پێش کە فەرمانڕەوا حەز بکات لەگەڵ کوڕەکەتدا بەیەکتر شاد ببنەوە. خۆ گومانیشی تێدانییە کوڕەکەت نانێرێتەوە بەندیخانە بۆلای تۆ، بەڵکو تۆ دەردەکات و دەتباتە ناو ئەو کۆشکە و، لەوێ بە دیتنی شاد و بەختەوەر

دەبیت.. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی پاشا بیت و باوەڕت پێی هەبێت.)[1]"

ئینشائەڵڵا... بەڵام کەسێکی تاوانباری وەك من چی داوە لە بەهەشت و بینینەوەی براکەی؟ خۆزگە بفەوتامایەو ئەو ڕۆژانەم نەبینیایە.

بۆچی خوای گەورە خراپە و شەیتانی دروستکردووە؟

پاشان دوو پرسیارم کرد کە ساڵانێك بوو سەرقاڵیان کردبووم، تەنانەت ئەو دوو پرسیارە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو.

یەکەمیان ئەوەبوو کە خوای گەورە بۆچی خراپەو شەیتانی دروست کردووە؟ ئەوە مانای ئەوە نییە کە خوا (حاشا) مرۆڤەکان بە قەستی پاڵ پێوەدەنێت بۆ خراپە؟ ئەگەر خراپەو شەیتان درووست نەکرانایە مرۆڤ کوا تاوانی دەکرد؟

دووەم پرسیاریش دەربارەی چارەنووس بوو. مادام خوای گەورە پێش لەدایکبوونمان چارەنووسمان دەنووسێت، بۆچی ئێمە دەبینە لێپرسراو لەبەردەم تاوان و هەڵەکانماندا؟ با شتی چاکی بنووسیایە تا ئێمەش کەسێکی باش بووینایە.

کاك ئەرکوت لەلایەکەوە قومی لە چایەکەی دەدا و لەلایەکیشەوە دەیویست ورەم پێ بدات:

١- مەکتوبات، "مەکتوبی حەڤدەیەم".

- ئافـەرین سـێڤدا خـان. ئـەم پرسـیارانە هـەموو مرۆڤێـك نایانکـات، کەسـێکی زیـرەك دەیانکـات کـە مێشـکی تێـك درابێـت. هـەر لـە یەکـەم پرسیارەوە دەمزانی خاتوونێکی زیرەکی.

نەخێر، لە ڕاستیدا ئەوەندەش زیرەك نەبووم ، من خۆم دەناسم، کاك ئەرکوت دەیویست ڕازیم بکات.

پرسیاری یەکەمی ئاوا وەڵام دایەوە:

- " بەدیهێنانی(خلق)ی شەڕ، شەڕ نییە.. بەڵام بەدەستهێنان(کسب)ی شەڕ بە شەڕ دادەنرێت، چونکە ئـەو مرۆڤـە تەمبەڵـەی زیـانی لـە بارانـەوە پێگەیشتووە -ئەو بارانەی کە گەلـێك بەرژەوەندیی تێدایە - مافی ئەوەی نییە بڵێت: باران میهرەبانی نییە. هەروەها بۆ ئـەو چـەقۆیەی کـە دەسـتی دەبڕێـت و ئـەو ئـاگرەی دەسـتی دەسـوتێنێت ناتوانێـت وا بڵێـت. لـە دروستکردندا لەگەڵ هەر شەڕێکی بچووکدا چـەندین خێـری گـەورە هەیـە. لەبەر ئەو خراپە بچووکەی لێی دەوەشێتەوە مرۆڤ ناتوانێت واز لە خێرێکی گەورە بهێنێت و بڵێت شەڕێکی گەورەیە.

دروسـتکردنی شـەیتان خراپـە نییـە بـەڵکو زەلیـل بـوونی مـرۆڤ لـە دەستیدا خراپەیە. شەیتانەکان ناکەونە وێزەی فریشتەکان، لەبـەر ئـەوەی پلە و پایەیان نەگۆڕە. ئەوەی مرۆڤ بـەرز دەکاتـەوە ئەوەیـە کـە بەرامبـەر وەسوەسەی شەیتان وریا بێت و بە ئیرادە بێت.[1]

١- وتەکان، "وتەی بیست و شەشەم".

ئەگەر خودا قەدەر دەنووسێت بۆچی لە کارەکانمان لێپرسراو بین؟

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەمیش کتێبەکەی بەردەستی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوە:

- "هەموو بوونەوەر و دروستکراوەکان، بە فەرمان و ویستی خوای گەورە دروست بوون. چاکە و خراپە بە دانایی و دەسەڵاتی ئەو دروست بوون، بەدەر لە زانست و ویستی ئەو زاتە تەنانەت میشێکیش ناتوانێت باڵی ڕاوەشێنێت، یاخود گەڵایەك ناتوانێت جووڵە بکات.

خوای گەورە بە زانستی خۆی دەزانێت و دەبینێت ئێمە لە ئایندەدا چی دەکەین و لە قەدەرمان دەینووسێت. ئەگەر نا ناچێت لە قەدەری هەندێك مرۆڤدا چاکەو چاکەکاری و لە قەدەری هەندێکیشیان خراپە بنووسێت.

بۆ نموونە کەسێك لە پەنجەرەی شوقەکەیانەوە خۆی فڕێ داتە خوارەوە، واتە خۆی دەکوژێت. نووسینی ئەمە لە قەدەری ئەودا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە خوای گەورە پێشتر دەیزانێت. سزادانی بەندەش لەسەر ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە بە ئیرادەی خۆی ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر لەپڕ لە پەنجەرەی شوقەکەوە بکەوێتە خوارەوە و بمرێت، ڕاستە لە قەدەریدا هەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی سزادانی. ئەمە مانای ئەوەیە قەدەر ئیرادەی مرۆڤ نابەستێتەوە. نووسینی چاکەو خراپە لەقەدەری مرۆڤدا لە لایەن خوای گەورەوە بەویستی خۆی، پێچەوانەی

دادپەروەرییەتی. ئەگەر ئەمە وا بووایە ئەوا پێویستی نەدەکرد مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوە بنێردرێتە دونیا.

خوای گەورە لەبەر ئەوەی دەزانێت کێ تاوان دەکات و کێ چاکە دەکات. تاوانبارانی بۆ دۆزەخ و چاکەکارانی بۆ بەهەشت داناوە، بەڵام خوای گەورە مرۆڤەکانی خستووەتە تاقیکردنەوەوە. ئیرادەی بە مرۆڤ داوە و گرتنەبەری ڕێی ڕاست و هەڵەی داوەتە دەست خۆی. لەگەڵ ئەمانەشدا پەیامبەر و کتێبەکانی ناردووە تاوەکو ڕێی چاکە پیشانی مرۆڤ بدەن. بە فەرمان کردن بە چاکە خەڵکیان لە خراپە دوورخستووەتەوە.

ئەو کارانەی لە مرۆڤدا دەردەکەون دەبن بە دوو بەشەوە، کۆمەڵێك لەمانە بە تەواوی دوور لە ئیرادەی ئێمە ڕوودەدەن کە پێیان دەڵێین (قەدەری ناچاری)، لەم قەدەرەدا هیچ لێپرسراویەتییەك ناکەوێتە سەر مرۆڤ و هیچ پاداشتێکیشی نییە لە بەرامبەریدا. دەکرێت نموونەش بۆ ئەمانە جووڵەی پێڵووی چاوەکانمان، سوڕی خوێنمان، ڕەگەزمان یاخود نەتەوەمان بێت. بەشی دووەمیش ئەو کارانەیە کە بە ئیرادەی خۆمان دەیکەین. خێر و شەڕیش کە لێرەدا جێی باسە دەکەوێتە ژێر ئەم بەشەی قەدەرەوە کە پێی دەوترێت (قەدەری ئیختیاری) وەك خواردن و سەیرکردن و خواردنەوە و قسەکردن. کەسێك کە لە ویژدانیدا بزانێت کام کارەی لە بەشی (ئیختیاری)یە و کامەی (ناچاری)یە چۆن و بە چ مافێك دەتوانێت لە بەرامبەر ئەو خراپەیەدا کە دەیکات بڵێت: (من چی بکەم؟ ناچار بووم ئەو کارە بکەم چونکە لە قەدەرم وا نووسراوە...)

کاتێك کەسێك کارێکی چاکەی کرد دەست بکات بە باسکردنی خۆی بڵێت: (من وام کرد. و ئاوام کرد) چۆن ماف ئەوەی هەیە خراپەکانی حەواڵەی قەدەر بکات؟ ئەمە لە کاتێکدا هەر هەمان خراپە کەسێك بەرامبەر ئەم بیکات کارەکە ناداتە پاڵ قەدەر! ! بۆ نموونە کاتێك داوا تۆمار دەکات لەسەر ئەو دزەی چووەتە ماڵیان قەدەری بیر ناکەوێتەوە. خۆی ناگرێت و تووڕەبوونەکەی ناخواتەوە ئەگەر دزەکە لەبەردەم دادوەردا بڵێت: (من چ تاوانێکم هەیە؟ لەبەر ئەوەی لە قەدەرمدا خراپە هەیە وا بە ناچاری دزی دەکەم.). بە هەمان شێوە کاتێك دەستی خستووەتە بینی ئەو کەسەی هەوڵی کوشتنی منداڵەکەی داوە، وا بیر ناکاتەوە کە لە قەدەری ئەو کەسەدا وا نووسراوە. یاخود کاتێك کەسێك بە چاوێکی خراپەوە دەڕوانێتە ئابڕووی، ناڵێت لە قەدەرمدا وا نووسراوە مافم نییە بە سەریەوە. کەواتە دەتوانێت کاتێك خۆی لەو جۆرە کارانە دەکات بیداتە پاڵ قەدەر؟" (موحەممەد کرکنجی)

(مرۆڤ بە تەواوەتی بەرپرسیاری کردەوە خراپەکانیەتی، چونکە مرۆڤەکە خۆی ئەو کردەوە خراپانەی "ویستووە". جا لەبەرئەوەی کردەوە خراپەکان لە بابەتی "ڕووخاندن"ن ئەوا مرۆڤ دەتوانێت تەنیا بە یەك کردەوەی خراپ ڕووخاندنێکی گەورە ئەنجام بدات، بەڵام لە کردەوە چاکەکاندا، مرۆڤ مافی شانازی و بەخۆنازینی نییە، لەبەر ئەوەی بەشی ئەو لە کردەوە چاکەکانەدا یەکجار کەمە، چونکە تەنها "میهرەبانی"ی

خوای گەورە "داخوازی" ئەو کردەوە چاکانە بووە و ویستوویەتی ئەنجام بدرێن)[1]

بەکورتی ئەوەی کە ئێمە لە ژیانماندا چۆن دەژین و ئەوەی خوای گەورە پێش وەخت ئەمە بزانێت، ئازادی ئێمە سنووردار ناکات و ئاڕاستەی ناکات بۆ هیچ شوێنێك، چونکە ئێمە سەربەست و ئازادین لەوەی کە چی دەکەین. لەبەر ئەوە قەدەر لێپرسراو نییە لەوەی ئێمە دەیکەین، بەڵکو خۆمان لێپرسراوین.

دەتوانیت چی بڵێیت بەرامبەر ئەم وەڵامە جوانانە؟

ئەم وەڵامانە دەرمانێکی زۆر کاریگەر و چاك بوو بۆ ئەو نائارامی و کێشانەی لە ناخمدا بوون. چونکە یەکەمجارم بوو لێپرسینەوە لەگەڵ خۆمدا بکەم.

خوایە گیان! من خەون دەبینم یان بەڕاستی دەژیم؟ چی دەبێت با خەونێك نەبێت کە بەئاگاهاتم تەواو بێت.

مەرجە نوێژ بکەین؟! خۆشەویستی خودا بەس نییە بۆ ئێمە؟!

- ئایا نوێژ مەرجە بۆ زانین و ناسین و بەندایەتیکردنی خوا؟ مرۆڤ دەتوانێت بێئەوەی نوێژیش بکات خودا بناسێت، و ڕێزی لێبگرێت. ئەم هەستان و دانیشتنە چ مانایەکی هەیە؟ بۆچی لە مەسەلەی نوێژ و پەرستشەکاندا ئەوەندە زۆرمان لێ دەکات؟

١- وتەکان، "وتەی بیست و شەشەم".

کاك ئەرکوت گەڕا بەدوای وەڵامەکەدا و دەستی کرد بە خوێندنەوە:

- "داواکاری خوای گەورە لەسەر پەرستشی ئێمە و فەرمانکرنی لەسەر نوێژکردنی ئێمە. بۆ ئاسوودەیی مەعنەوی و ماددی ئێمەیە. نەك لەبەر ئەوەبێت (حاشا) خوای گەورە پێویستی بە پەرستشی ئێمە بێت.

چەندە بێ مانایە نەخۆشێك بەرامبەر دکتۆرێکی بە بەزەیی کە دەیەوێت دەرمانێکی بداتێ بڵێت: (تۆ چ پێویستیت بەوە هەیە کە من ئەم دەرمانە بخۆم؟) چونکە ئەو نەخۆشە پێویستی بە دەرمانخواردنە نەك دکتۆر.

بەم شێوەیەش خوای گەورە نە پێویستی بە پەرستش و نە هیچ شتێك نییە. ئەوە مرۆڤە پێویستی بەوەیە بە سوپاسگوزاری و پێزانینەوە مرۆڤایەتی خۆی بسەلمێنێت و هەوڵ بدات ئاسوودەییەکی هەمیشەیی دەست بکەوێت.[1]

لە کتێبی وتەکانیشدا بەم شێوەیە باس دەکرێت:

"جارێکیان فەرمانڕەوایەکی گەورە دوو خزمەتگوزاری خۆی بۆ باخچەیەکی تایبەتیی جوان نارد کە دوو مانگ ڕێ دوور بوو، تاکو پێی بگەنە مەزراکە و لەوێ نیشتەجێ ببن. یەکی بیستوچوار لیرەی زێڕیشی دانێ و پێیوتن:

(بلیت و پێداویستیەکانی گەشتەکەتان و، پێویستیەکانی ناومان و نیشتەجێبوونتان، بەم پارەیە بکڕن.. دوای ڕۆژە ڕێیەکیش دەگەنە وێستگەیەك کە هەموو هۆکارەکانی گواستنەوەیان تێدایە لە ئۆتۆمبێل و،

١- بریسکەکان، "بریسکەی بیست و سێهەم".

فڕۆکە و، شەمەندەفەر و، پاپۆڕ.. سواربوونی هەرکام لەمانەش بە گوێرەی سەرمایەی ئەو کەسەیە کە سواری دەبێت) .

ئـەوانیش دوای وەرگرتنـی ئـەم وانـە و ئامۆژگارییانـە، کەوتنـەڕێ. یەکێکیان لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی بەختەوەر و شادمان و ژیر بوو، بەشـێکی پارەکەی بە جۆرێك فەرمانڕەوا پێی ڕازی بێت، خستەکار و کەسابەتەوە تا گەیشـتە وێسـتگەکە و، سـوود و قـازانجێکی زۆری لـێ دەسـتکەوت بـە چەشنێك کە سەرمایەکەی یەك بۆ هەزار زیادی کرد .

بەڵام ئەوی تریان کـە تـابڵێی بەدبـەخت و بـەدخوو بـوو، تـا گەیشـتە هەمان جێ، بیست و سێ لیرەی لە قومارومواردا خەرج کرد و تـەنیا یـەك لیرەی پێ مایەوە ! لەبەر ئەوە، برادەرەکەی پێیوت:

کاکی خۆم! ئەم لیرەیەی ئێستا پێتماوە بلیتی سەفەری پێبکڕە، بـۆ ئەوەی لەم ڕێگا دوور و درێژەدا بـە برسـێتی و ئـاوارەیی نەمێنیتـەوە، بـە خۆڕایی لە دەسـتی مـەدە. فـەرمانڕەوای گـەورەشمان تـابڵێی لـێبوردە و جوانمەردە، بەڵکو لـە کـەم و کووڕییـەکانت خـۆش ببێـت و تـۆش سـواری فڕۆکە بکات و پێکـەوە لـە مـاوەی ڕۆژێکدا بگەینـە جێگـەی خۆمـان. خـۆ ئەگەر بە گوێیشم نەکەیت، ئەوا ناچار دەبیت کە بە پـێ بکەویتـە ڕێ و بـە دوو مانگی ڕەبەق و بە برسێتی و نامۆیی و تەنیایی ئینجا بیبڕیت و بگەیتە جێ.

جا ئەگەر ئەم هاوڕێیە سەرپێچیی نواند و بەو تاکە لیرەیە ئەو بلیتەی نەکڕی – کە وەك کلیلی دەرگای گەنجینەیەك وایە – بەڵکو لـە ئـارەزوو و

ڕابواردنێکی سەرپێییدا بەکاری هێنا، ئایا تێنەگەیشتووترین مرۆڤیش ئەم کارە بە بێعەقڵی و بەدبەختی لە قەڵەم نادات؟

بیست و چوار لیرەکە، بریتیە لەو بیست و چوار سەعاتەی شەو و ڕۆژ کە تەمەنی مرۆڤیان لێ پێکدێت.. مەبەست لەو بلیتەش (نوێژ)ە، لە ڕاستیدا تەنیا یەك سەعات لەو بیستوچوار سەعاتە سەروزیادە بۆ نوێژ و دەستنوێژی ماوەی ئەو شەو و ڕۆژە. ئایا ئەو کەسەی کە بیستوسێ سەعاتەکەی شەو و ڕۆژ بۆ ئەم دنیا زۆر کورت و کەمە سەرف دەکات و تاقە سەعاتێکیشی بۆ ژیانی نەبڕاوەی هەمیشەیی تەرخان ناکات، چەندە ستەم لە خۆی و کارێکی دوور لە ژیری دەکات؟! سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەو کەسەی نوێژەکانی بەجێ دەهێنێت، بەهۆی نییەتی پاك و خاوێنەوە، هەموو کار و کۆششێکی حەڵاڵی تری بۆ دەبێت بە پەرستش و، بە عیبادەت بۆی دەژمێررێت[1]".

دووبارە لە هەمان کتێبدا بەم شێوەیە دەربارەی گرنگی پەرستشەکان دەدوێت:

" جارێکیان دوو سەرباز فەرمانیان پێکرا کە بڕۆن بۆ شارێکی دوور. ئەوانیش پێکەوە کەوتنەڕێ، گەیشتنە دووڕیانێك لەوێدا پیاوێکیان بینی، ئەم پیاوە پێی وتن:

(ڕێگای دەستە ڕاستیان سەرەڕای ئەوەی بێزیانە، ئەوانەش کە دەیگرنە بەر بە ڕێژەی "نۆ لە دە" قازانجیان دەست دەکەوێت و بە ئارامی و بێ ماندووبوونیش دەیبڕن تا دەگەنە جێ. بەڵام ڕێگای دەستە

١- وتەکان، "وتەی چوارەم".

چەپیان سەرەڕای ئەوەی هیچ دەسکەوتێکی تێدا نییە، "نۆ لە دە"ی ئەوانەش کە دەیگرنەبەر تووشی زەرەر و زیان دێن.. ئەوەش بزانن کە هەردوو ڕێگاکە بە ئەندازەی یەك دوورن، ئەوەندە هەیە ڕێگای دەستە چەپ، لەبەر ئەوەی سەر بە هیچ ڕژێم و یاسایەك نییە، ئەو ڕێبوارەی پیایدا دەڕوات چەك و تفاق لەگەڵ خۆی هەڵناگرێت و، بەم پێیە سووکی و حەوانەوەیەکی ڕووکەشی تێدا دەبینێت، بەڵام ڕێگای دەستە ڕاست، لەبەر ئەوەی لە ژێر سایەی یاسادایە، ئەو ڕێبوارەی دەیگرێتەبەر ناچار دەبێت چەکێکی ڕەسمی بە قورسیی دوو کیلۆ لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت و، نزیکەی چوار کیلۆ خۆراکیش بخاتە ناو هەگبەکەیەوە، تا بتوانێت بەسەر هەر مەترسی و کۆسپ و دوژمنێکدا – کە لەوانەیە بێنە ڕێی – سەربکەوێت).

پاش ئەوەی ئەم دوو سەربازە گوێیان لە وتەی ئەو ڕابەرە شارەزایە ڕاگرت، بەختەوەرەکەیان ڕێی ڕاستی هەڵبژارد. بەم چەشنە کۆڵێکی قورسی بە کێشی یەك باتمان هەڵگرت، بەڵام "دڵ" و "ڕۆح"ی لە منەت و ترس و ئازارێکی ئەوتۆ ڕزگاریان بوو کە هەزاران جار لەو کۆڵە قورستر بوو (گەر ئەو ڕێگایەی نەگرتایەتە بەر)..

کەچی بەدبەختەکەیان لەبەر ئەوەی حەزی لە پەیڕەوی‌کردنی یاسا نەبوو، دەستی لە سەربازی هەڵگرت و ڕێگای چەپی هەڵبژارد. خۆ هەرچەندە بە ڕواڵەت لە هەڵگرتنی ئەو کۆڵە قورسە ڕزگاری بوو بوو، بەڵام "دڵ و دەروون"ی کەوتبوونە ژێر منەت و ئازارێکی ئەوەندە قورسەوە کە بە هەزاران جار لە هەڵگرتنی ئەو کۆڵە قورستر بوو.. "ڕۆح"یشی هەردەم لە ترس و بیمدا دەینالاند و، هەر کەسێکی لە ڕێگادا دەبینی دەستی لێ

پـان دەکـردەوە و، لـە هـەموو هەڵوێسـت و ڕووداوێکـی ڕێگـادا ترسـی لـێدەنیشت! هەر بەم جۆرە، ڕێی بڕی تا گەیشتە جێی مەبەست و، لـەوێ بە سزای یاخی بوون و هەڵهاتنی خۆی گەیشت .

ئەوی تریشیان کە ڕێی ڕاستی گرتەبەر و پەیڕەوی ڕێبـازی سـەربازیی کـرد و چـەك و کەرەسـتەی خـۆی پاراسـت، بـە دڵێکـی پـڕ لـە ئـارامی و دەروونێکی پڕ لە هێمنییـەوە ڕێگـای بـڕی تـا گەیشـتە جێگـای مەبەسـت، بێئەوەی ئاوڕ لە کەس بداتەوە و منەتی کەس هەڵبگرێت، یـاخود لـە هـیچ کەسێك بترسێت. ئیتر لەوێ پاداشت و خەڵاتی شایانی خۆی وەرگرت.

بزانە ئـەو دوو ڕێبـوارە: یەکـەمیان ملکـەچ و فەرمانبـەردارانی یاسـای خواوەندن، مەبەست لەوی تریشـیان ئەوانـەن کـە یـاخی بـوون و، شـوێنی نەفس و ئارەزووی دەروونی خۆیان کەوتوون .

ئەو ڕێگایەش: ڕێی ژیانە کە لە "جیهانی ڕۆح"ەوە دەست پێدەکات و لە گۆڕەوە تێپەڕ دەبێت و لە جیهانی ئەودنیا کۆتایی پێدێت .

ئەو چەك و هەگبە و تفاقەش بـریتین لـە: تـەقوا و پەرسـتش، چـونکە پەرستش هەرچەند لـە ڕواڵەتـدا ئـەرکێکی قـورس و گـران بێـت، بـەڵام لـە ڕاستیدا ئاسانی و حەوانەوەیەکی ئەوتۆی تێدایە کـە لـە باسـکردن نایـەت. خـۆ ئەگـەر گـۆی زەوی بۆمبایـەك بێـت و بتەقێتـەوە، لەوانەیـە مرۆڤـی خواپەرسـتی دڵڕوونـاك نەترسـێنێت و، بـە موعجیزەیـەکی دەسـتەڵاتـی پەروەردگاری بزانێت و بە ڕێز و سەرسوڕمان و چێژەوە لـێی وردببێتەوە.[1]

١- وتەکان، "وتەی سێهەم".

ئەو ڕاستییانەی لەم کتێبانەدا دەخوێنرانەوە، هەموو گەنجان و بگرە هەموو مرۆڤەکان پێویستیان پێی بوو. پێویست بوو هەرچی زووترە بگەیەنرێتە دەست هەموو کەس .

ئەگەر ئایینی ئیسلام یەکە، ئەی بۆچی مەزهەبی جیاواز هەیە؟

یەکێکی تر لەو پرسیارانەی لە مێشکمدا جێی خۆی کردبووەوە، ئەوەبوو کە بۆ لە ئایینداا چەند مەزهەبێکی جیا هەیە؟ نەمدەتوانی ئەمە شیکار بکەم، ئەگەر دین یەکە ئەی بۆچی مەزهەبی جیاواز جیاواز دەرکەتوون، چی پێویست بەم مەزهەبانەیە؟

کاك ئەرکوت وەڵامی دایەوە:

– زۆر گرنگی بەم پرسیارەت دەدەم. چونکە ئەوانەی لەم بابەتەدا زانیاری تەواویان نییە دەڵێن، ئایەت هەیە، فەرموودە هەیە، پێغەمبەر هەیە؟ ئەمانە هەبن چ پێویستییەك بە مەزهەب هەیە؟ ئایا ئەوانە بە تەنها بەس نین بۆ ئەوەی بە موسوڵمانێتی بژین؟

بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە وەك ئەوە نییە کە دەبینرێت. مەزهەب، واتە ڕێگە یان ڕێباز. بەمانایەکی تر لە ڕووی ئایینیەوە دۆزینەوەی جوانترین و ئەنجامدانی باشترینە. بەپێی ئەم مانایە مەزهەب جیابوونەوە نییە، بەڵکو هەوڵی پێشکەشکردنی جوانترین ڕێگایە. لە ئیسلامدا مەزهەبەکان نکوڵی لە یەکتر ناکەن، بە پێچەوانەوە بەڵکو یەکتر پشتڕاست دەکەنەوە. تەنانەت ئەگەر بۆشاییەك لە یەکێکیاندا هەبێت مروڤی موسوڵمان بەگوێی پەیڕەوی ئەوی تر دەکات.

مەزهەبەکان، ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دەخەنەڕوو، بە مانای ئەوەی بۆ ژیانی کۆمەڵ پێویستە.

بەدیعوززەمان بەم شێوەیە باسی ئەم بابەتە دەکات:

"ئاو خواردنەوە یەکە بەڵام بۆ مرۆڤەکان لە حاڵەتی جیاجیادا حوکمەکەی دەگۆڕێت. گۆڕانکاریەکە لەوە دانییە کە ئاوەکە دەگۆڕێت بەڵکو پێویستی نەخۆشییەکە وا دەکات.

پیاوێك لە دەشتێکدا ماوەتەوە و لە تینوێتیدا لێوەکانی قڵیشاوە، لەم حاڵەتەدا ئاو شیفایەو لە ڕووی پزیشکیشەوە خواردنەوەی واجبە.

بۆ نەخۆشێك کە تازە لە نەشتەرگەری هاتووەتە دەرەوە وەك ژەهر وایە و لە ڕووی پزیشکیشەوە حەرامە.

لە سەرمادا کاتێك کەسێك ئاوێکی زۆر لە لەشیدابێت زیانێکی کەمی هەیە و لە ڕووی پزیشکیشەوە مەکروهە.

لە ڕۆژی گەرمای هاویندا سوودی هەیە بۆ فێنککردنەوەی کەسێك کەواتە سوننەتە بۆ ئەویش.

لەکاتێکیشدا بۆ کەسێك نەزیانی هەبێت و نە سوود. ئەوا بۆ ئەو کەسە موباحە(ڕێپێدراوە).

وەك دەبینین حەقیقەت و ڕاستی لێرەدا پێنج جۆر بوو. چۆن دەتوانین بڵێین ئاو هەموو کاتێك واجبە؟

حوکمە شەرعیەکان و وردەکارییەکانی سەیری پێویستی مرۆڤەکان دەکات. حەکیمی ئاو مەیدانەکە کە ئیمامی مەزهەبەکانن سەیری ژیانی

پێغەمبەر ﷺ دەکەن و بەپێی باری کەسەکە ڕەچەتەکە دەدەنەوە دەست کەسەکە.

کەواتە ئەوە دەرمانەکە نییە کە دەگۆڕێت. بەڵکو نەخۆشەکەیە. ئەو جیاوازیانەش کە لە نێوان ئیمامی مەزهەبەکاندا دەبینرێت هەر ئەمانەیە.[1]

ئەم پرسیارەم لە مامۆستای ئایینمان کردبوو لە قوتابخانە، بەڵام ئەو ئاوا ڕوونی نەکردەوە، بۆیە هەرکاتێك وشەی (مەزهەب)م ببیستایە، مێشکم تێکدەچوو.

هەروەها پرسیم لەنێوان موسوڵماناندا چەندین کۆمەڵ و گرووپی جیاوازم بینیوە، ئیسلام یەکە، قورئان یەکە، پێغەمبەر یەکە... باشە ئەم هەموو یەکێتییە هەیە ئەی ئەو هەموو گرووپ و کۆمەڵانە چین؟

وتی:

- ئەمەش ڕوویەکی تری پرسیارەکەیە، وەك چۆن مەزهەبەکان پێویستیین، بە هەمان شێوە بۆ کۆمەڵەکانیش هەروایە، با بەم شێوەیە ئەمە ڕوون بکەینەوە:

باوەڕدارێك باسی خوا دەکات بۆ کەسێك، ئەگەر ئەو بتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی حەڵاڵ و حەرام و بەندایەتی بۆ خوا بگەیەنێت بەو کەسە، ئەوا مرۆڤێکی گەڕاندوەتەوە، ئەگەر لە جێیەکی تر، مرۆڤێکی تر، بە هەمان ڕێگە یان ڕێیەکی جیاواز هەمان کار بکات، ئەوا دوو کەس ڕزگاریان بوو. چاکەی هەردووکیشیان وەك یەك دەنووسرێت. چونکە یەك شتیان دەوێت و ئەوەی کە داوای دەکەن هەمان شتە.

١- وتەکان، "وتەی بیست و حەوت".

بـه شـێوەیەکی گشـتی، تایبەتمەنـدبوون بـەپێی خـووی کەسـەکان، شتێکی چاکە و بگرە پێویستیشە، وەك چۆن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەموو کەسێك هەمان کار ناکات، ئـەوا بـە هـەمان شـێوە لـە ژیـانی مەعنەویشـدا هەمان کار ناکـات، ویسـت و توانـا و داواکـاری مرۆڤـەکان وەك یـەك نییـە، مـرۆڤ دەکرێـت وەك سـۆپەرمارکێت بێـت و وەڵامـی هـەموو داواکاریـەك بداتەوە، لەهەمان کاتدا دەکرێت وەك میوەفرۆشێك بێـت و تـەنها بـە پێـی ئـەو توانایـەی تێیدایـە کاربکـات. بـەکورتی ناتوانرێـت داوای هـەمان توانـا لەهەموو کەسێك بکەیت.

لـە خزمـەتکردن بـە چـاکەدا ڕێگـەی جیـاواز مانـای جـودایی نییـە. تایبەتمەنـدبوون و زۆر کـارکردن، لەگـەڵ وەڵامدانـەوەی هـەموو فـیترەت و ویسـتێك بـە جێـی خـۆی ئـەنجام بەدەسـتەوە دەدات. هـیچ کاتێـك تایبەتمەنـدبوون لـە زانسـتدا بـە مانـای جـودایی و ڕەتکردنـەوەی یـەکتری نایەت.

کەسـانێك وەك ئـەوەی تـەنها خۆیـان چـاکە دەزانـن و بیردەکەنـەوە، دەکەونـە هـەوڵی ئـەوەی هـەموو لایـەك کۆبکەنـەوە، کەچـی لـە ڕاسـتیدا ئەوانەی جـوانیی و خۆشـیەکانی ژیانیـان تـام کـردووە، نایانـەوێت لەگـەڵ ئەوانـەدا بـن کـە ئـاوا بـیر دەکەنـەوە، نـەك ئـەوان بـەڵکو فریشـتەکانیش نایانـەوێت هـەم جێگـا و هـەم دانـایی ڕێگـە بـەوە نـادەن کـە هـەموو ئـەو کەسانەی خزمەت بە حەق دەکەن لەیەك ژووردا کۆببنەوە.

ئەوانەی خزمەت بە ئایین دەکەن، لە ئامانجدا یەکێتییان لێ چاوەڕێ دەکرێت. ئەوانەشی کە ئامانجیان لێڵە و لە ڕێگەی باتڵدا بەدوای حەقدا دەگەڕێن، دیارە کە لە دەرەوەی ئەو کاروانە نورانیەن.

جگە لەمانەش، ناکرێت هەر مرۆڤێکی موسوڵمان بینرا پاشگرێکی "ـی" پێوەبێت، کەس "ئەحمەدی و محەمەدی و فلانی و فیساری" نییە، ناشکرێت وابێت. لە ئایینێکدا کە قەدەغەیە ئایین بە کەسایەتیەکانەوە ببەسرێتەوە، کەس لەبەر خاتری فلان و فیسار کۆ نابێتەوە. وەك چۆن مرۆڤەکان لە هەموو زانستێکدا زانایەکیان هەیەو پێشەوایەتییان دەکات، لە ئایینیشدا هەروایە. ئەمەش بەتەواوی دوورە لەو تێگەیشتن و گومانەی دوژمنان خستوویانەتە ناو خەڵکەوە و هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نییە.

هەموو کەسێك مامۆستاکەی خۆی خۆش دەوێت. کەسیش لەبەر خاتری کەس ئەو مامۆستایەی ڕەت ناکاتەوە کە سوودی لە زانستەکەی وەرگرتووە، ناشتوانێت ڕەتی بکاتەوە، پێویستیش نییە. ئەوانیش وەك هەموو خاوەن زانستێك خۆیان بۆ خەڵك باس ناکەن، بەڵکو باسی خوای گەورە و حەقیان بۆ دەکەن.

قسەکانی زۆر ڕاست بوون، وەك چۆن هەموو کارێك شارەزایی و ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی پێویستە. بە هەمان شێوە ئەو کۆمەڵانەی ئایین بە شێوەیەکی باش دەگەیەننە خەڵکی و هەبوونی ڕێگەی تایبەت بە ئەوان شتێکی زۆر خوازراوە.

ئایا سەربەستی سێکسی گونجاوە بۆ ئافرەت ؟

دووبارە پرسیارێکم پرسی کە دژی خۆم بوو، بۆیە دەڵێم دژی خۆم چونکە باشترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی پرسیبووم، خۆم بووم، بەڵام دەمویست وەڵامەکەی لە کاك ئەرکوتەوە ببیستمەوە:

– بۆچی ئافرەتان لە مەسەلە سێکسییەکاندا وەك پیاو نین؟ بۆچی کۆمەڵ سەربەستی سێکسی لە ئافرەتان زەوت دەکات؟ لەکاتێکدا پێویستە ئافرەتیش وەکو پیاو چۆنی بووێت و چی بووێت بیکات، وانیە؟ پێویستە ئەوە مافێکی زۆر سروشتی بێت.

ئەم پرسیارە تەبیعەتی کاك ئەرکوتی تێکدا. ئەم بابەتە ئەوەندە پیس بوو کە نەدەکرا ببێتە پرسیاریش، بەڵام چیبکەم لە دەمم دەرچوو.

کە وەڵامی ئەم پرسیارەی دامەوە هیچ سەیری دەموچاوی نەکردم، لەبەر ئەوەی زۆر نائارام بوو بەردەوام وشەکانی دەخواردەوە و ڕستەکانی دەبڕی:

– سێڤدا خان، کۆمەڵە پرسیارێك هەن بێوەڵامن، چونکە ئەوەندە ڕوونن کە پێویستییان بە وەڵام نییە. وا دەزانم ئەم پرسیارەش وایە... بۆ ئەم مەسەلەیە لە دەوروبەرماندا چەندین نموونە دەبینین. ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی قەناعەت بە مرۆڤ بکەن و بگرە سەروزیادیشە، بەڵام با ئێمە چەند شتێك هەر بڵێین:

ئازادییەکی بێیاسای سێکسی بۆ پیاو بێت یان ئافرەت لەڕاستیدا نەك ئازادی نییە بەڵکو کۆیلەییە و وەحشیەتە. ئازادی بێسنوور مانای دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ئازادی و بەختەوەری و مافی خەڵکی دیکە.

لە بازنەی حەڵاڵدا ڕێگە بە سەربەستی سێکسی دراوە. ئەمەش بە ژیانی خێزانی دەستەبەر دەبێت، ئەگەرنا لەژێر ناوی سەربەستی سێکسیدا چەندین کەسی بێهێز و بێکەس و بێ تاوان زەرەرمەند دەبن. گەورەترین زیانی بیرۆکەی (سەربەستی سێکسی) ئەو پەستانەیە کە دەیخاتە سەر لایەنی دەروونی مرۆڤ، چونکە ئەم بیرۆکەیە خۆشەویستی مرۆڤ لە ڕیشەوە هەڵدەکەنێت و، دوورە لە هەموو پێکەوەبوونێکی سۆزداری و لەبەرامبەریشدا پێکەوەبوونێکی کاتی و درۆینە دروست دەکات؛ کە دەبێتە مایەی نائارامی بۆ هەردوولا.

سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی مەترسیدار و دیاردەی ناباو، لە پێش هەموویانەوە نەخۆشی ئایدزو هەموو نەخۆشییە زوهرییەکان و دەستدرێژی و تاوان و خۆکوشتن و ئالودە بوون بە ماددە سڕکەرەکانەوە.

ڕەشەبای (سەربەستی سێکسی) لە خۆرئاوا وەکو تاعون چەندین کێشەی بڵاوکردەوە. ئافرەتە ئەمریکیەکان ناچار بوون پشتی ئەو ڕایە بگرن کە دەڵێت: "(سەربەستی سێکسی) دەمامکێکەو دەیەوێت مرۆڤەکان و بەتایبەت ئافرەتان بکاتە کۆیلە". لە خۆرئاوا شڵەژانی ڕاستەقینە لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکرد.

هەموو ئەو نەخۆشیانە لە ئەنجامی پێکەوەبوونی ڕێگەپێنەدراوەوە سەریان هەڵدا. خۆرئاوا ئێستا زۆر شڵەژاوە... لەترسی نەخۆشیە درم و گوازراوەکان ژیانیان لێ تاریك بووە، ملیۆنان کەس لە وڵاتانی خۆرئاوا بەدەست ئەم حاڵەتە دەروونیەوە دەناڵێنن...

ڕاستییەکی تر هەیە لە مەسەلەکەدا: (سەربەستی سێکسی) زیانەکانی زۆرتر لەسەر ئافرەتە وەك لە پیاو. چونکە ئەگەر بەراوردی بکەین، ئافرەت لەم بابەتەدا زۆر لە پیاو زیاتر دەفەوتێنێت.

(سەربەستی سێکسی) زیانەکانی بۆ سەر تاك لە ئافرەتدا زۆر زیاترە وەك لە پیاو، چونکە پیاو چۆن دەیەوێت وا دەژی و دوای ئەوە دەتوانێت ئافرەتەکە بەجێبهێڵێت و بڕوات. بەڵام ئایا ئافرەت دەتوانێت ڕابکات و ڕزگاری ببێت؟ بۆ هەرکوێ بچێت لەژێر گوشاری دەوروبەریدا دەبێت. بەردەوام وەك (ئافرەتێکی خراپ) سەیردەکرێت، هەموو جێهێشتنێك بۆ ئەو دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕۆحی. بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسیش ژیانی ئافرەت لە ژێر (سەربەستی سێکسی)دا بە بەڵا ناودەبات و بەم شێوە جوانە باسی دەکات:

"ئەگەر پیاو لەپێناو لەزەتێکی هەشت دەقیقەییدا تووشی کارێکی خراپ ببێت، ئەوا چەند لیرەیەك زیانی لێ دەکەوێت، بەڵام سزای لەزەتێکی هەشت دەقیقەیی ئافرەت، کۆڵێکی قورسی هەشت مانگی و، ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنی منداڵێکی بێ کەسە بۆ ماوەی هەشت ساڵ. واتە ئافرەت لە خراپەکاریدا بە پیاو ناگاتەوە، بەڵام تۆڵەی خراپەکارییەکەی چەندین جاری تۆڵەو سزای پیاوە."[1]

لەڕاستیدا دروشمی (سەربەستی سێکسی) بۆ ئافرەتان، نەك ئافرەت بەختەوەر ناکات، بەڵکو بەرەو ئاقاری خراپتری دەبات.

١- بریسکەکان" بریسکەی بیست و چوارەم".

پێش هەموو شتێك ئامانجی (سەربەستی سێکسی) زۆر هێنانە بۆ پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت و تێکدانی خێزان و کۆمەڵە. کە ئەمە بۆ ئافرەت کارەساتە، کارەساتێکی مەعنەوی ئەوەندە گەورەیە کە ئافرەت بەدەستی خۆی خۆی دەکێشێتە ناویەوە، هەمووشمان دەزانین کە ئافرەتێك چەقییە لیتەوە چەندە هەوڵ بدات زیاتر دەچەقێت و بشیەوێت دەربچێت ناتوانێت. زۆربەی کاتیش بە خۆی و منداڵەکەی دەستییەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە یان لە ناو کۆمەڵدا مۆری (ئافرەتیی پیس)ی لێدەدرێت و لێی نابێتەوە. گەورەترین زیانی ئەم بیرۆکەیەش ئەو منداڵانەن کە فڕێ دەدرێنە سەر جادە و کۆڵان.

ڕۆژ نییە لە بەردەم دەرگایەك یان حەوشەی مزگەوتێك یاخود چۆڵەوانییەکدا منداڵێکی فرێدراو نەدۆزرێتەوە. دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری ئەوانەش (میوەی عەشقە قەدەغەکانن) و بە پەیوەندییەکی ڕێگەپێنەدراو(ناشەرعی) لەدایك بوون.

گەورەترین ئازادی و سەربەستی ئافرەت ئەو ژیانە حەڵاڵەیە کە لە چوارچێوەی خێزانەکەیدا دەژی. لەوێ خیانەت نییە، نییەتی خراپی تێدا نییە، بەڵکو ژیانێکی بەهەشت ئاسایە. هەست بە دڵخۆشییەکی ڕاستەقینە دەکات لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی خۆیدا. ئەگەرنا لەژێر ناوی (سەربەستی سێکسیدا) بە بەردەوامی دەبێتە خۆراکی دەستی مرۆڤە هەلپەرستەکان و دواییش فڕێ دەدرێتە سووچێکەوە. ئەمەش ئەوەندە نموونەی پڕئازاری هەیە کە لە ژمارە نایەن.

قسەکانی زۆر ڕاستبوون. یەکێك لەو قوربانیانەش من بووم، لە کاتێکدا چاوەڕێ بووم بمکەن بە تاجی سەرو سوڵتان و ناوبانگم هەبێت، کەوتمە ژێر پێیانەوە. ئێستاش لە سایەی سەری ئەم مرۆڤە چاکانەوە نەبووایە دەمێك بوو خۆم کوشتبوو، ئەوکات هەم ئەم دونیام و هەم ئەو دونیاشم لە دەست دەچوو.

خوایەگیان!... سوپاسی بێ پایان بۆ تۆ... منت لە لێواری لەناوچوون گێڕایەوە و لە سزایەکی هەمیشەیی ڕزگارت کردم.

بۆچی تا دەوڵەمەندی زیاد بکات بەختەوەری خێزان کەم دەبێتەوە؟ بۆچی ڕێژەی تەڵاق لە زیاد بووندایە؟

- لەم ڕۆژانەدا لە بەرچاوماندایە کە نائارامی و شەڕو ئاژاوەی نێو خێزانەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە. تەڵاق و جیابوونەوە وەك خوو و عادەتی لێهاتووە. ئەمە لە کاتێکدایە دەبووایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی و زیادبوونی دەوڵەمەندی، بەختەوەریش زیادی بکردایە. کەچی وانیە. بە ڕای ئێوە هۆکاری ئەمە چییە؟ بۆ ئەوەی خێزان ببێتە لانکەی بەختەوەری دەبێت چی بکرێت؟

لەڕاستیدا ئەم پرسیارەم لەبەر خۆم نەکرد، بەڵکو ئەو ژمارە زۆرەی تەڵاقم دەبینی لە دەوروبەرمدا و لەبەر ئەوان پرسیارم کرد و دەمویست هۆکارەکەی بزانم. ئەگەرنا من بەتەما نەبووم لەمەوبەدوا بەدوای خێزانێك یاخود بەدوای ڕێگاکانی بەختەوەریدا بگەڕێم. بەم حاڵەمەوە کێ بەمن

ڕازی دەبوو؟ خەیاڵە جوانەکانی وەك ئۆتۆمبێل و زەماوەند و پۆشینی بەرگی بوکێنی لەڕابردوودا بەجێ مابوون.

کە کاك ئەرکوت منی بەو حاڵەوە بینی زۆر نیگەران بوو. سەیرم کرد شەیدا و پووره هاجەریش دڵیان پڕبووبوو و فرمێسك بەری چاوی گرتبوون. هەموویان زۆر باش بە حاڵی منیان دەزانی و زۆر دڵیان پێم دەسووتا.

کاك ئەرکوت کتێبی بریسکەکانی دەرهێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوە و باس کردن:

"ئاسوودەیی هەر خێزانێك پەیوەستە بەو متمانەیەی لە نێوانی ژن و مێرددایەو بەو ڕێز و حورمەتەی لە نێوانیاندایە و بەمانە بەردەوام دەبێت."[1]

ئەوەی بەدیعوززەمان باسی کردووە دەتوانین بەم جۆرە لێکدانەوەی بۆ بکەین:

کەسێك حەق و ماف نەزانێت و بیر لەوە نەکاتەوە ڕۆژێك لەبەردەم خودای گەورەدا پەرێشان دەبێت. دەکرێت ستەم بەرامبەر هەموو کەسێك بکات و ببێتە هۆی نائارامی و سنووری خۆی ببەزێنێت.

کەسێك پەروەردە نەکرابێت و نەفسی بەرەو فیرعەون بوون چووبێت و بووبێتە کۆیلەی ئارەزووەکانی، دەکرێت هەموو جۆرە خراپەیەك بەرامبەر دایك و باوك و هاوسەر و منداڵەکانی بکات و لە پێناو بچووکترین ئارەزوویدا ئەوان لەخۆی بڕەنجێنێت.

١- بریسکەکان، "بریسکەی بیست و چوارەم".

ئەوانەی قاچیان لە دوای دونیا گیراوە و پێوەری نرخ و بەهایان لە قاڵبێکی مادییدا لا بچووك بووەتەوە، لەوانەیە لەبەر خاتری شتێکی بێنرخ و بچووك چەندین شاخی گەورە بڕووخێنن.

لە کاتێکدا هەموو تاکێك لە کۆمەڵدا بەدوای بردنەوەدا ڕابکەن تەنیا پێشبڕکێ ڕوودەدات و شتێك بەناوی (بەختەوەری) لە ڕووی ئەو کۆمەڵەدا ناخوێنرێتەوە. لەکاتێکدا ئەمە وا نییە، لەم ڕۆژەدا گرنگ نییە بەهێزبیت یان بێهێز، گرنگ ئەوەیە لە کاتێکدا مافی بێهێز لە بەهێز سەنرایەوە و لە بەرامبەریدا سزایەکی زۆر قورس درا بێهێز نەبیت.

مرۆڤ ، نابێت لەبیری ئەوەدابێت کە براوە بێت، بۆچی بەختەوەری لە کۆمەڵێکدا نەبێت کە ئافرەت خانمێتی خۆی بۆ پیاو بکات و پیاویش ئەو مافانەی ئافرەت کە لەسەریەتی بیهێنیتە جێی خۆی و فەزڵی ڕازیکردنی دڵی هاوسەرەکەی بدات بەسەر هەموو شتێکدا.

کاتێك مرۆڤەکان خۆشەویستی و ڕێزی هاوسەرەکەیان دەگۆڕنەوە بە شتێکی بچووکی دونیایی ئەو کاتە بەختەوەری دەتوێتەوە و نامێنێت.

ئەو وتانە چەندە ناوازە بوون، بەڵام زۆربەی مرۆڤەکان ئەم ڕاستییانە نابینن. خۆم وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە. ئایا تۆش ئەمانە دەبینیت؟ مانای وایە پێویستیمان بەو کۆمەڵ و دڵە فیداکارانەیە کە ڕێی مرۆڤەکان ڕۆشن دەکەنەوە.

بۆچی پێویستە خانمان باڵاپۆش بن؟

– بیروباوەڕ و ترسان لە خوا لە دڵدایە، وانییە؟ مادەم ئەمانە لە دڵ و عەقڵی مرۆڤدا بن، کەواتە چ پێویست بەوە دەکات خۆمان بپێچینەوە، چ

پێویستییەك بە باڵاپۆشی هەیە؟ مرۆڤ بە باڵاپۆشییەکەی نا بەڵکو بە دڵی باوەڕ بە خوا دەکات و گوێڕایەڵی دەکات.

- ئەم لێکدانەوەیەی تۆ لەوانەیە لە سەرەتادا ڕاست بێتە بەرچاو، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وادەزانن لەچکیش پارچە پەڕۆیەکی ئاساییە، ئەمە لە کاتێکدا باڵاپۆشی بۆ خانمان زیاد لەوەی داپۆشەرێك بێت، کۆمەڵە هەستێك دروست دەکات کە کاری کردووەتە سەر ڕۆح و هەست و بیروباوەڕی.

وەك بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسی دەڵێت:

"شەرمنی و پۆشتەیی کارێکی سروشتی یە بۆ ئافرەتان و سروشتیان داخوازیەتی، سەرەڕای ئەوەش ئافرەت لە سوکایەتی و بەدرەفتاری و زەلیلی و دیلی مەعنەوی و نزمی دەپارێزێت".

ئاشکرایە کە مرۆڤ لە ڕوانینی ئەوانەی خۆشی ناوێن، بێزار دەبێت ، خۆ ئەگەر وادابنێین ئافرەتێکی جوان حەز بکات دوو سێ کەسی نامەحرەم ببینن، هەر ئەو ئافرەتە- بێگومان- لە سەیرکردنی حەوت هەشتێکی تری نامەحرەم وەرس و بێزار دەبێت، بەڵکو نەفرەتیشیان لێدەکات.

کەواتە ئافرەت، بە مەرجێك ڕەوشتی تێك نەچووبێت، بێگومان لەدەست ئەو تێڕوانینە چەپەڵانە هەڵدێت.

بەدیهاتنی ئافرەتان، بە ڕاستی و تەواوی، بۆ خۆپاراستن بێداریان دەکاتەوەو، بۆ پۆشتەیی هانیان دەدات، تاکو ئارەزووی نامەحرەم نەبزوێت و، ئەم پۆشتەییە نەهێڵێت دەستدرێژی بکرێتە سەریان و،

سروشتیان ڕێنماییان دەکات بۆ ئەوەی کە قەڵای مەحکەم و سەنگەری ئەمین و بێوەی بۆ ئەوان تەنیا (پۆشتەیی)یە"[1].

لە ڕاستیدا مرۆڤ بە بیستنی ئەم ڕاستییانە دڵخۆش و ئاسوودە دەبێت. ئێمە کە باسی باڵاپۆشیمان لا کراوە یەکسەر بیرمان چووە بەلای چەند مەترە قوماشێکدا، لەکاتێکدا حیجاب پارچەیەکی جیانەکراوەی ڕۆح و جەستەیە.

ئایا هاوڕێیەتییەکی پاکی نێوان کوڕو کچ گونجاوە؟

- خێزانە باوەڕدارەکان، بە توندی دژی هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچن. کچ و کوڕ بۆ یەکتر بە خێو نیشان دەدەن. وا نیشانیان دەدەن کە بەرامبەرەکەیان دڕندەیەکە و قەپی پێدا دەکات. لەکاتێکدا کوڕە و کچ... هەردووکیان ئیرادە و ویستیان پێدراوە. ناکرێت ئەم دوو کەسە پێکەوە هاوڕێ بن؟ ئەگەر لە ئەنجامی پێکەوەبوونیان دڵخۆش دەبن ئەی بۆچی دژیان دەوەستن؟ مەبەستم ئەوەیە بۆچی ئەم پێکەوەبوونە پاکە تاوان بێت؟

کاك ئەرکوت زۆر دڵگران بوو بە پرسیارەکەم، حاڵێکی هەبوو وەك ئەوەی پێم بڵێت: (ئەوە تۆ هێشتا دەرست وەرنەگرتووە وا پرسیارێکی لەو جۆرە لە من دەکەیت؟!) ڕاستی دەکرد، من هیچ مافی ئەوەم نەبوو ئەو پرسیارە بکەم. دواتر زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی پرسیم. ئایا هەر ئەو حاڵەی کە منی تێدا بووم ڕوونکردنەوەیەك نەبوو بۆ ئەو پرسیارە؟

١- بریسکەکان، "بریسکەی بیست و چوارەم".

دوای ئەو هەموو ڕووداوە چۆن دەمتوانی بەرگری لە هاوڕێیەتی پاکی کوڕ و کچ بکەم؟

بەڵام دووبارە ئەو، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت، دەستی کرد بە وەڵامدانەوە:

- بڕوانە سێڤدا خان! با یادەوەرییەکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. لە قۆناغی ئامادەییدا هەموو کچەکانی دەوروبەرم هاوڕێی کوڕیان هەبوو. من خۆم شایەتی ئەو ئازارو ناڕەحەتییە بووم کە ئەوان دووچاری بوون. لەو بێزاری و دڵناخۆشییەی ئەوان پەندم وەرگرت. لەبەر ئەوەی باوەڕدار بووم کچەکان منیان زۆر خۆشدەویست. زۆرجار دەهاتن دەردەدڵی خۆیان لای من دەکرد و داوای یارمەتییان لەمن دەکرد. ڕاستتر ئەوە بوو کە کاتێك بێچارە دەمانەوە، لە کەسێکی من واتا لە ئیسلامدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕان.

هاوڕێیەکم هەبوو لەسەر مێزێك دادەنیشتین. زۆر جوان نەبوو، بەڵام بە قسەی خۆی کوڕێکی زۆر قۆزی دۆزیبوویەوە. بەڵام ئەو کچە داماوە زۆر ئازاری دەچەشت، بۆ ئەوەی خۆی بۆ کوڕەکەی هاوڕێی جوان نیشان بدات ڕێ نەمابوو نەیگرێتەبەر.

دەیوت: "ئەم هاوڕێیەتییە خێری بۆ من تیانییە. زیاد لە ڕادە پەیوەست بووم پێیەوە، بەڵام ئەو ڕۆژێك بەم حاڵەمەوە بەجێم دەهێڵێت. باشە من ئەو کاتە چی بکەم؟ کە بیری لێ دەکەمەوە وەختە شێت بم".

هاوڕێکەم لەو پەیوەندییە خۆشحاڵ نەبوو وەك دەڵێن: "ئەو خۆشییەی کە لە خۆشەویستییەکی حەرامەوە وەردەگیرێت وەك

هـەنگوینێکی ژەهـراوی وایـە، پـڕە لـە چـەندین ناخۆشـی وەك ئێرەیـی و ئازاری دووری و نەبینینەوەی هەمان هەست لە بەرامبەردا".

پێی دەوتم: "ئێرەیی بە تۆ دەبەم ، چەندە بەختەوەریت. هـیچ ئـازار ناچێژیت. نە ترسی ئەوەت هەیە بەجێت بهێڵن و نە لە ئەندێشەی ئەوەدای کە خیانەتت لێ بکەن. خۆزگە ئێمەش بمانتوانیایە وەك تۆ بین".

منیش دەموت:

خوشـکەکەم، چـێژی ڕاسـتەقینەو لـەزەتی بـێ ئـازار و دڵخۆشـی بـێ کـەدەر و ئاسـوودەیی لـە ژیانـدا تـەنیا لـە باوەڕدایـە و لـە بازنـەی حەقیقەتەکانی باوەڕدا دەدۆزرێتەوە. ئەگەرنا چـێژی دونیـایی زۆر ئـازاری تیایە. دەنکۆڵە ترێیەکت دەداتێ و دە زللەت لێ دەدات، چێژی ژیان لەناو دەبات.

کەسێك بـە پـەروەردەی قورئـانی خـۆی لـە تاوانـەکان بپارێزێـت، لـە ژیانیـدا ئاسـوودە دەبێـت، چـونکە بازنـەی حـەڵاڵ فراوانـەو، بەسـە بـۆ تێرکردنی ئارەزوو، پێویست بە چوونە ناو تاوان نییە.

هەرگیز بیرم ناچێت. هاوڕێیەکم هـەبوو بـەناوی (سـاینور). زۆر جـوان بوو، لە کۆتا ساڵی ئامادەییدا دەستی دابووە خواری و هاوڕێیەتی یەکێکی دەکرد. بەڵام ئەو هاوڕێیەتییـە زۆری نەخایانـد، هـاوڕێ کوڕەکـەی بـەجێی هێشت. ئەوەندە تووشی ناڕەحەتی بوو ویستی خـۆی بکوژێـت. بـەردەوام لەسـەر زمـانی بـوو دەیـوت: "چـۆن دەبێـت بـەم جوانییەمـەوە بـەجێ بهێڵرێم". شادەماری دەستی خۆی بڕی ، تا گەیەنرایە نەخۆشخانە خەریك بوو بمرێت.

چونکە نەیتوانی ئەو نیعمەتی جوانییە بە پاکی بپارێزێت، کردییە ئازار و ناڕەحەتی بەسەر خۆیەوە. لە ژیانی هاوسەریشیدا ئاسوودە نەبوو. بەزۆری ئەو کچانەی دڵداری دەکەن، ئەوەی چاوەڕێی دەکەن لە هاوسەرەکانیان دەستیان ناکەوێت، بەردەوام چاویان بەشوێن هاوڕێ پێشینەکانیانەوەیەو دەڵێن: "خۆزگە هاوسەرێتیمان لەگەڵ ئەواندا بکردایە". ئەمەش ڕێگرە لە بەختەوەری.

چونکە ئەو هەستی خۆشەویستییەی پێتان دراوە بۆ ئەوەیە کە لە ڕێگەی ڕاستدا بەکاری بهێنن نەك بۆ خۆشەویستییە کاتییەکان، بەڵام ئەگەر ئێوە بێن و ئەو خۆشەویستییە لە جێگایەکی ناشایستەدا سەرف بکەن، بەردەوام لە ئازاردا دەبن. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هەندێك لەو خۆشەویستانە بێ ئەوەی خوداحافیزیشتان لێ بکەن پشتتان تێ دەکەن و دەڕۆن، هەندێکیشیان خۆشیان ناوێن. خۆشیشیان بوێن هیچ سوودیان نییە بۆتان. دواتریش جگە لە کۆڵێك بێ ئومێدی و جیابوونەوە هیچتان بۆ نامێنێتەوە. وەرە ئەو هەموو خۆشەویستییە بشارەوە بۆ ئەو کەسەی لە ئایندەدا هاوسەرێتی لەگەڵ دەکەیت و ئاسوودە ببە.

ئەو عەشقانەی لە بازنەی حەرامدان کاتی و پڕئازارن

زۆر بە ئاگاییەوە گوێم بۆ کاك ئەرکوت ڕاگرتبوو...

- دەمەوێت ڕووداوێکی ترت بۆ بگێڕمەوە.

لە قوتابخانەی بنەڕەتی مامۆستایەکمان هەبوو. کچێکی جوان بوو. جوانییەکەی خۆی بەکارهێناو کوڕانی زۆری لە خۆی کۆکردبووەوە،

تەنانەت زۆربەی کات لەبەر ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیدا دەچووە دەرەوە ئێمە وانەکانمان دەفەوتا.

مامۆستاکەمان ڕۆژێك ئەفسەرێکی سەربازی بەرزی ناسیبوو، بڕیاریان دا ببنە هاوسەری یەکتری، بەڵام ئەو ئەفسەرە کە لە ڕابردووی مامۆستاکەمانی کۆڵیبوویەوە، لە هەرکەسێکی پرسیبوو وتبووی هاوڕێی کوڕی زۆربووە. ئەویش یەکسەر پەشیمان بوویەوە.

بەم ڕووداوە مامۆستاکەمان تووشی شۆك بوو، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی ئەو ئەفسەرە لەیاد بکات، ئیتر لەگەڵ کەس هاوسەرێتی نەکرد. بەدرێژایی تەمەنی تەنیا مایەوە. بەردەوام بە پەشیمانی و ئازارەوە دەژیا.

لەبەر کێشەو ڕووداوی لەم جۆرە بەرەنگاری هاوڕێیەتی کچ و کوڕ دەبینەوە. بەدڵنیاییشەوە تاوانەکانیشیان لە ئەستۆی خۆیانە. چەندین کچ بەهۆی ئەم هاوڕێیەتییەوە بە هیلاك دەچن، ئازار دەچێژن یان لەژیانی هاوسەرییاندا دڵخۆش نابن.

لە هەموویشی گرنگتر هاوڕێیەتی کوڕان و کچان ڕێخۆشکەرە بۆ چەندین پەیوەندی ناشەرعی. لەدەرئەنجامیشدا بەڵایەکی زۆر چاوەڕێی کۆمەڵ دەکات. هەر لەو منداڵانەوە کە لە سەرجادە بەجێ دەهێڵرێن تا چەندین دەردی وەکو ئایدز...

دەمزانی من مافی ئەوەم نییە ئەو پرسیارانە بکەم، بەڵام مێشك و دڵم ئەوەندە لەکە و پیسی تێدابوو دەمویست هۆکاری هەموو ئەوانە دەربخەم و بەتەواوی دڵنیا ببم.

بۆچی دایکم ئەو نەخۆشییەی چەشت؟

خەیاڵ بردبوومیەوە بۆ کاتی منداڵیم... دایکی خۆشەویستم هاتەوە پێش چاوم. دایکی ڕەحمەتیم زۆر نەخۆش و پەرێشان بوو. ڕۆژێکی خۆشی نەدی.. خۆشیی ناو خێزانی نەبینیبوو ئەو دایکە بێچارەیەم کە لەگەڵ پیاوێکی تێنەگەیشتوو و سەرخۆشدا ژیا. بەردەوام لەناو ئازار و ئاخ و ئۆفدا بوو. ڕۆیشت بێئەوەی ڕۆژێك بەئاسوودەیی بژی...

– کاك ئەرکوت، دایکم کەسێکی زۆر چاك و دڵپاك بوو، بەڵام بەردەوام نەخۆش بوو، ئازاری دەچەشت، بۆچی خوای گەورە نەخۆشی ئاوا دەدا بەسەر ئەو کەسانەدا کە خۆشیان دەوێت و گوێڕایەڵی دەکەن؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی بەزەیی و سۆز و شەفەقەت نییە؟ لە کاتێکدا چەندین کەسی تر هەن نافەرمانی خودا دەکەن و شایەنی نەخۆشین.

– سێڤدا خان، نەخۆشی ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ مرۆڤ تا خۆی بناسێت و، تێبگات و، بەندایەتی خۆی بزانێت و، مردنی بیر بکەوێتەوە.

"مرۆڤ بۆ ئەوە نەهاتووەتە دنیا کە ژیانێکی ئاسوودە و نەرمونیانی تێدا بباتە سەر، ژیانێکی وا کە لەهەموو لایەکەوە سروەی حەوانەوە و خۆشگوزەرانیی بەسەردا هەڵبکات، بەڵکو کاتێك هاتووەتە ئەم دنیایە، دەسمایەیەکی پێ دراوە کە بتوانێت ژیانێکی خۆشی نەبڕاوەی پێ دەستە بەر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێی بازرگانی بۆ ئاسان کراوە.

جا ئەگەر نەخۆشی نەبێت، ئەوا بە هۆی تەندروستی و خۆشحاڵییەوە مرۆڤ لە خوای گەورە بێئاگا دەبێت و، جیهان لە بەرچاویدا ڕازاوە و بە تام دەردەکەوێت و هەمیشە لەدڵیدا دەبێت، بەڵام نەخۆشی لە خەوی بێ

ئاگایی چاوی پێ دەکاتەوەو پێی دەڵێت: (تۆ مردنت لە ڕێدایە و هەرگیز جڵەوت بۆ شل نەکراوە، بەڵکو ئەرك و فەرمانبەرییەکت خراوەتە ئەستۆ...)

کەواتە سکاڵای لە دەست مەکە! بەڵکو پێویستە بەرەو سێبەری حەوێنەری سوپاس کردن هەنگاو بنێیت خودای پەروەردگار کە بەرگی جەستەی لەبەر کردوویت و، ئەو پۆشاکەی بە چەند هەستێکی تیشکدارو ڕووناکی وەك ژیری و چاو و گوێ و... هتد ڕازاندووەتەوە، ئەو خودایە، دەیەوێت نەخشە ڕەنگینەکانی ناوە جوانەکانی خۆی بە هەموو شێوەیەك لە پێشانگای بوونەوەردا دەربخات...

هەروەك بەهۆی برسێتییەوە لە ناوی(الرزاق)ی خودا تێدەگەیت و (ڕۆزیدەریی)ی ئەوت بۆ دەردەکەوێت، بە هەمان شێوە لە ڕێگای (نەخۆشی)یەوە ناوی (الشافی) ی ئەوت بۆ دەردەکەوێت و لێی تێدەگەیت، نەخۆشی بۆ هەندێك کەس دەبێت بە گەنجینەیەکی گەورەو دیارییەکی بەنرخی خودایی. هەموو نەخۆشێکیش بۆی هەیە نەخۆشیەکەی خۆی لەو جۆرە نەخۆشیانە بژمێرێت.

نەخۆشی بێئاگایی مرۆڤ دەڕەوێنێتەوە و هەمیشە یادی ڕۆژی دوایی لە هۆش و دڵ و دەروونیدا ئامادە دەکات. تەنانەت هەندێك جار نەخۆش لەماوەی بیست ڕۆژی نەخۆشیدا هێندە سوود و قازانجی زۆری دەستدەکەوێت کە نەتوانێت بە ئاسانی لە ماوەی بیست ساڵدا بە دەستی بهێنێت! هەروەها نەخۆشی خۆشەویستی زیاد لە پێویستی دنیاو پەیوەندی توندو تۆڵی مرۆڤ بە دنیاوە کەم دەکاتەوە، ڕادەی تاڵی و

ئازاری لێکدابڕان و جوداییش لەدڵی ئەهلی دنیادا سووك و کەم دەکات کاتێك کە دنیا بەجێ دەهێڵن، تەنانەت هەندێ جار ئەو لێکدابڕانەیان لە لا خۆشەویست دەکات.

هەموو شتێك بەهۆی دژەکەیەوە دەناسرێت!

ئەگەر ئێش و ئازار نەبوونایە نرخ و تامی (لەشساغی) مان نەدەزانی..

ئەگەر نەخۆشی نەبوایە، بایەخمان بە (تەندروستی) نەدەداو بێ تام دەبوو لەلامان.

زۆربەی ئازار و ترس و بیمەکانی (نەخۆشی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك جار دەبێتە هۆی (مردن) .!

لە کاتێکدا (ماوەی ژیان "ئەجەل" ئەندازەی خۆی هەیەو، هیچ ئاڵوگۆڕو زیادو کەمییەکی تێدا نابێت) ئەوەتا هەندێ جار ڕووی داوە کە نەخۆش گەیشتووەتە سەرە مەرگ کەچی لە جاران باشتریش چاك بووەتەوە، بەڵام ئەو لەش ساغانەی بۆی دەگریان، ئەوان مردن و ماڵئاواییان لە دنیا کرد!

(نەخۆشی) گرنگترین پەیوەندیدەری ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی فێری نەخۆش دەکات، کە بریتییە لە ڕێزگرتن و خۆشەویستی! چونکە نەخۆشی خاوەنەکەی دەربار دەکات لەوەی کە لەخەڵکی دوورە پەرێز بێت و پێویستی بەکەس نەبێت و هەر بە تەنیا بۆ خۆی بژی!

تاوانباری نەخۆشی هەمیشەییە لە ژیانی هەتاهەتایی ڕۆژی دواییدا، هەروەك لەم ژیانەی دنیاشدا چەندین نەخۆشی لە دڵ و گیان و ویژدانی مرۆڤدا دروست دەکات.

جا ئەگەر لە کاتی نەخۆشیدا ئارام بگریت و سکالا نەکەیت، ئەوا بەم نەخۆشییە کەم خایەن و بچووکە خۆت لە چەندین نەخۆشی زۆر و هەتا هەتایی دەرباز دەکەیت."[1]

ئینشائەللا بۆ دایکیشم بەو شێوەیە بووە. ئینشائەللا ئەو دایکەشم کە لە ژیانیدا خۆشی و ئاسوودەیی نەدیوە شایستەی ئەو سۆز و بەزەییەی خوای گەورە دەبێت...

خوای گەورە لەو هەموو تاوانە خۆش دەبێت؟!

هەموو ئەمانە ڕاستیگەلێکی زۆر بێوێنە و بەجێ بوون. ساڵانێکی تەمەنم بەبێ ئاگا لەمانە گوزەراند بوو، من ئەوەندەم تاوان و خەتام هەبوو کە سەد جاریش تەوبەم بکردایە باوەڕم نەدەکرد سوودی هەبێت و شایانی لێخۆشبوون بم. واتا ئەو ئومێدانەی تازە بە تازە لە ناخمدا چڕۆیان کردبوو نەیاندەتوانی ڕزگارم بکەن. من کەسێکی بێ چارە و فەوتاو بووم.

لەنێو بێئومێدی و ڕەشبینیدا خەیاڵ بردبوومیەوە، کە کاك ئەرکوت و شەیدا ئەم حاڵەمیان بینی وتیان:

- زۆر هیلاك بوویت سێڤدا خان، ئەگەر دەتەوێت تۆزێك پشوو بدە. کاتی زۆرمان دەبێت بۆ قسەکردن.

- نەخێر، هیلاك نیم، بە پێچەوانەوە خەریکە ناخم دەبوژێتەوە. دەڵێی ڕۆحە مردووەکەم تازە دەبێتەوە و بەهێز دەبێت. دۆزینەوەی دونیایەکی

١- بریسکەکان، "بریسکەی بیست و پێنج".

ئاوا و گوێگرتن لەم ڕاستیانەو، هەستکردن بە بەندەیی بۆ خوا و چەشتنی چێژەکەی، چەندە خۆشە.

بەڵام من مرۆڤێکم تاوانەکانم ئەوەندە زۆرە، ئەوەندە لەکەدار و پیس بووم کە خودا بە هیچ شێوەیەك لێم خۆشنابێت. لەبەر ئەمە گەشبین و ئومێدەوار نیم، زۆر دڵیش خۆش ناکەم بەم ئاسوودەییەی ئێستا لەناخمدایە.

خێرا کاك ئەرکوت قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

- نەخێر سێڤدا خان، ئێوە هەڵە بیر دەکەنەوە، بیرتان نەچێت بەخشندەیی و میهری خودا لە هەموو تاوان و خراپەیەك زیاترە. خاوەنی بەزەییەکە کە لە گەورەترین تاوان خۆش دەبێت، تەنیا ئەوەندە پێویستە کە بەندە بە هەموو دڵیەوە تەوبە بکات و پەشیمانی خۆی ڕابگەیەنێت.

تۆ ئومێدەوار بە. چەندە تاوان و کاری خراپ و هەڵەت ئەنجامدابێت بزانە کە خوایەك هەیە دەتبینێت و دەنگت دەتبیسێت و چاوەڕێی یەکەم هەنگاوی تۆیە لێت خۆشبێت.

ئەو ئومێدە ناخمی گەشاندبوویەوە. وامدەزانی کە یەکسەر خوا لێم خۆشبووە، بۆیە دەستم کردە گریان.

شەیدا هاتە لامەوەو باوەشی پێداکردم. بە باوەشە توندوتۆڵەکەی هێزی وەبەرهێنامەوە. هەوڵی دا دڵم بداتەوە، لەولاشەوە پووزە هاجەر دەیوت:

- ئومێدت بەخوا هەبێت، بزانە گەورەترینی بەندەکان و بەرزترینیان ئەوانەن کە لە هەڵەکانیان دەگەڕێنەوەو، لە گوناهەکانیان تێدەگەن و، ڕوو

دەکەنە خواو داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن. چەندە دڵخۆشییە بۆ تۆ کە خوا دەرفەتێکی ئاوای پێداویت. دەزانیت چی دەبوو پێش ئەوەی ئەم ڕاستییانە بزانیت بمردیتایە؟ ئەو کات ترسی ئەوە هەبوو بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخدا بیت، بەڵام ئێستا ئێمەش لەبەردەم خودادا شایەتی ئەوە دەدەین کە تۆ لە هەڵەکانی ڕابردووت پەشیمانیت.

بەڵێ زۆر پەشیمان بووم، زۆر شەرمم دەکرد، زۆر تەریق دەبوومەوە، زۆر بچووك بوومەوە. ئەگەر گریمانی یەك لە ملیاریش هەبێت بۆ ئەوەی خوای گەورە لێم خۆش بێت هەر خۆشحاڵم.

کۆمەڵە وەڵامێکی نایابی لە پەیامەکانی نوور خوێندەوە

وەڵامەکانی منی سەرسام کردبوو. تا ئەو ڕۆژە هیچ شتێك ئەوەندە کاری تێنەکردبووم... دەتوت بردوومیەتە دنیایەکی ترەوە، پاکی کردبوومەوە و هەموو چڵکەکانی لێکردبوومەوە. تینوێتی ڕۆحم و ناڕەحەتییەکانی نەهێشتبوو.

لەوانەیە هاوشێوەی ئەمانەم پێشتر لە دایکم و پوورە هاجەرەوە گوێ لێ بووبێت. بەڵام وەك ئەمانە نەبوون. لەوانەیە هی ئەوەبێت کە زۆر پێویستم پێی هەبووبێت وا ئەوەندە کاری تێکردم.

کۆمەڵە هەستێکی ئەوەندە جوان و پاك و خۆشییەکی وا چووبووە دڵمەوە دەتوت لەم دونیا خنکێنەر و بێزارکەرەدا بەهەشتم دۆزیوەتەوە.

بێ وەستان ئەو پرسیار و گومانانەی مێشکمیان داگیر کردبوو یەك یەك دەڕەوینەوە. لە کۆتاییدا هەستم بەوە کرد کە ئیتر کەسێکم و لەم

دونیایەدا دەژیم. دوای چەند ساڵ بۆ یەکەمجار چێژم لەوە وەردەگرت کە وەك مرۆڤ دەژیم.

هەروەها یەکەمجارم بوو ئەوەندە لە ناخەوە پەشیمان بم ، لەهەموو خانەکانی جەستەمەوە داوای لێخۆشبوون و دەنگی تەوبە بەرز دەبووەوە. ئەو هەستانە ئەوەندە بێ وێنەبوون، وامدەزانی وەك قاڵبێکی سەهۆڵ وام و لەبەردەم خوادا دەتوێمەوە.

ئەو ئاو و هەوا سیحراوییەی کە تا ئەو کاتە پێی ئاشنا نەبووبووم بە تەواوی پەیوەستی خۆی کردبووم، خەریك بوو لە خۆشیدا لەهۆش خۆم دەچووم. لەڕاستیدا مەستبوونێکی مەعنەوی وابوو کە نە ئاگام لەوەبوو فرمێسکەکانم بوونەتە دەریا و نە هۆشم لای هەنسکە نەبڕاوەکانم بوو.

بەردەوام دوعام دەکرد:

- ئەی خوای گەورە ! لێت دەپاڕێمەوە ئەم هەستانە لە ناخمدا کۆتایی پێ مەهێنە. نامەوێت جارێکی تر لە نێو لیتاوی تاواندا نوقم بم. تا مردنم بمگێڕە بە بەندەیەکی شایستەی خۆت.

بە وتەی "کچم؟!"ی پوورە هاجەر- کە لە جێیەکی زۆر دوورەوە دەهات- هاتمەوە هۆش خۆم.

هەموو ئەو کەسانەی لەوێ بوون چاویان لەسەر من بوو. هەموو چاویان پڕبوو لە ئەسرین و سەیری شەرمەزار بوونی منیان دەکرد لە حزووری خودادا.

- ئەم وەڵامانە زۆر نایابن، زۆر ڕاستی بێ وێنەیان تیایە. ئەم کتێبانە زۆر کاریگەرن و ڕۆحی مرۆڤ پاراو دەکەن. ئەی باشە بۆچی تا ئێستا ئەم

کتێبانـــەمان نەخوێندووەتـــەوە؟ بۆچـــی تـــا ئێســـتا ســـوودمان لـــێ وەرنەگرتوون؟

- بۆ ئەوەی نەتانتوانیوە ئەم کتێبانە بخوێننەوە لەسەر حەقن. لەبەر ئەوەی لەدەوروبەرتاندا کەسێك نەبووە سودی لەم کتێبانە وەرگرتبێت.

ئـەم کتێبانـە (پەیامـەکانی نـوور) نووسـراوی دەسـتی بـەدیعوززەمان مامۆستا (سەعیدی نوورسی)ن.

ئـەم پەیامانـە، ڕاڤـە و تەفسـیری قورئـانن و نووسـراون کـە بـاوەڕی مرۆڤەکان ڕزگار بکەن .

بەداخەوە ئەم کتێبانەی کە تـا ئێسـتا وەرگێڕدراونەتـە سـەر چـەندین زمـانی جیهـانی و خراونەتـە خزمـەتی مرۆڤایەتییـەوە، لـە وڵاتـی ئێمـەدا نەتوانراوە وەك پێویست بناسێنرێن، یان هەندێك دەیانەوێت خەڵك بەهەڵـە لەو کتێبانە تێبگەیەنن.

بڕوانە با نووسراوێکت بۆ بخوێنمەوە دەربارەی خوشکێکمان کە باسی هەستەکانی خۆی دەکات سەبارەت بە پەیامەکانی نوور:

" لەوەتـەی دەسـتم کـردووە بـە خوێندنـەوەی پەیامـەکانی نـوور کەسانی دەوروبەرم پێم دەڵێن کە زۆر گۆڕاوم. کە هۆکـاری ئەمەشـیان لـێ دەپرسم پێم دەڵێن بوویت بە کەسێکی تەواو جیاواز. منیش پێیان دەڵێم: بەڵێ زۆر گۆڕاوم. ئەگەر ڕاسـتتر بڵـێم دونیاکـەم گـۆڕاوە. جـاران بـەیانیان هەڵدەسـتام کارەکـانی ماڵـەوەم دەکـرد، منداڵـەکانم بـەڕێ دەکـرد بـۆ قوتابخانـەو دەسـتم دەکـرد بـە چـنین. دواتـر ڕۆژنامـەکانم هەڵـدەگرت و دەمخوێندنەوە. سەیرم دەکرد، ئەو هونەرمەندە ئەو کارەی کـردووە، ئـەم

هونەرمەندە ئەم کارەی کردووە. جگە لە هەواڵی مردن و خۆکوشتن و کەتن و کارە ڕەشەکان. ئەمانەش ڕۆحمیان ئازار دەدا، بەردەوام هەمان شت دووبارە دەبوویەوە. ڕۆمانی خۆشەویستی و شتی بێهوودە ڕۆژەکانمیان پڕ دەکردەوە. زۆرجار لەخۆمم دەپرسی: مانای ژیان و ئامانج لە ژیاندا ئەمانەیە؟! تەنیا کارەکانی ناومالّ و چنین و خوێندنەوەی ئەو هەواڵە دووبارانەیە؟ دەبیّ ژیان مانایەکی تری هەبێت، ئامانجێك هەبێت لە ژیان. پێویست دەکات کومەڵە شتێك هەبن مرۆڤ بیریان لیّ بکاتەوە، بەڵام ئەوانە چین؟

لەو کاتەدا بوو کە زەمین لەرزەی ١٧ ی ئاب[1]، ڕوویدا لەو کاتەوە ئیتر زۆر بە جددی بیرم لەم بابەتانە کردەوە. ئیتر هەستم کرد کە دەبیّ نوێژ بکەم و، دەستم کرد بە نوێژ کردن. بەڵام ئەمە بۆ من بەس نەبوو. دواتر بە(پەیامەکانی نوور) ئاشنا بووم. ئەوکات ئیتر وتم: "ئەمانەن! ئەو کتێبانەی کە بەدوایاندا دەگەڕام و دەبوو بیانخوێنمەوە."... ئێستا فێربووم ئامانج لە ژیان چییە. لە نهێنی ئەوە گەیشتم کە بۆچی دەژیم و مەبەست لە دروستبوونم چییە.

١- زەمین لەرزەکەی ١٧ی ئاب یان زەمین لەرزەی مارمارا، ئەو زەمین لەرزەیە بوو کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی ئابی(١٩٩٩) دا دای لە ناوچەیەکی زۆر لە خۆرئاوای تورکیا. پێوانەی زەمین لەرزەکە ٧.٥ بوو بە پلەی ڕێختەر. لەم زەمین لەرزەیەدا ١٧٤٨٠ کەس گیانیان لەدەست داو ٢٣٧٨١ کەس برینداربوون و نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس بیّ ماڵ و حاڵ مانەوە، ئەمە جگە لە کاولبوونی زیاد لە ٢٨٥ هەزار جێی نیشتەجێبوون و نزیکەی ٤٣ هەزار دوکان و کارگە.

پلانم بۆ ڕۆژەکانم دانا. تا نیوەڕۆ کار دەکەم، دواتر (پەیامەکانی نوور) دەخوێنمەوە. دوای نوێژی عەسریش، جەوشەن، دوای نوێژی ئێوارەش سوورەتەکانی وەك (یس) و (الملك) دەخوێنمەوە لە قورئاندا. ئێستا ئەو بێزارییەی پێشووم نەماوە. ژیانم مانایەکی دیکەی هەیە؛ جاران کات نەدەڕۆیشت بەلام ئێستا کات بەشم ناکات.

مرۆڤ بەردەوام بیر دەکاتەوە، باشە من بۆ هاتووەتە دونیاوە؟ لە کوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم؟ ئەم دونیایە چییە؟ بۆچی دەژیم؟ لەمەودوا چیم لێ دێت؟ ئەوانەی چوونەتە ژێر خاکەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟ بەرەو نەمان دەچن یان دونیایەکی تر هەیە ؟ ژیانی دوای مردن چۆنە؟

مانای ژیان چییە؟ ئەگەر تەنیا خواردن و خواردنەوە بێت و دواتر بڕۆیت و بەجێی بهێڵی ئەی کەواتە بۆچی دروستکراوین؟ ئەو کردگارەی منی دروستکرد بۆ منی نارده ئێرە؟ و چی لێم دەوێت؟

هەموو مرۆڤێك لەم ژیانەدا ئەم پرسیارانە لەخۆی دەکات. دەیەوێت وەلامی ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە. چونکە مرۆڤ گیاندارێك نییە پەتی لەمل کرابێت و لە جێگایەکدا بلەوەڕێت. جیاواز لە ئاژەڵان مرۆڤ کرۆکێکی گرانبەهای وەك عەقڵی پێ بەخشراوە. مرۆڤ لە سایەی ئەو کرۆکەوە، پرسیارگەلێکی وەك (من چیم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟) دەپرسێت .

لەبەر ئەوەشە ئەو زاتەی مرۆڤەکانی ڕەوانەی دونیا کردووە، چەندین ئامانجی گرنگیشی پیشانداوە. ئەوی نەناردووە تا لە کۆشکی بوونەوەراندا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و هەرچۆن پێی خۆشە بژی. مرۆڤ مەبەست و

ئامـانجێکی هەیـە. ئـەو زاتـەی ئـەوی بـەجوانترین شـێوە دروسـتکردووە و هەموو شتێکی کردووەتە خزمەتکار و خسـتوویەتییە بەردەسـتی بێگومـان داواکارییەکی لێی هەیە".

بەشی شەشەم

لەکاتێکدا ڕۆژم دەژمارد بۆ خۆکوشتن، شنەبایەکی ئەفسووناوی هەڵیکرد. هەرچی لەکەو تاوان و کوفر بوو لەناخمدا هەمووی ڕامالی و پاکی کردمەوە.

لەو دونیا پڕ چێژ و خۆشییەدا

سەرم سووڕمابوو. تێگەیشتم کە گەورەترین بەختەوەری لە بەندایەتیدایە بۆ خوای گەورە.

سەرم بردە سوجدە و
دەستم کرد بە گریان

یەکەمین نوێژ و فرمێسك

ئەو گفتوگۆیەی دونیای منی گۆڕی و سەرلەنوێ ئاسۆیەکی نوێی پیشاندام، تا نزیکی بەرەبەیانی خایاند.

ئەو ڕاستییانەی باسدەکران نوورانی و ئارامیان دروستکردبوو بە جۆرێك کە هەموویانی ئاسودە کردبوو. ژیانم بەتەواوی گۆڕا، ئەو دونیا مەعنەوییەی سالانێك بوو بێ هوودە بە دەرد و غەم پڕم کردبوویەوە، لێوان لێو بوو لە شادی. کەواتە ئەوەی پێی دەڵێن ئاسوودەیی و دڵخۆشی ڕاستەقینە ئەمەیە. منیش ئەو هەموو کاتە لەژێر ناوی (ئاسوودەیی و دڵخۆشی)دا باوەشم بە کێدا کردووە و نەمزانیوە.

لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەنگی بانگی بەیانی بیسترا. تا ئەم ڕۆژە هەزاران جار دەنگی بانگم بیستووە، بەڵام هیچیان وەك ئەمجارە دڵی نەخستمە جۆش و خرۆشەوە. دەتوت بانگەکانیش جیاوازن.

کاك ئەرکوت و پوورە هاجەر و شەیدا وردە وردە خۆیان بۆ نوێژی بەیانی ئامادە دەکرد.

من لەوجێیەی لێی دانیشتبووم خەریکی ململانێیەکی گەورە بووم لەگەڵ خۆمدا. لە ناخمدا دەموت: "ئەگەر ئەوان مرۆڤ بن منیش مرۆڤم. ئەوان دەژین و منیش دەژیم. ئەوان دەمرن و منیش دەمرم. هەمووشمان لەبەردەم خوای گەورەدا پاداشت و سزای کردەوەکانمان وەردەگرین".

بەڵێ، ئەمە وەك ڕاستییەکی بێوێنە لە مێشکمدا چەسپیبوو. مادام وایە سبەینێ ڕەنگە درەنگ بێت. هەستام بە دەنگێکی گڕ و بە کەمێك شەرمەزارییەوە بە شەیدام وت:

- منیش نوێژ دەکەم.

چاوەکانی لە خۆشیدا دەبریسکایەوە.

- ئای سێڤدا گیان، ئەمە چ هەواڵێکی خۆشە!

بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە باوەشی پێداکردم و گوشیمی بە خۆیەوە.

خۆمم ونکردبوو

ئەوکات خۆمم نەگرت. لەوانەیە ئەو هەموو غەم و پەژارەیە بێت و لە یەك چرکەدا تەقیبێتەوە

- توخوا شەیدا، بەجێم مەهێڵە. من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ژیانی پێشووم، دەمەوێت لە دونیای نووردا بمێنمەوە. دەمەوێت تەوبە بکەم. دەمەوێت وەك ئێوە ببمە بەندەی خودا. توخوا یارمەتیم بدە.

ئەویش لەمن تێدەگەیشت و هەستی دەکرد لە چ خۆشییەکدام. ئەویش لە خۆشیدا فرمێسکی دەڕشت. پووره هاجەریش هاتە لام و سەرمی نا بە سینگییەوە و وتی:

- ڕۆڵە گیان، غەمبار مەبە. ئیتر دەستت لێ بەرنادەم. تۆ منداڵی ڕاستەقینەی منی، ئەو ڕۆژانە کۆتاییان هات کە تۆیان بە هەدەر دا و ژیانیان لێ تاڵ کردیت. تۆ کە بەهەموو دڵتەوە گەڕایتەوە بۆلای خودا و تەوبەت کرد. وادەزانی ئەو دەستت لێ بەردەدات؟!

دوای ئەو ژیانە لەکەدارەم، ئەمە یەکەمین نوێژم بوو. لەگەڵ چەند مرۆڤێکی فریشتەئاسا چووبوومە بەردەمی خوای گەورە.

ئای خوایەگیان! ئەمە چ ملکەچییەکی نایاب و چ چێژێکی مەعنەوی بەرز بوو. وامدەزانی هەموو ئەندامەکانی لاشەم هەستاونەتە سەرپێ و داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن.

دڵم خەریکبوو دەوەستا. بە درێژایی نوێژەکە هەنسکەکانم ڕانەدەوەستان. دەتوت هەموو تاوان و هەڵەکانم وەك ئاو دەچۆڕێنەوە و دەڕۆن. وامدەزانی ملیۆنان تەن کێشی قورس لەناخمدا دەتوێتەوە و دەڕوات.

بە هەموو هێزێکمەوە دەپاڕامەوە: "خوایەگیان! تا کۆتایی تەمەنم لەم بەختەوەرییە بێبەشم مەکە و، بمکە بە بەندەیەکی شایستەی خۆت... ئیتر دەرگایەکی ترم نییە جگە لە دەرگای تۆ. کەسم نییە جگە لە تۆ..."

زۆر بە ناڕەحەتی توانیم نوێژەکە تەواو بکەم. سەرم خستەوە سەر زەوی و بە شێوەیەك دەگریام دەمویست دەروونم تەواو پاکبێتەوە. تێگەیشتم کە خوای گەورە بەختەوەری ڕاستەقینەی لە فرمیسکی ناو سوجدەدا داناوە.

چەندین ساڵە لە جێی تر بەدوای ئاسوودەییدا گەڕاوم. کەچی لە ڕاستیدا گەورەترین ئاسوودەیی لە بەردەم خۆمدا وەستاوە.

شەیدا یەکسەر گرتمیە باوەش.. بە سۆز و میهرەبانییەوە هەڵیساندمەوە، بە دەستەسڕەکەشی فرمێسکەکانمی سڕی.

خوای گەورە چ دۆستانێکی چاکی بۆ من ناردبوو. کە مرۆڤە چاکەکانی ئەم دونیایەم دەبینی، ملیاران جار سەرزەنشتی خۆمم دەکرد. بەڵام خوای گەورە ئەم ڕۆژانەشی نیشاندام. ئیتر پوورە هاجەر دەستی لێ بەرنەدام... نزیکەی هەفتەیەك میوانیان بووم، بە دڵنیاییەوە بەمە نەدەوترا میوانی. ئەو مامەڵەیەی ئەو دەیکرد جیاوازی نەبوو لە مامەڵەی دایك لەگەڵ منداڵەکەیدا. دەتوت من کچی ئەوم و دوای دابڕان و دووری پێم گەیشتووەتەوە. گرنگییەکی زۆریان پێدام .

خوایەگیان ئەمانە چ چاکەیەك بوون لەگەڵم دەکران؟ ئەمە چ پاکییەك بوو؟

باش دەمزانی کە پوورە هاجەر و خێزانەکەی گەورەترین بەخششی خوا و گەورەترین یارمەتیدەرم بوون. خوای گەورە لەو هەموو بەڵاو ناخۆشییە بە موعجیزە منی ڕزگارکردو، سەرەڕای هەموو تاوانەکانم خستمیە بەردەستی پوورە هاجەر. ئەگەرنا دەمێك بوو لەناوچووبووم و، دونیاو دواڕۆژی خۆم دۆڕانبوو.

خوایە گیان! سوپاسی بێ پایان بۆ تۆ، بەتەواوی لە لێواری خۆکوشتندا منت گێڕایەوە. ئەگەر تا کۆتایی تەمەنم سوجدەی سوپاسگوزاری بۆ تۆ ببەم لەبەرامبەر ئەم بەخششەدا هێشتا کەمە...

دووبارە گەڕامەوە بۆ ژیان

لەماڵی پوورە هاجەر هەستم بە ئارامی و ئاسوودەییەکی بێسنوور کرد کە لێی تێر نەدەبووم. وام دەزانی لە دۆزەخ ڕزگارم بووە و بەبەهەشت شادبووم.

ئەو خانمە فریشتەئاسایە، بە گفتوگۆو، ئامۆژگاری و، دڵدانەوەکانی منی هێنایەوە سەر خۆم، بە هۆی ئەوەوە دوای چەندین ساڵ هەستم کرد منیش مرۆڤم و لە دونیادا دەژیم.

قسە ئەفسووناوییەکانی ئەو خانمەی کە کاتی خۆی هاتە ماڵمان و داوای پەرداخێك ئاوی لێ کردین ڕاست دەرچوو، چونکە پێی وتم: "خوا سەرەنجامتان بەخێر بگێڕێت".

ئەو ماڵەی کە تێیدا هاتمەوە سەرخۆم و ژیانم بۆ گەڕایەوە و دووبارە گەڕامەوە بۆلای خوا و تێیدا سوجدەم بۆ خوای گەورە برد هی بێگانەیەك بوو. نەیاندەتوانی هەتا هەتایە من لەو حاڵەدا بهێڵنەوە. چونکە ئەگەر منیان بهێشتایەتەوە نەیاندەتوانی ئەوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە. لەوانەیە بەهۆی منەوە تووشی کێشە ببونایە، و لەبەرامبەر دەورووبەریاند تووشی شەرمەزاری ببونایە. ئەمە مانای وابوو کە دەبوو ڕێیەك هەڵبژێرم، بەڵام بەرەو کوێ؟ من ئەو دەفتەرە کۆنەم داخستبوو. نەمدەتوانی بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ. کەسیش باوەڕی پێم نەدەکرد. ئەوانەی منیان دەناسی، ئەوانەی هەواڵی منیان بیستبوو کە دەیانبینیم تەبیعەتیان تێك دەچوو.

ئـای خوایـه گیـان! مـن دەبووایـه چـیم بکردایـه؟ دووبـاره بـەرەو بێچـارەیی هـەنگاوم دەنـا، ئـەم بـیره بـەردەوام مێشـکمی دەخـوارد و خۆشییەکانی لێ تێکدەدام. چونکە چەندە خۆیشیان تێکنەدەن و وا بکەن کە هەستی پێنەکەم بەڵام هەم پوورە هاجـەر و هـەم شـەیدا لـە حـاڵی مـن ئاگـادار بـوون، لەسـەروو ئەوەشـەوە منیـان گرتبـووە خۆیـان و باوەشـی میهرەبانییان بۆ کردبوومەوە.

نەمدەویست بەهۆی منەوە تووشی قسەوقسەڵۆك ببن.

لەو ماڵەدا بێگانە بووم

کاتی ئەوە بوو کە لەگەڵ پوورە هاجەر قسەبکەم. ئەو بەیانییـە دوای ئەوەی پێکەوە نانی بەیانیمان خوارد وتم:

– پـوورە هاجـەر، تـۆ بوویـت بـە دایکێکـی ڕاسـتەقینە بـۆم. ئەوەنـدە چاکەت بەسەرمەوەیە ناتوانم باسی بکەم. لێرە وادەزانم لە بەهەشتم. منت بۆ ژیان گێڕایـەوە، دووبـارە گیانـت هێنایـەوە بـە بەرمـدا. بویتـە هۆکـاری گەڕانەوەم ، تامی بەندایەتی خوات پێ چەشتم...

بـەو نوێژانـەی بـە ملکەچـییەکی زۆرەوە دەیانکـەم لـەزەتێکم چەشتووە کە پێشتر هەستم پێ نەکردووە. زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە شـەو تا بەیانی لـە خـوا دەپاڕێمـەوە و داوای لێخۆشبوونی لـێ دەکـەم. هـەموو ئەمانە لە سایەی تـۆوە بـوو. خـوا بـۆ هەتاهەتایـە لێـت ڕازی بێـت. بـەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە من لەم ماڵەدا بێگانەم. مافی ئەوەم نییە ئـیتر ئەوەندە ببم بە بار بەسەرتانەوە. نامـەوێت بـەهۆی منـەوە ناڕەحـەت بـن. بۆیە ئەگەر دەکرێت ئیزنم بدەن.

زۆر بە ئاگاییەوە گوێی لێگرتبووم. لەپڕ هەستایە سەرپێ و، چاوی پڕبوو لە ئاو:

– تۆ چی دەڵێیت کچم. تۆ دەتەوێت خۆشەویسترین و شیرینترین منداڵم لەباوەش دەربێنیت؟ جێگای تۆ لە دڵی منداڵیە...

من تەنها پوورە هاجەری تۆ نیم و بەس، بەڵکو هاوڕێی ڕۆژی دوایی دایکیشتم. تۆ یادگاری ئەویت لای من. وەك کچی ڕاستەقینەی خۆم وایت. ئەگەر لێرە بڕۆیت بێتۆ بەرگە ناگرم. ئەگەر کاری وا بکەیت گەورەترین خراپە لەگەڵ من دەکەیت لە دونیادا.

لەناخی دڵمەوە سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەوەی تا مردن وەك دایك و کچ دەمێنینەوە لەم ماڵەدا. کەچی تۆیش داوای ئیزنم لێ دەکەیت. بۆ خاتری خوا چۆن دەتوانی ئەمە بکەیت؟! ئەگەر ڕێزو قەدرم هەیە لات ئەو بیرۆکەیە لە مێشکتدا مەهێڵە.

کێ دەتوانێت لەوە زیاتر بەرگەی ئەو خۆشەویستییە قووڵە و ئەو سۆزە بێئەندازەیە بگرێت؟

وەك دایك و کچ باوەشمان کرد بە یەکدا... دووبارە فرمێسکەکانمان تێکەڵی یەکتر بوو، لە ناخەوە هەستم بەو خۆشەویستییە قووڵەی پوورە هاجەر دەکرد. ئەو هەست و سۆزە بەرفراوان و پاك و بێگەردەی سەرسامی کردبووم.

ئیتر کچی ئەو ماڵە بووم

لەو ماڵەدا مامەوە... پوورە هاجەرم بە دایکی خۆم و ماڵەکەیشی بە ماڵی خۆم دانا.

لەلایەك شەیدا و پوورە هاجەر، لە لایەکی ترەوە ئەو خانمە شیرین زوبانەی هەفتەی جارێك دەهاتن بۆ ماڵە نوێیەکەم، ئاسۆیان بۆ دەکردمەوە و دڵیان خاوێن دەکردم و باوەڕمیان زیاد دەکرد. دەتوت ئەو ماڵە ماڵێکی ئاسایی نییە بەڵکو قوتابخانەیەکە و لەو قوتابخانەیە پەروەردە دەکرێین.

شەش مانگ تێپەڕیبوو بەسەر گەڕانەوەمدا بۆلای پوورە هاجەر. سوپاسی بێپایان بۆ خوا لەو شەش مانگەدا زۆر شت گۆڕابوو. بەتەواوی هاتبوومەوە سەر خۆم. ئەو بیرۆکەو گومانە هەڵانەم ڕەویبوونەوەو مێشکم و ناڕەحەتیەکانی دڵم یەك یەك وەك سەهۆڵ توابوونەوە. بەتەواوی چووبوومە بەردەم بارەگای پەروەردگار و بە بەخشندەیی و میهری ئومێدم بۆ گەڕایەوە.

لەسەروو هەموو ئەو ڕووداوە سەرنجڕاکێشانەوە نالێم کە ڕۆژەکانی ڕابردووم خەویان لێ نەدەزڕاندم، بەڵام ترس و ماتی بێتاقەتییەکانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆتاییان پێدەهات.

بەشی حەوتەم

ڕووداوێك ڕووی دا لە منداڵیمەوە بە خەیاڵی ئەوەوە دەژیام. لەکاتێکیشدا کە هیچ ئومێدێکم نەبوو... دەچوومە پرۆسەی هاوسەرێتییەوە، زۆر بەبێدەنگی و بێ ترپە و بێ سەدا... یەکەمجارم بوو نهێنی بەختەوەریم دۆزیبوەوە. خوایەگیان! تا کۆتایی با ئەمە بەردەوام بێت...

لەکاتێکی چاوەڕواننەکراودا،
ڕووداوێکی باوەڕپێنەکراو ڕوویدا

ئەمە چاوەڕوان نەکراوبوو

زەماوەندی شەیدا نزیکبووبوویەوە، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە قاتی سەرەوەی ماڵەکەی پوورە هاجەرەوە بوو، ئێمەش بەشداربووین لە ئامادەکردنی ماڵەکەدا بۆ ئاهەنگەکە، شەیدا بەهۆی ئەوەی لەگەڵ باوکیدا دەمایەوە، هەموو ئێوارەیەك یان ئەو دەهاتە خوارەوە، یان ئێمە دەچووینە سەرەوە، بەم شێوەیە بووبووینە پشت و پەنا بۆ یەکتری.

ئەو شەوە من و پوورە هاجەر دەعوەتی شەیدا بووین:

- ئەم شەو خواردنێکی تایبەتتان بۆ ئامادە دەکەم، باوکیشم لەماڵ نییە. بەیەکەوە دادەنیشین نانێك دەخۆین.

نانەکەمان خوارد و، خەریکی چا خواردنەوە بووین. سەیرم کرد پوورە هاجەر و شەیدا ئاماژە بۆ یەکتر دەکەن. وا تێگەیشتم شتێك هەیە یان دەیانەوێت لە منی بشارنەوە یان زۆر گرنگە و دەیانەوێت پێم بڵێن.

بۆیە دەڵێم گرنگ چونکە شتیان لە من نەدەشاردەوە. ئەگەر شتێك هەبێت و لەمنیان شاردبێتەوە دەبێت شتێکی زۆر گرنگ بووبێت.

یەکـەمجار زۆر ترسـام لـەوەی دەربـارەی ڕابـردووی مـن هـەواڵێکی تازەیـان پـێ گەیشـتبێت، بـەڵام کـە سـەیری دەم و چـاویانم دەکـرد نیشانەیەکی وام بەدی نەکرد.

ئەم دۆخە زۆری نەخایاند. پوورە هاجەر کە لە بەرامبەرمدا دانیشتبوو بە دەنێگی هێواش کەمێك بە شەرمەوە وتی:

– کچم سێڤدا! من و شـەیدا بیرمـان لـە بابـەتێکی گـرنگ کردووەتـەوە سەبارەت بە تۆ. وتمان با لە تۆ بپرسین، ڕایەکت وەربگرین. نازانم دەڵێیت چی؟

زۆر مەراقم بوو بزانم چییە، بۆیە بە کەمێك تـرس و وریاییـەوە وەڵامـم دانەوە:

– خێر دەبێت ئینشائەڵڵا.

دووبارە پوورە هاجـەر لـە ترسـی ئـەوەی دڵـم نەشـکێنێت نەیـدەزانی چۆن باسەکە بکاتەوە، بۆیە وتم:

– پوورە هاجەر، با بزانم چییە. یەکێکتان بیڵێن توخوا!

– ڕۆڵەکـەم! تـۆ گـەنجیت، جوانیـت، هێشـتا لـە سـەرەتای ژیانتـدایت. شایەنی ڕۆژانی خۆش و جێگای بەرز و باشی.

زۆر دڵتەنگین کە تۆمان لێرە بەند کـردووە. لەبەرئـەوە لەگـەڵ شـەیدا بیرمان کردەوە و بڕیارماندا و کەسێکی چاکمان بۆ دۆزیتەوە.

یەکەمجار زۆر بە وردی تێنەگەیشتم لێیان:

– دەتانەوێت خواحافیزیم لێ بکەن. وانییە؟

پوورە هاجەر و شەیدا کە لامەوە دانیشتبوون خێرا بە دڵەساف و گەوهەر ئاساکەیانەوە سەغڵەت بوون:

- نەخێر! بە هیچ شێوەیەك مەبەستمان ئەوە نییە! تۆ جێگات لە سەر سەری ئێمەیە. نییەتی ئێمە ئەوە نەبوو. ویستمان بەختەوەرتر و خۆشتر بژیت. ویستمان ماڵێکی پڕ بەختەوەری خۆتت هەبێت.

تێگەیشتم...

پوورە هاجەر بەردەوام بوو:

- داواکارێکیشمان دۆزیەوە.

زۆر سەرسام بووم بەمە:

- چی؟!! داواکارتان بۆ دۆزیمەوە؟!

- بەڵێ کچەکەم!

وەك ئەوەی لە ناخمەوە هات وتم:

- پوورە هاجەر، ئەوەی داواکاری منە یان من ناناسێت یان عەقڵی نیوە ناتەواوە.

- نەخێر کچم هیچیان نییە. هەم تۆ زۆر باش دەناسێت و هەم پیاوێکی تا بڵێی باشە. تاکە عەیبی ئەوەیە کەمێك تەمەنی لە تۆ گەورەترە.

نەمدەزانی چی بڵێم. پێم وانەبوو ئامادەی هاوسەرێتی بم. لەدوای ئەو ژیانە پڕ لە خراپەیە باوەڕم نەدەکرد بە کەڵکی هاوسەرێتی بێم. بۆ من زۆر قورس بوو.

دووەمیش دەترسام لەوەی هەموو جارێك ژیانی خۆم بداتەوە بە ڕوومدا.

بەڵام هەر پرسیم:

- ئەم داواکارە کێیە ؟

پوورە هاجەر و شەیدا بە خەندەیەکەوە سەیریان کردم، بەڵام پوورە هاجەر وەڵامیدایەوە:

- باوکی شەیدا، واتە یوسفی کوڕم.

ئای خوایەگیان!

لە شەرمدا سوورهەڵگەڕام. چۆن دەبوو ئەمە ببێت؟ کەسێکی ڕۆشنبیر و بەختەوەری وا کە من باش بناسێت و حاڵم بزانێت چۆن هەوڵی شتی وا دەدات؟ تۆ بڵێی لەبەر ئەوە وا بکات کە زۆر بەزەیی پێمدا بێتەوە؟!

کەوتبوومە ناو گێژاوێکی گەورەوە. نەمدەتوانی بەم خێزانە بڵێم (نەخێر!) وتنی نەخێر گەمژەیی بوو بەڵام نەشمدەتوانی بڵێم بەڵێ. چونکە دەترسام لەژێر چاکەی ئەم مرۆڤانەدا دەرنەچم.

شەیدا بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پرسی:

- چی دەڵێیت سێڤدا؟

سوور هەڵگەڕابووم، سەرم دانەواند. دڵم زۆر بە خێرایی لێی دەدا، بەڵام ناچار بووم شتێك بڵێم.

- بوون بە بووکی ئێوە بۆ من شەرەفێکی زۆر گەورەیە، بەڵام دەبێت بزانن کە من کەسێکی چۆنم. ئەگەر من دەناسن چۆن بەم حاڵەمەوە قبوڵم دەکەن؟ چۆن پێم ڕازی دەبن؟ ئەگەر ئێستاش گوێی نەدەنێ، سبەی و دوو سبەی هەر تێکدەچێت. ئەمە وا بەڕێوەناچێت.

- مەترسە ڕۆڵەگیان، ئێمە باسی هەموو شتێکمان کردووە. هەموومان بە تۆ ڕازین و خۆشمان دەوێیت و دەمانەوێت وەك بووکێك لەم ماڵەدا بمێنیتەوە.

- جا با ئێوە منتان بوێت و ڕازیش بن. بەڵام من چۆن دەتوانم ڕابردووی خۆم لەگەڵ کەسانێکی پاکی وەك ئێوەدا بەش بکەم. چۆن دەتوانم بەم تاوانانەوە ببمە بووکی ئێوە. چۆن دەتوانم بەرامبەر کاك یوسف ڕۆڵی بێ تاوان ببینم.

پوورە هاجەر دووبارە بە سۆز و بەزەییەکی دایکانەوە لە باوەشی گرتم و ماچی کردم:

- ئای ڕۆڵە بەدبەختەکەم! خۆ تۆ بە ویستی خۆت نەچوویتە ناو ئەو تاوانانەوە، بەڵام بە ویستی خۆت هەوڵی ڕزگاربوونت دا. بۆ تەوبەکردن لەو تاوانانە چەندین شەو تا بەیانی فرمێسکت ڕشت. ئێمە دەزانین تۆ بەهۆی دڵپاکی و نیەت پاکی و ساویلکەییتەوە فریودرایت و کەوتیتە ناو ئەو تەڵەیەوە.

تاوانەکان هەرچی بن و هەرچەند بن، سۆز و بەزەیی خوا دەیانسڕێتەوە. ئەو زاتە هیچ کەسێکی تۆبەکار و گەڕاوە لە بەردەم بارەگاکەی وەدەرنانێت. تەنیا ئەوەندە گرنگە کە دووبارە نەکەوێتەوە ناو ئەو تاوانانە. خۆ تۆش هەر بۆ ئەوە هەوڵ دەدەیت.

یەکەم هەنگاوم بەرەو دونیای پڕ ئاسوودەیی

بە ڕاستی خوای گەورە ڕێزی لێنام و دەرووی خێری لێکردمەوە، ئەمە شتێکی باوەڕپێنەکراو بوو. نەمدەتوانی خەیاڵی ئەوەش بکەم کە ئەو خێزانە من قبوڵ بکەن. بەڵام ئەگەر خوا بیەوێت هەموو شتێك لە جێی خۆیدا دەبێت و دەکەوێتە سەر ڕێ.

ئێوە سەیری کاری خوا بکەن. پوورە هاجەرێك کە هەر لە منداڵیمەوە وەك دایك وابووە بۆم، دەبووە خەسووم و منیش دەبوومە بووکی ئەو.

کاك یوسفیش بەتەواوەتی پیاوێکی پیاوانە بوو.

پاك و ڕاست و ڕێك و پێك...

دڵ و دەروون و قسەی زوبانی وەك یەك...

ژیانی لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوادا تەرخانکردبوو.

ئەو هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی باوەڕ و قورئان تەرخان کردبوو... هەموو دەرد و خەمێکی ئەو، خوێندکارە کەمدەست و گەنجە بێکەسەکان و کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بوو.

زۆر باشتر لەوەی چاوەڕێم دەکرد پێشوازی لێکردم. لەگەڵ خۆشەویستی و یارمەتی ئەودا توانیمان خێزانێکی بەختەوەر پێکبهێنین.

ماڵەکەمان بووە قوتابخانەیەك

ماڵەکەمان دەڵێی قوتابخانەیە. نوێژەکانمان بە جەماعەت دەکەین. دوای نوێژەکان بەیەکەوە تەسبیحات دەکەین، هەروەها هەموو جارێك دوای نوێژەکان تەفسیری قورئان دەخوێنین. واتە لە سایەی کاك یوسفەوە ماڵەکەمان بووە قوتابخانەیەك.

ئێستا لەگەڵ کاك یوسف تەنیا نیکاحێك لەنێواندا هەیە. چونکە ئەو تەنیا بۆ ئەوە منی قبوڵ کرد کە لە قسەی دەوروبەر بمپارێزێت ئەگەرنا نییەتێکی تری نەبوو. بەڵام پوورە هاجەر و شەیدا ئەمە نازانن. ئەسڵی ئەم مەسەلەیەش هیچ کەس نابێت بیزانێت. ئەو ئاسوودەییەی لە ماڵەکەدا هەبوو بایی هەموو شتێکە.

لە دوای هەموو ئەوانە بۆم دەرکەوت کە بەختەوەری ڕاستەقینە و چێژ و دڵخۆشی هەمیشەیی لە سایەی باوەڕ و قورئانەوە دەستدەکەوێت. ئەو ئاسوودەییەی کە بەندایەتی خودا دەیبەخشێت لە هیچ شتێکی تردا نییە. هیچ شتێك نییە هێندەی کڕنووش بردن و فرمێسك ڕشتن لە بەردەم ئەو زاتە ڕۆح پاك و خاوێن بکاتەوە و ئاسوودەی بکات. خوای گەورە لە ڕێی ڕاست لامان نەدات.

دایکم لە خەودا بینی

دوای شووکردنم دایکم لە خەودا بینی. پێم وت:

- چۆنی دایەگیان؟

- زۆر باشم کچە شیرینەکەم. من و کاکت زۆر باشین ، بەڵام هیچ هەواڵێکمان لە باوکت نییە.

ترسی خۆمم خستەڕوو و لە دایکم پرسی:

- دایە! لەوێ چی لە تاوانباران دەکەن؟

دایکم وەك ئەوەی زۆر باش بزانێت چیم دەوێت وەڵامی دامەوە:

- مەترسە کچم. هیچ بەندەیەك بێ تاوان نییە. خوای گەورە ڕەحم دەکات بەو کەسانەی تۆبە دەکەن و تاوانەکانیان دووبارە ناکەنەوە. سۆز

و بەزەیی ئەو زاتە هەموو شتێکی گرتووەتەوە. لە ڕەحمەتی خوا بێئومێد مەبە. بەردەوام بە لەسەر بەندایەتی و تۆبەی خۆت. زۆر بیرت دەکەین. لێرە جێمان بۆ تۆ داناوە چاوەڕێت دەکەین.

بە ئاگا هاتمەوە... بەڵێ... دەبێت خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەو مردنەی هەموو کاتێك ئەگەری ئەوەی هەیە ڕێم پێ بگرێت. ئەگەر بەبێ ئامادەیی ڕێمان پێ بگرێت، زۆر پەشیمان دەبینەوە. ئەوە گەڕانەوە و قەرەبووی نییە!

خوای گەورە هەموومان لەو بەندانە بگێڕێت کە پێش مردن خۆیان بۆ ئامادەکردووە! بمانکاتە بەندەیەکی شایستەی خۆی!!

خوایەگیان! ڕەحم بە گەنجەکان بکەیت نەبنە قوربانیی و دووچاری ئەو هەڵانە نەبن کە من تووشی بووم! عەقڵ و هەستییان پێ ببەخشە تاوەکو خۆیان نەخەنە ئاگرەوە.! هاو وێنەی کەسانی چاکەخوازی وەك پوورە هاجەرو کاك یوسف زیاد بکە!... ئامین...

پێڕست

پێشەکی نووسەر..... ٥

تەلەفونێکی پڕ نهینی..... ٧

بەشی یەکەم..... ١١

کە چاوم کردەوە یەکەم شتێك بینیم گریانی دایکم بوو..... ١٣

بەشی دووەم..... ٢٧

دایك و کچ بە تەنیا مابووینەوە، تاکە دۆستمان پوورە هاجەر بوو..... ٢٩

بەشی سێیەم..... ٤١

لەپێناو خەیاڵەکانی هەرزەییمدا هیچ نەمایەوە نەیکەمە قوربانی..... ٤٣

بەشی چوارەم..... ٦٧

ئیتر وەك جەستەیەکی بێ گیان وابووم..... ٦٩

بەشی پێنجەم..... ٨٣

ئەو ڕۆژەی ژیانمی گۆڕی..... ٨٥

بەشی شەشەم..... ١٥٧

سەرم بردە سوجدە، و دەستم کرد بە گریان..... ١٥٩

بەشی حەوتەم..... ١٦٧

لەکاتێکی چاوەڕواننەکراودا، ڕووداوێکی باوەڕپێنەکراو ڕوویدا..... ١٦٩

پێڕست..... ١٧٧

SEVDA

Bir gençlik dramı

HALİT ERTUĞRUL

سێڤدا، باس لەژیانی کچێکی لاو دەکات کە بەدوای خەیاڵە ئەرخەوانیەکانی گەنجیدا وێڵە و سەر لەکۆڵانە تاریك و بن بەستەکان دەردەکات. زنجیرەی ڕووداوەکان هێندە سەرسوڕهێنەر و کاریگەرن کە مرۆڤ لەخۆی دەپرسێت "ئاخر تا ئەو ڕادەیەش؟!"

سێڤدا، ئاوێنەی ژیانە لەناو دنیای سەرنجڕاکێش و پڕ ئەندێشەی گەنجانی ئەم سەردەمەدا.

لەلاپەڕەکانیدا هەموو لاوێك چەند دیمەنێك لەژیانی خۆی بەدی دەکات.

هەر بەسەرهاتێك کە لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە، ڕووداوێکی پەندئامێزتان نیشان دەدات و یارمەتیتان دەدات بەخۆتاندا بچنەوە. لەهەمووشی گرنگتر، واتان لێدێت بە پەرۆشیەوە ساتێك خێراتر پێشنیاری ئەم کتێبە بکەن بۆ دۆستان و هاوڕێیانتان.

بۆ ئەو دڵانەی بەرگەدەگرن...

ISBN 0-0133-0000-8

9 780013 300007

نرخی (٣٠٠٠) دیناره

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ARA Media Center

ara.m@hotmail.com

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی

بۆ هەموو جۆرە کتێبێك

فەیسبووك:

www.facebook.com/kurdishbookdownload